حکومەتی هەرێمی کوردستان –عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان

# پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە

ئەم نامەیە
پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی کراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردە / باخچەی منداڵان / ڕێگاکانی وانەوتنەوەی باخچەی منداڵان

لە لایەن
شاڵاو عبداللە ابراهیم

بەسەرپەرشتی
پ.د. نظام عبدالجبار حسین

1443 کۆچی    2022زاینی    2722 کوردی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

[ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ]

صدق الله العظيم

(سورة المائدة - الآية ٤٨)

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە ناونیشانی **(پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە)** کە فێرخوازی خوێندنی باڵا / ماستەر (شاڵاو عبداللە ابراهیم صاڵح) ئامادەو پێشکەشیکردووە، لە زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی باخچەی منداڵان، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەبواری پەروەردە/ باخچەی منداڵان/ ڕێگاکانی وانەوتنەوەی باخچەی منداڵان لە لایەن منەوە سەرپەرشتی و چاودێری کراوە.

واژۆ

سەرپەرشتیار

پ. د. نظام عبدالجبار حسین

بەروار: / /٢٠٢٢

بە پێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ

پ. د. صابر بکر مصطفی

سەرۆک بەشی باخچەی منداڵان

بەروار: / /٢٠٢٢

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **(پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە)** ئەرکی پێداچونەوەو وردبینیکردنی زانستی بە من سپێردرا، دوای سەرەنجدان دەرکەوت، بە جۆرێکە هەڵە و گوزراشتی زمانەوانی و زانستی نادروستی تێدا نییە، لەبەر ئەوە واژۆم کرد.

هەڵسەنگێنەری زانستی

واژۆ :

ناو:

بەروار:   /   /٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتووگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی **(پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە)** لەگەڵ خوێندکاری ماستەر(شاڵاو عبدالله ابراهیم صاڵح) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکە کردو بڕیارماندا کە شایستەیە بە پلەی (        ) بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردە/ ڕێگاکانی وانەوتنەوە/ ڕێگاکانی وانەوتنەوی باخچەی منداڵان پێبدرێت، لەو پێناوە واژۆمان کرد.

واژۆ
ناو
ئەندام
بەروار / /٢٠٢٢

واژۆ
ناو
ئەندام
بەروار / /٢٠٢٢

واژۆ
ناو
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار / /٢٠٢٢

واژۆ
ناو
سەرۆک لیژنە
بەروار / /٢٠٢٢

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە (           ) لە بەرواری ( / / ) پەسەندکرا .

واژۆ
ناو پ.د.علی قادر عثمان
ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەروار / /٢٠٢٢

# پێشکەشە بە :

## دایک و باوک و خوشک و براکانم.

هەموو ئەو کەسانەی کە گرنگی دەدەن بە پەروەردەیەکی دروست لە پیناو تاکێکی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی.

**توێژەر**

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێ کۆتا بۆ خودای گەورە کە دەرفەتی خوێندنی پێبەخشیم و لە هەموو قۆناغێکی ژیان پشتیوان و هاوکارم بووە.

سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری خاوەن ڕیز (پ. د. نظام عبدالجبار حسين) بە سەرنج و پێشنیارەکانی نامەکەی بەپێزترو دەوڵەمەندتر کرد

سوپاس بۆ ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بەڕیز (پ. د. علی قادر عثمان) هاوکارمان بووە.

سوپاس بۆ بەڕیز یاریدەدەری ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی خاوەن ڕێز (پ. ی. د. حسن فخرالدين خالد) کە هاوکار بووە.

سوپاسی بێ پایانم بۆ سەرۆک بەشی باخچەی منداڵان ڕێزدار(پ. د. صابر بکر مصطفی) دڵسۆزانە پاڵپشتی سەرخستنی پرۆسەی خوێندنمان بووە.
سوپاس بۆ بەڕێزان (د. کەریم احمد عەزیز، د. سەلوە احمد، د. علی عبدالرحمن، د. پۆلا عبدالصمد ، د. کەریم شەریف، د. زانا عوسمان، د. سامان حسێن، توانا ڕەشید، ڕزگار حمەلاو خاڵد، سۆران حمە امین، سەرکەوت جمال، تۆڵە ئومێد، سنور ابراهیم) کە هاوکار بوون.
سوپاس بۆ سەرجەم پسپۆڕو شارەزایانەی کە بەشداریان کردووە بە وەڵامدانەوەی ڕاپرسی و پلان و بەرنامەو پێشنیارو ڕاو بۆچونەکانیان لە پێناو سەرخستنی نوسینی توێژینەوەکە.
سوپاس بۆ سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەرو مامۆستایانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە وەڵامدانەوەی ڕاپرسی و پێشنیارو ڕاوبۆچونەکانیان.

**توێژەر**

## پێرستی ناوەڕۆک


| ژمارەی لاپەڕە | ناوەڕۆک |
|---|---|
| أ | ناونیشانی توێژینەوە |
| ب | ئایەت |
| ت | بڕیاری سەرپەرشتیاران |
| ث | بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی |
| ج | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن |
| ح | پێشکەشە |
| خ | سوپاس و پێزانین |
| د-س | پێڕستی ناوەڕۆک |
| ش-ص | پێڕستی خشتەکان |
| ص-ض | پێڕستی پاشکۆکان |
| ط | پێڕستی هێڵکارییەکان |
| ظ-غ | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی |
| 16-1 | بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە |
| 2 | ١-١ :پێشەکی |
| 3 | ١-٢ :کێشەی توێژینەوەکە |
| 4 | ١-٣ :گرنگی توێژینەوەکە |
| 8 | ١-٤ :ئامانجی توێژینەوەکە |
| 9 | ١-٥ :سنووری توێژینەوەکە |
| 9 | ١-٦ :ناساندنی زاراوەکان |

| | |
|---|---|
| ١-٦-١: پرۆگرام | 10 |
| ١-٦-٢: فێرکاری | 10 |
| ١-٦-٣: زاراوەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی | 11 |
| ١-٦-٥: باخچەی منداڵان و منداڵانی باخچە | 13 |
| ١-٦-٥-١: باخچەی منداڵان | 14 |
| ١-٦-٥-٢: منداڵانی باخچە | 15 |
| بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشوو | ٧٦-17 |
| تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی: | 18 |
| یەکەم/ پرۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو | 18 |
| یەکەم: پرۆگرام | 18 |
| ١: جۆرەکانی پرۆگرامی پەروەردەیی | 18 |
| ١-١: لەڕووی ئامانجەوە | 18 |
| ١-٢: لەڕووی بووارەکانەوە | 19 |
| ١-٣: لەڕووی ڕەهەندەوە | 19 |
| ١-٤: لەڕووی سەرچاوەی بڕیارەوە | 20 |
| ٢: بناغە و بنەمای بنیاتنانی پرۆگرامی پەروەردەیی | 20 |
| ٢-١: بنەمای فەلسەفی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی | 21 |
| ٢-٢: بنەمای هەستپێکراوەیی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی | 2٤ |
| ٢-٣: بنەمای دەروونی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی | 2٥ |
| ٢-٤: بنەمای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی | 2٦ |
| ٣: پێکهاتەی پرۆگرامی پەروەردەیی و باخچەی منداڵان | 26 |
| ٣-١: ئامانجی پەروەردەیی | 2٧ |
| ٣-٢: ناوەڕۆکی پرۆگرام | ٣٠ |
| ٣-٣: ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە باخچەی منداڵان پراکتیزەکردنی فێربوون | 3٣ |
| ٣-٤: پێوانەکردن | 33 |
| ٤: مێژووی پرۆگرامی پەروەردەی و پرۆگرامی خوێندن لە باخچەی منداڵاندا | 35 |
| ٥: پرۆگرام لە باخچەی منداڵان | 37 |
| ٦: ئامانجی پرۆگرامی پەروەردەیی لە باخچەی منداڵان | 38 |
| 6-1: ئامانجی پرۆگرامی پەروەردەیی بە شێوازێکی گشتی | 38 |
| 6-2: ئامانجی پرۆگرامی پەروەردەیی باخچەی منداڵان | 3٩ |
| 7: پێکهاتەی پرۆگرامی باخچەی منداڵان | ٤٠ |
| 8: مۆدێلی بنیادنانی پرۆگرام | 4٣ |
| 8-1: پێناسەی مۆدێلی دیزاینی پرۆگرامی فێرکاری | 4٣ |
| 8-2: سوودەکانی مۆدێلی دیزاینی پرۆگرام | 4٣ |
| 8-3: تایبەتمەندییەکانی نموونەی بنیادنان یان پەرەپێدانی پرۆگرامی فێرکاری | 4٤ |
| 8-4: جۆرەکانی پرۆگرامی فێرکردن | 4٤ |
| 8-5: مۆدێلی وەرگیراو بۆ دیزاینی پرۆسەی خوێندن لە پرۆگرامی | 4٥ |

| | |
|---|---|
| | فێرکاری پێشنیارکراو |
| 4٥ | 8-٥-١: پێناسەی دیزاینی پرۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو |
| 4٥ | 8-٥-٢: ئامانجەکانی دیزاینی پرۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو |
| 4٦ | 8-٥-٣: مۆدێلی دیزاینی پرۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو |
| 4٦ | 8-٥-3-1: مۆدێل دیزایینی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) |
| 4٨ | 8-٥-٣-٢: وەسفێکی سادەی مۆدێلی دیزاینی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ)بە ئاڕاستەی کاتژمێر دەجوڵێتەوە |
| 4٩ | 8-٥-٣-٣: پێکهاتەکانی مۆدێلی دیزاینی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) |
| ٥٠ | 8-٥-٣-٤:تایبەتمەندیەکانی مۆدێلی دیزاینی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) |
| 5١ | دووەم/ لێهاتوویی کۆمەڵایەتی |
| 5١ | 2-1: پێکهاتەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی: |
| 5٣ | 2-1-1: دابەشکردنی پێکهاتەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینی (ریجیۆ-Riggio-١٩٨٩) |
| 5٤ | 2-1-2: دابەشکردنی پێکهاتەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینی (أرجیل- -Argyle 1996) |
| 5٥ | 2-1-3: دابەشکردنی پێکهاتەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینی (أشر- Asher-1999) |
| 5٦ | 2-2: تایبەتمەندییەکانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی |
| 5٦ | 2-3: گرنگی لێهاتووی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی باخچە |
| 5٨ | 2-4: توخمەکانی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی |
| 5٩ | 2-5: تایبەتمەندییەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی باخچە |
| ٦١ | 2-6: باخچەی منداڵان |
| 6١ | 1: مێژووی باخچەی منداڵان |
| 6٤ | 2: گرنگی باخچەی منداڵان |
| 6٦ | 3: ئامانجی باخچەی منداڵان |
| 6٧ | ١ : ئامانجە گشتییەکانی باخچەی منداڵان |
| 6٧ | 2 : ئامانجە تایبەتییەکانی باخچەی منداڵان |
| 6٨ | 4: ئەرکی باخچەی منداڵان |
| 6٩ | تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو: |
| 6٩ | 2-2-1: لیستی توێژینەوەکانی پێشوو |
| ٧٠ | 2-2-2: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو |
| 7٣ | 2-2-3: شیکاری بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو |
| 7٦ | 2-2-4: ئاستی سوودبینین لەتوێژینەوەکانی پێشوو |
| 11٧-7٨ | بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە |
| 7٩ | ٣-١: میتۆدی توێژینەوەکە |
| 7٩ | ٣-٢ :کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| ٨٠ | ٣-٣ :نموونەی توێژینەوەکە |
| ٨٢ | ٣-٤ :ئامرازەکانی توێژینەوە |
| ٨٢ | ٣-٤-١ :فۆڕمی ڕاپرسی: |

| | |
|---|---|
| ١: دروست كردنی فۆڕمێكی ڕاوەرگرتنی سەرتایی | 8٣ |
| أ: نموونەی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی | 8٣ |
| ب: ئامادەكردنی فۆڕمی ڕاپرسی | 8٤ |
| ج: ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی | 8٦ |
| ٢: جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی | 8٨ |
| ٣: جێبەجێكردنی فۆڕمی ڕاپرسی | 8٩ |
| ٢ :پرۆگرامی پێشنیاركراو: | ٩٠ |
| ١: ڕێكارییەكانی دانانی پرۆگرامی خوێندنی پێشنیاركراو | ٩٠ |
| ٢: هەنگاوەكان جێبەجێكران | ٩٣ |
| أ: ئامانجی پرۆگرامەكە | ٩٣ |
| ب: چوارچێوەی تیۆری پرۆگرامەكە | ٩٣ |
| ج: پێكهاتەی پرۆگرامەكە | ٩٣ |
| ١: ئامانجە گشتییەكان | ٩٣ |
| ٢: ئامانجە فێركاریی ڕەفتاری | 9٦ |
| ٣: تایبەتمەندییەكان | 9٨ |
| ٤: شیكردنەوەی ناوەڕۆك | 9٨ |
| ١: ڕێكخستنی ناوەڕۆكی فێركاری بابەتەكانی پرۆگرامەكە | 9٩ |
| ٢: یەكەكان | ١٠٤ |
| ٣: چەمك و زاراوەكان | ١٠٤ |
| ٤: ڕاستی بیرۆكەكان | ١٠٤ |
| ٥: گشتاندن و بەستنەوە | ١٠٤ |
| ٦: چالاكی و ڕاهێنان | ١٠٥ |
| ٧: وێنەكان فۆتۆكان | 10٥ |
| ٨: لێهاتووییەكان | 10٥ |
| ٥: چالاكییەكانی فێركردن (ڕێگاكانی وانەوتنەوە) | 10٥ |
| ٦: سەرچاوەكانی فێربوون ( هۆكارەكانی فێركردن ) | 10٧ |
| ٧: ئامڕازی یارمەتیدەر ( ئامڕازەكانی فێركردن) | 10٨ |
| ٨: دیاریكردنی چالاكی بابەتەكانی پرۆگرامەكە | 11٠ |
| ٩: دیاریكردنی شێوازەكانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەكانی پرۆگرامەكە | 11١ |
| ١٠: دیزاینكردنی بابەتەكانی پرۆگرامەكە بە شێوەی سەرەتایی | 11٢ |
| ١١: دیزانكردنی بابەتەكانی پرۆگرامەكە بە شێوەی كۆتایی | 11٣ |
| ٣-٥ : پرۆگرامی پێشنیاركراو | 11٥ |
| ٣-٦ :ئامرازە ئامارییەكانی توێژینەوەكە: | 11٦ |
| بەشی چوارەم:خستنەڕووی ئەنجامەكانی توێژینەوە | ١١٨-١٤٢ |
| 1-4 : ئەنجامەكانی توێژینەوەكە | 11٩ |
| ٤-٢: ڕاسپاردەكان | 1٤١ |
| ٤-٣: پێشنیازەكان | 1٤٢ |
| لیستی سەرچاوەكان | 1٥٧-1٤٣ |
| یەكەم. سەرچاوەكان بە زمانی كوردی: | 1٤٤ |

| | |
|---|---|
| دووەم. سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی: | 14٨ |
| سێیەم. سەرچاوەكان بە زمانی فارسی: | 1٥٦ |
| چوارەم. سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی: | 15٧ |
| پێنجەم. سەرچاوەكان بە زمانی فەڕەنسی: | 15٧ |
| پاشكۆكان | 15٨-٢٢٣ |
| پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی | أ-ب |
| پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی | A-C |


## پێرستی خشتەكان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| (١) | گۆڕانی گەشەی لێهاتوویی كۆمەڵایەتی لە لای منداڵانی باخچە | ٦١ |
| (٢) | لیستی توێژینەوەكانی پێشوو | 6٩ |
| (٣) | خستنەڕووی توێژینەوەكانی پێشوو | ٧٠ |
| (٤) | كۆمەڵگەی توێژینەوە | ٨٠ |
| (٥) | ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز | ٨١ |
| (٦) | ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا | ٨١ |
| (٧) | ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی باخچەی حكومی و ناحكومی | ٨١ |
| (٨) | ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حكومی و ناحكومی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا | 8٤ |
| (٩) | بوارەكانی فۆرمی ڕاپرسی لە شێوە سەرەتاییەكەی پێش چاككردن | 8٦ |
| (١٠) | بوار و ژمارەی بڕگەكانی فۆرمی ڕاپرسی پاش چاككردن | 8٨ |
| (١١) | ئامانجەگشتییەكان | 9٤ |
| (١٢) | ئامانجی( فیركاری گشتی و ڕەفتاری) لێهاتووییەكانی كۆمەڵایەتی (مێژوو ،جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی بە شێوەی كۆتایی | 9٧ |
| (١٣) | پلەبەندكردنی ناوی وانەكان | ١٠٢ |
| (١٤) | ڕێكخستنی ناوەڕۆكی وانەكان | ١٠٣ |
| (١٥) | ڕێگاو شێواز و ستراتیجەكانی وانە ووتنەوە | ١٠٦ |
| (١٦) | هۆكارەكانی فێربوون | 10٨ |

| | | |
|---|---|---|
| (١٧) | ئامرازەکانی فێرکردن | 10٩ |
| (١٨) | چالاکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە | 1١١ |
| (١٩) | شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەکانی نێو پرۆگرامەکە | 1١٢ |
| (٢٠) | دیزانکردنی بابەتەکانی پرۆگرامەکە بە شێوەی کۆتایی | 1١٣ |
| (٢١) | زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە بەگشتی حکومی و ناحکومییەکان | 1٢٠ |
| (٢٢) | زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە حکومیەکان | 1٢١ |
| (٢٣) | زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە ناحکومییەکان | 1٢٣ |
| (٢٤) | زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچەی (حکومی و ناحکومی) | 1٢٤ |
| (٢٥) | زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) | 1٢٥ |
| (٢٦) | زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) | 12٧ |
| (٢٧) | ناوەندی شیاو و کێشی سەدیی بواری مێژوو | 12٨ |
| (٢٨) | ناوەندی شیاو و کێشی سەدیی بواری جوگرافیا | 1٣١ |
| (٢٩) | ناوەندی شیاو و کێشی سەدیی بواری پەروەردەی نیشتیمانی | 1٣٤ |
| (٣٠) | تێکڕاو ناوەندی شیاو و کێشی سەدیی بوارەکان | 13٨ |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆ | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| (١) | نوسراوە فەرمییەکان | 1٥٩ |
| (٢) | فۆرمی ڕاوەرگرتنی سەرتایی | 1٦٣ |
| (٣) | بوارەکانی فۆرمی ڕاپرسی لە شێوە سەرەتاییەکەی پێش چاککردن | 16٦ |
| (٤) | لیژنەی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسی | 1٧٠ |
| (٥) | بوار و ژمارەی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی پاش چاککردن | 1٧١ |
| (٦) | فۆرمی ڕاپرسی و دەستنیشان کردنی پێوانەی (لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) دابەشکردنی بەسەر مامۆستایانی باخچە | 17٥ |
| (٧) | لیژنەی هەڵسەنگاندنی فۆرمی پرۆگرام | 17٩ |

| | | |
|---|---|---|
| (٨) | فۆرمی ڕاپرسی ئامانجە گشتییەکان | 18٤ |
| (٩) | فۆرمی ڕاپرسی ئامانجە فێرکاریی ڕەفتاری | 18٨ |
| (١٠) | فۆرمی ڕاپرسی ناو وانەکان و پلەبەندی ناوی وانەکان | 19٠ |
| (١١) | فۆرمی ڕاپرسی ڕیزبەندی و ڕێکخستنی ناوەڕۆکی وانەکان | ١٩٣ |
| (١٢) | فۆرمی ڕاپرسی ڕیگاو شیواز و ستراتیجەکانی وانە ووتنەوە | ١٩٥ |
| (١٣) | سەرچاوەکانی فیربوون (هۆکارەکانی فێربوون ) | ١٩٨ |
| (١٤) | خزمەتگوزاری یارمەتیدەر (ئامرازەکانی فێرکردن ) | 20٠ |
| (١٥) | چالاکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە | 2٠٢ |
| (١٦) | فۆرمی ڕاپرسی دیاریکردنی چالاکی(شیعری منداڵان ) بابەتەکانی پرۆگرامەکە | 2٠٤ |
| (١٧) | فۆرمی ڕاپرسی دیاریکردنی چالاکی( چیرۆکی منداڵان ) بابەتەکانی پرۆگرامەکە | 2٠٧ |
| (١٨) | فۆرمی ڕاپرسی دیاریکردنی چالاکی( یاری منداڵان ) بابەتەکانی پرۆگرامەکە | 2٠٩ |
| (١٩) | فۆرمی ڕاپرسی دیاریکردنی فۆرمی فۆرمی ڕاپرسی چالاکی(گۆرانی منداڵان ) بابەتەکانی پرۆگرامەکە | 21٢ |
| (٢٠) | فۆرمی ڕاپرسی دیاریکردنی چالاکی(ڤیدۆی فێرکاری) بابەتەکانی پرۆگرامەکە | 21٥ |
| (٢١) | فۆرمی ڕاپرسی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەکانی نێو پرۆگرامەکە | 21٨ |
| (٢٢) | فۆرمی ڕاپرسی دیزانکردنی بابەتەکانی پرۆگرامەکە بە شێوەی کۆتایی | 2٢١ |
| (٢٣) | پرۆگرامی پێشنیارکراو (هاوپێچ کراو لەسەر سیدی) | |


## پێرستی هێڵکاری


| ژمارەی هێڵکاری | ناونیشانی هێڵکاری | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| (١) | مۆدێلی دیزاینی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) | 4٨ |
| (٢) | پێکهاتەی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان | 5٢ |

| | | |
|---|---|---|
| (٣) | مۆدێلی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) کە بە (M R K) ناسراوە. | ٩٢ |
| (٤) | تێکڕاو ناوەندی شیاو و کێشی سەدیی بوارەکان | 13٩ |


## پوختەی توێژینەوە:

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەی زانستی لە هەنگاوە سەرەتاییەکاندا پێویستە کێشە دیاری بکرێت، پاش سەردانی کردنی مەیدانی بۆ باخچەی منداڵان و ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەی باخچەی منداڵان و بەڕێوبەرو مامۆستایانی باخچە بۆمان دەرکەوت پرۆگرامێکی بڕیارلێدراو بە ناوی لێهاتوویەکۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (مێژوو، جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی )، بوونی نیە، هەروەها نەبوونی پێوەرێک بۆ دیاریکردنی

لێهاتوویيه كۆمەڵايەتييەكان لای منداڵانی باخچە، بۆ بنيادنانی پرۆگرامێكی فێركاری بۆ باخچەی منداڵان پێويستمان بە دروستكردنی پێوەر هەبوو، بۆ ئەم مەبەستەش بە سود وەرگرتن لە پەرتوك و وانە و يەكەكانی باخچەی منداڵان و پرس و ڕاوێژ بە كەسانی پسپۆر و شارەزای پەروەردەی و دەروونناسی، هەروەها لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاوەرگرتنی سەرتايی چەندين بڕگە دەست كەوت وەك پێوەر بۆ دياريكردنی لێهاتوويیە كۆمەڵايەتييەكان،پاشان لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی (٣٦) بڕگە خرايە بەردەستی شارەزايان لە ئەنجامدا (٣٤) بڕگە بڕياری لەسەر درا بوە بنەمای بونيادنانی ( پرۆگرامێكی فێركاری پێشنيار كراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوويیە كۆمەڵايەتييەكان لای منداڵانی باخچە ).

بونيادنانی پرۆگرامەكە پێی ڕێكارو هەنگاوەكانی مۆدێلی (مۆريسۆن و رۆس و كمب )، بە شێوەيەک نموونەی هەر پرۆگرامێكی خوێندن بۆ هەر وانەيەک لە (نۆ ) ڕەگەزی سەرەكی پێكدێت، بريتييە لە ( ئامانجی گشتی، ئامانجی ڕەفتاری، تايبەتمەندی بابەت، ناوەڕۆک، ڕێگاكانی وانەوتنەوە، هۆكارەكانی فێركردن، ئامرازەكانی فێركردن، چالاكی بابەتەكانی پرۆگرامەكە، دياريكردنی شێوازەكانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەكانی پرۆگرامەكەو هەڵسەنگاندنی ديزانكردنی بابەتەكانی پرۆگرامەكە بە شێوازی كۆتايی)،بە شێوازێكی وردو ئەكاديمی پرۆگرامێكی پێشنياركراو ئامادەكرا، پاش دەرهێنانی ڕاستگۆی ڕواڵەتی و ناوەڕۆكی پرۆگرامەكە بەش بە بەش و بە شێوەی گشتی لە ڕێگەی نمايشكردنيان بەسەر شارەزايان و پسپۆڕانی بوارەكە لە ريگەی چەندين ڕاپرسی ئامادەكراو بۆ ئەم مەبەستە بە لەبەر چاوگرتنی فەلسەفە و ئامانجی پەروەردەيی وڵات و ژينگەو سەرجەم ڕەگەزەكانی دروستكردنی پرۆگرام، سەرجەم هەنگاوەكان بە پێی ڕاپرسی ئەنجامدرا سەرتا ئامانجە گشتييەكان دياريكرا و پاشان ئامانجە ڕەفتارييەكان لە رێگەی ڕاپرسيەوە، هەروەها دانانی ناوەڕۆک كە چەندين چالاكی جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە و سەرجەم چالاكی و وانەكان لە ريگەی ڕاپرسيەوە دەستنيشان كراون ئامادە كردنی چەند شيعرێک كە (١٢) شيعری لە نوسينی توێژەرە، چەندين گۆرانی منداڵان ، چەند چيرۆكێک كە (٣٢) چيرۆک لە نوسينی توێژەرە،(٣٤) ڤيدۆی فێركاری سەرجەميان لەلايەن توێژەرەوە ئامادە كراوە، (٣٤) ياری منداڵان (٣٠) ياری لەلايەن توێژەرەوە نوسراوە، چەندين وێنەی جۆراوجۆر، چەندين وێنەيان لە لايەن توێژەرەوە ديزاينی بۆ كێشراوەو دروست كراوە ، شانۆی منداڵان ڕينمای مامۆستا كراوە چيرۆكەكان بكرێتە شانۆی منداڵان، گەشتی زانستی، چارەسەری كێشە ،سروود ڕينمای مامۆستا كراوە شيعرەكان بكرێتە سروود، پرسيار و وەڵامی جۆراوجۆر بە پێی بوار و وانەكان، لە رۆشنايی تايبەتمەندی

ناوەڕۆکی وانەکان و تایبەتمەندی باخچەی منداڵان و ئاست و تەمەنی منداڵ و پاڵپشت بە چەندین سەرچاوەو توێژینەوەی جۆراوجۆر چەند ڕێگاو شێوازو ستراتیجەکانی وانەوتنەوە ، دیاریکرا لەوانە (٩) ڕێگای وانەوتنەوەی گشتی، (١٦) ڕێگای وانەوتنەوەی تایبەت بە باخچەی منداڵان، (٩) شێوازی وانەوتنەوەی گشتی و (٤) ستراتیجی وانەوتنەوە، لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە نمایشکرا بەسەر بژاردەیەک لە شارەزایان،دیاریکردنی ئامراز و هۆیەکانی فێرکردن، هەروەها دیاریکردنی(٥) شێوازی هەڵسەنگاندنی تیۆری(٥) شێوازی هەڵسەنگاندنی پراکتیکی، پاشان دیزاینکردنی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە بە شێوەی سەرتایی ونمایش کردنی بەسەر شارەزایان و دیزاینکردنی بە شێوەی کۆتایی خستنە بەردەستی (٤٣) پسپۆڕو شارەزا لە بوارەکەدا. هەروەها توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت، ئەنجامی زانینی ئاستی لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە بە (گشتی و حکومی و ناحکومییەکان ) و بە شێوەی جیا باخچەی ( حکومی ) و باخچەی (ناحکومی)بوونی هەیە، هەروەها زانینی ئاستی لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە بە پێی گۆڕاوی باخچە (حکومییەکان و ناحکومییەکان ) و بە پێی( پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ) ڕەگەزی ( نێر و مێ ) جیاوازی نییە.

# بەشی یەکەم

## ناساندنی توێژینەوەکە :

١-١: پێشەکی

١-٢: کێشەی توێژینەوەکە

١-٣: گرنگی توێژینەوەکە

١-٤: ئامانجی توێژینەوەکە

١-٥: سنووری توێژینەوەکە

١-٦: ناساندنی زاراوەکان

## بەشی یەکەم

## ناساندنی توێژینەوەکە:

### ١-١: پێشەکی:

بێگومان باخچەی منداڵان دەزگایەکی پەروەردەیی تایبەتە بە منداڵان بە گرنگترین قۆناغی پەروەردەی منداڵ دادەنرێت، لە ڕێگەیەوە تێکەڵ بە کۆمەڵکەو ژینگەیەکی جیاواز لە ماڵ و داینگەیە دەبێت و کاریگەری هەیە لە بونیادنانی کەسێتی منداڵ و ئامادەکردنی منداڵە بۆ قۆناغێکی نوێ و ژینگەیەکی جیاوازتر، کە قوتابخانە و کۆمەڵگایە، منداڵان لە باخچەدا فێری بنەما سەرەتاییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، وەک نوسین و خوێندن و چالاکی سەرتایی دەبن بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە، کە ژینگەیەکی لەبار و گونجاوی بۆ دەستەبەر بکرێت، لەسەرجەم لایەنەکانەوە، وەک بینا و پێدوایستیە مادییەکان و مامۆستا و پرۆگرام، لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخ و ئاست و قۆناغ و تەمەنی و ژینگەی منداڵ بگونجێت ، بوونی پرۆگرامێکی پێشکەوتوو کاریگەری هەیە لەسەر زیاتر بەرەو پێشچوون و ئامادەکاری مامۆستا و منداڵ، یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پرۆگرام بریتییە لە مامۆستا و منداڵ و بابەتی خوێندن تێدا منداڵ سەنتەر بێت، ئامادە کردنی مامۆستای شارەزاو ئەکادیمی بۆ باخچەی منداڵان دەکەوێتە ئەستۆی بەشی باخچەی منداڵان بۆ ئەم مەبەستەش خۆشبەختانە ساڵانە ژمارەیەک لە مامۆستای پسپۆڕ و ئەکادیمی بۆ باخچەی منداڵان ئامادە دەکرێت ، بە داخەوە بە پێی پێویست لە باخچەی منداڵان سود لە تواناو پسپۆڕیان وەرناگرێت و مامۆستای دەرچووی بەشەکانی تر دادەنرێت، ئەمەش گرفتی دروست کردووە، هەروەها نەبوونی بابەتی خوێندن بە ناوی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامێکی پێشنیارکراوە بۆ لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان دارێژرا، پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بەشی باخچەی منداڵان و باخچەی منداڵان بێت، بۆ دڵنیا بوون لە شیاوی ڕەگەزەکانی پرۆگرامەکە و پڕکردنەوەی پێداویستی منداڵ و ژیانیان، قۆناغ بە قۆناغ لە ئامادەکردنی پرۆگرامەکە خراوەتە ژێر هەڵسەنگاندن و سەرنجی پسپۆڕان شارەزایانی بوارەکە.

### ١-٢: کێشەی توێژینەوەکە:

لە باخچەی منداڵاندا چەند وانەیەک دەگوترێتەوە، وەک وانەکانی ( زمانی کوردی ،بیرکاری ،زانستەکان ، زمانی ئینگلیزی و گفتوگۆی سەربەست، کارامەیی و بەهاکان ، چیرۆک ، ئاوەدانی و خشتەک ، یاری فێرکاری ، چالاکی (وێنەکێشان و دەست ڕەنگینی ،میوزیک ، شانۆ ، وەرزش ، یاری سەربەست لە هۆڵی داخراو گۆڕەپانی باخچە ) دەوترێتەوە تێدا بابەتی

لێهاتوویيە کۆمەڵايەتييەکانی (مێژوو ،جوگرافيا ،پەروەردەی نيشتيمانی ) لە خۆ ناگرێت و بە شێوەی بچر بچڕ لە وانەکانی تردا بە ناڕاستەوخۆی ئاماژەی پێکراوە ، توێژەر لە ئەنجامی سەردانی کردنی باخچەکان و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا و بەڕێوبەر و سەرپەرشتيارانی پەروەردەی باخچەی منداڵان و بەرێوبەرايەتی پەروەردەو خوێندنەوەو پێداچونەوەی بابەتە بڕيارلێدراوەکانی خوێنديان بۆی دەرکەوت بابەتێکی سەربەخۆيان نيە بە ناوی بابەتی (لێهاتوويیە کۆمەڵايەتييەکان )، بەڵکو بە شێوەی پچڕ و سادە لە وانەی کوردی و زانست و چالاکييەکان باس دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر پرۆگرامێکی پێشنيارکراوی بۆ لێهاتوويیە کۆمەڵايەتييەکانی ( مێژوو ،جوگرافياو پەروەردەی نيشتيمانی ) ئامادەکرد .

لە ژێر ڕۆشنای ئەوەی باس کرا کێشەی توێژينەوەکە لە شێوەی ئەم پرسيارانەدا دەخەينە ڕوو:

١- ئايا پرۆگرامێک بۆ لێهاتويە کۆمەڵايەتييەکانی ( مێژوو ،جوگرافيا و پەروەردەی نيشتيمانی ) بۆ منداڵی باخچەی منداڵان تەمەنی (٥) ئاستی دووەم لە باخچەی حکومی و ناحکومی هەيە؟

٢- پێوەر بۆ لێهاتويە کۆمەڵايەتييەکان لای منداڵی باخچەی منداڵان چۆن پێوانە دەکرێت؟

٣- لێهاتوويیە کۆمەڵايەتييەکان ( مێژوو، جوگرافيا ، پەروەردەی نيشتيمانی ) لای منداڵی باخچە لە چی ئاستێکدايە ؟

٤- ئايا دەکرێت پرۆگرامی بابەتەکۆمەڵايەتييەکان بەجۆرێک بونيادبنرێت، کە لە ماڵەوەش وانەو چالاکييەکان بە منداڵ بوترێتەوە.

### ١-٣: گرنگی توێژينەوەکە:

### 1: گرنگی پرۆگرامی پەروەردەيی و باخچەی منداڵان :

### أ: گرنگی پرۆگرامی پەروەردەيی:

پرۆگرامی پەروەردەيی ڕۆڵێکی گەورەی لەڕێکخستنی پەروەردە لەبواری نەخشەڕێگای گەشەپێدانی گشتی هەيە، لەگرنگترين خاڵەکانی پرۆگرمی پەروەردەيی بريتيين لە:

ڕۆڵێکی ئەرێنيی هەيە لەناساندنی توانای کۆمەڵگەيەکی دياريکراو لەڕووی ماددی و مرۆيی و واقيعی لەبوارە جياجياکاندا، لەوانە: (ئابوری، کۆمەڵايەتی، ڕۆشنبيری).هەروەها دياريکردنی ئامانجی پەروەردەيی و فێرکارييەو ڕێکخستنی بەپێی پێداويستييە سەرەکييەکانی

کۆمەڵگەیە.وەرگێرانی ئامانجەکان بۆ پرۆگرام و پرۆژەو بەرنامەی پەروەردەیی و فێرکاری بۆ کاتێکی دیاریکراو، توانای پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ ڕێنیشاندەری گەشەپێدان و ئاڕاستەکانی پەروەردەیی نوێ، هەروەها هەڵبژاردنی جێگرەوەی بەردەست لەبەرنامەو پێداویستی و بەدواداچوون بۆ هەڵبژاردنی، باشترینەکان بەمەبەستی بەدیهێنانی داواکارییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگە کە گونجاو بێت بۆ تواناکان و کەرەستەی بەردەست (رمزی،٢٠٠٦، ٢٠)

زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆیی کۆمەڵگەو یەکسانی لەگەشەپێدانی، بەهۆیەوە باشترین بەرهەمی پرۆگرامی پەروەردەیی دروست دەکات، بەدیهێنانی تێروانینی گشتی بەپێی جیاوازی داواکارییەکانی گەشەپێدان، ئەمەش لەمیانەی گونجان و ڕێکخستنی لەلایەن ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بەدانانی پرۆگرامی جیاواز بۆ لایەن و ئامێرەکان چ لەبواری زانستی بێت یان بۆ بوارەکانی تر بێت، هەروەها پرۆگرامی پەروەردەیی پێکهاتەیەکە لە (گشت و بەش) بۆ هۆکارە سەرەکییەکانی بەرەوپێشبردنی پرۆگرامی پەروەردەیی، لەبەر ئەوەی بەبێ پرۆگرام ناتوانرێت داهاتووی پرۆگرامی پەروەردەیی دیاری بکرێت.

هەموو لایەنەکانی پێشوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەوا پرۆگرامی پەروەردەیی بوارو لایەنێکی لاوەکی و توخمێکی زیاد نییە، بەڵکو ئاستی گەشەسەندنی سەرجەم نەتەوە دیاری دەکات بەچەندێتی توانای بۆ پرۆگرامی زانستی کاراو چالاک دوور لەبڕیاری ڕاڕایی و خێرایی و لەخۆوە وتن بەمە لەداهاتوودا گرنگی نابێت و شکست دێنێ لەگەشەپێدان، هەروەها دوور دەکەوێتەوە لەڕێچکەی زانستی میللەتانی پێشکەوتوو ( موفتی،٢٠١٠، ٢٥-٢٦)

**ب: گرنگی پرۆگرامی باخچەی منداڵان :**

گرنگی باخچەی منداڵان و ئەو پرۆگرامانەی پێشکەشی دەکات زۆرن گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن :

کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر گەشەی گشتگیر و خێرای منداڵ لەو قۆناغەی منداڵیدا گەشەی جەستەی و عەقڵی لە منداڵدا تەواو خێرایە ، هاوکات کاریگەرە بە فاکتەرە ژینگەییەکانی ،وەک خۆراکی تەندروست و وەرزش و خەوتن و شەکەتی زۆر ، هەموو ئەوانەش لە پرۆگرامی باخچەی منداڵاندا ڕەچاو کراوە کە ڕەنگە بەشێک لەوانە لە نێو خێزاندا بە هۆی نەشارەزاییەوە فەرامۆش بکرێت. هەروەها کارا کردن و گەشەپێدانی هەست لای منداڵ، منداڵ لە ڕێی هەستەکانیەوە درک بەوە دەکات کە لە ژینگەی چوار دەوریدا ڕوو دەدات ،هاوکات لە ڕێگەی هەستەکانیەوە مامەڵەی باش و ئەرێنی دەکات و خۆی لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا دەگونجێنێت ، بۆیە پەروەردەی باخچەی منداڵان گرنگی زۆری بەگەشەکردنی هەستداوە لای منداڵ ،

هەروەها بە دەستهێنانی لێهاتووی جۆراوجۆر و گەشەپێدانی ئەو لێهاتوویانە بەشێوەیک بگونجێت لەگەڵ ئاستی گەشەو پێگەیشتنی منداڵدا ، ڕەچاو کردنی جیاوازیە تاکە کەسیەکان و جیاکردنەوەی لێهاتووی عەقڵی لە لێهاتوی کۆمەلایەتی و گەشەپێدانی توانای عەقڵی بۆ جیاکردنەوەی سەرچاوەی زانیاری و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی کارا و ڕێکخستنیان ، هەروەها گەشەپێدانی توانی گوێگرتن و گفتوگۆکردن و خوێندنەوەو تێگەیشتنی وێنەکان و کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر گەشەی عەقلی خێرا لای منداڵ ، لەم قۆناغدا میشکی منداڵ زۆر بەخێرایی گەشە دەکات، هەر ئەو گەشە خێرایەیە دەبێتە پاڵنەر بۆ کاراکردنی ئەو شتانەی لە چواردەورێتی ، ئەمە لەنێو ماڵ و خێزاندا دەبێتە هۆی سەغڵەتکردنی خانەوادەکە، لەئەنجامدا ڕیگری لێدەکرێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتانە، بەڵام لەباخچەی منداڵاندا پێچەوانەیە.

دروستکردنی ژینگەی تایبەت بەمنداڵ ، تێیدا تەواوی منداڵەکانی نێو ئەو ژینگەیە یان کۆمەڵگەیە منداڵی هاوتەمەنی خۆیین ، لەداهاتوودا ئەو ژینگەیە کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەگۆنجاندنی ئەو منداڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا و گەشەپێدان و ڕاهێنای منداڵ لەسەر لێهاتوویی بنەڕەتی بۆ فێربوون، هەوەها ڕاهێنانی منداڵ لەسەر وێنەکێشان و نووسین و ڕێکخستنی شتەکانی دەوروبەریان یان بیری بونیادنان، ڕۆیشتنن و هەڵگژان بەشتەکاندا و بازدان و پاراستنی هاوسەنگی جەستە ، هەموو ئەمانەش منداڵ دووردەخاتەوە لە زیان و بەرکەوتنی زیانبەخش لەداهاتوودا و گەشەپێدانی توانای بەراوردکاری و داهێنان و درککردن بەپەیوەندی لەنێوان ئەوانەی لە ئامانجی پڕۆگرامی پەروەردەیی و باخچەی منداڵادا بوونی هەیە ( رمزی،٢٠٠٦، ١٩-٢٠)

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە بابەت و کێشە و ئامانجەکاندا خۆی دەبینێتەوە یەکێک لە ئامانجەکانی بریتییە لە پێشنیارکردنی پڕۆگرامێکی فێرکاری بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان ( مێژوو ، جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی ) بە جۆرێک هەڵێنجراوە لە کۆی بابەتەکانی خوێندنی باخچەی منداڵان و زانستی سەردەمیانە و ڕچاوکردنی پسپۆری مامۆستایانی باخچە و هەروەها ئەو مامۆستایانەشی دەرچووی بەشی باخچە نین و پێویستیان بەوەیە شارەزای داخوازییەکانی منداڵی باخچە بن، دەستەبەرکردنی ئەو پێداویستیانەی مامۆستا لە ئەرکی وانە وتنەوە پێویستیەتی و دەستەبرکردن و خستنەڕووی بنەما سەرەکی و گرنگەکانی وانەتنەوە لە باخچەی منداڵان، تاوەکو بە شێوازێکی ئەکادیمی و شیاو پێشکەوتوو لە ئاستی داخوازییەکانی منداڵدا بێت .

**دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەدا کورت بکەینەوە :**

1- گرنگی بە لایەنی پتەو کردنی جەستە و چالاک کردنی منداڵانی باخچەی منداڵان دەدات لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو يارييە فێرکاريانەی لە پرۆگرامەکەدا بە پێی وانەکان دانراوە .

2- گەشە بە لایەنی عەقڵی منداڵ دەدات لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکانەوە وەک چیرۆک و شیعر.

3- پەرە بە لایەنی زمانەوانی منداڵان دەدات بەهۆی بەکارهێنانی چەنیدن شیعر و سروود و چیرۆک و گۆرانی منداڵان .

4- بەهێز کردنی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ .

5- گەشەپێدانی هەستی خۆشەويستی بۆ خێزان ونیشتیمان لە ڕێگەی وانەکانی تايبەت بەم بوارە.

6- دەرخستنی بەهرەی هونەری منداڵ لەڕێگەی چالاکییە هونەرييەکانی، وەک شانۆ و گۆرانی و وێنە.

7- فروانکردنی خەیاڵی منداڵ لە ريگەی چیرۆکەوە.

8- ئاشنا کردنی منداڵ بە پیت و ژمارەکان لە ڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ناو پرۆگرامەکە.

9- بەهیزکردنی توانای بڕیاردان لای منداڵ، لە ڕێگەی چالاکیەکانی ناو پرۆگرامەکە.

10-گەشەپێدانی بیری داهێنەرانە لای منداڵانی باخچە.

11-ڕاهێنانی منداڵ بۆ بیکردنەوەی ئەرێنی.

12-فێربوونی منداڵ بە دابونەریتی نەتەوەیی، وەک خۆشەويستی نیشتیمان، پاکوخاوێنی،پابەندبوون بە ياسا.

13-ڕێزگران لە بەها پیرۆزەکان.

14-خۆشی بەخشین بە دەروونی منداڵ.

15-فراوانکردنی لایەنی زانياری گشتی منداڵ.

16-پەرەسەندنی گیانی هاوکاری و خێرخوازی لای منداڵ.

17-شارەزابوونی منداڵ بە ژینگە.

**١-٤: ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دانانی پێوەرێک بۆ دياريکردنی لێهاتوويیە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری ( مێژوو ، جوگرافيا و پەروەردەی نیشتیمانی ) بۆ گەشەپێدانی لێهاتوويیە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچەی منداڵان بە پێی ئەم گۆڕاوانە:-

أ- زانینی ئاستی لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە بە گشتی (حکومی و ناحکومی).
ب- زانینی ئاستی لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە حکومییەکان.
ت- زانینی ئاستی لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە ناحکومییەکان.
ث- زانینی ئاستی لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە بە پێی گۆڕاوی جۆری (حکومی و ناحکومی).
ج- زانینی ئاستی لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە بە پێی گۆڕاوی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).
ح- زانینی ئاستی لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ ).

٢- دانانی پرۆگرامێکی پێشنیارکراو بۆ لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (مێژوو ، جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی ) ئاستی دووەم ، تەمەن پێنج ساڵان.

**١-٥: سنووری توێژینەوەکە:**

یەکەم،، سنوری کات: ساڵی خوێندن (٢٠٢١-٢٠٢٢).

دووەم،، سنوری شوێن: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی/ پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی (پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ) باخچەی حکومی و باخچەی ناحکومی ناوەندی شاری سلێمانی.

سێیەم،، سنوری مرۆیی: منداڵانی باخچەی منداڵان تەمەن (٥) ساڵ.

چوارەم،، سنوری بابەتی: پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیارکراو بۆ لێهاتوویی کۆمەڵایەتی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی).

**١-٦: ناساندنی زاراوەکان:**

بە مەبەستی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە، وا پێویست دەکات زاراوەکان بناسێنین؛ بەمشێوەی لە خوارەوە هاتووە:

**١-٦-١: پرۆگرام:**

چەند پێناسەیەکی پرۆگرام لەلایەن چەند نووسەرو شارەزایانی بواری پەروەردە دەخەینەڕوو، کە هەریەکەیان بەپێی تێروانین و گۆشەنیگای خۆیەوە ئەم زاراوەیەی ناساندووە:

پرۆگرام بریتییە لە : ئاڕاستەی فێربوون بەرەو پێداویستییەکان و بابەتە ئاڵۆزو نادیارانەی ژینگەیە، کە دەیەوێت بیدۆزێتەوە یان بیناسێتەوە، بەپێی ئارەزووی خۆی فێری بێت ( القزاز ١٩٨٩، ٤٣).

پرۆگرام بریتییە لە : ڕێی و شوێنی دۆزینەوەی ئاڕاستەیەکی دیارو جێگیر (ئیدلمان، ١٩٧١،١)

پرۆگرام بریتییە : پەیوەستە بەپێشبینی کە داهاتووی لەسەر بنیاتنراوەو بۆ ئامادەکاری ئەو (داهاتوو) دانراوە (محمد الطیب، ١٩٩٩، ٣٤).

**پێناسەی تیۆری بۆ زاراوەی پرۆگرام :**

پرۆگرام بریتییە لە: کۆمەڵێک ئەزمون و شارەزایی بەرنامە بۆ داڕیژراو کە تێدا فێرخواز سەنتەرە و لە ڕێگەی مامۆستاوە فێرخواز بەسەرپەرشتی دامودەزگایەکی ئەکادیمی ئاڕاستە دەکرێت بۆ فێربوون لە ناوەو دەرەوەی باخچە بە مەبەستی ئاڕاستەی فێربوون و بە دەستهێنانی ئامانجی پلان بۆ دارێژراو و گۆڕانکاریکردن لای منداڵانی باخچەدا .

**١-٦-٢: فێرکاری:**

ئەم چەمکە پرۆسەیەکی ڕێکخراوی ئامانجدارە، دەبێتە هۆی کرداری فێربوون بەو خواست و ویستەی دەویسترێت. بۆیە زاراوەی فێرکاری لە لای نوسەران بەپێی تێڕوانین و گۆشەنیگای تایەبەتی خۆیانەوە پێناسەی جیاجیایان بۆ کردووە، بۆ نموونە:

فێرکاری بریتییەلە: ((چۆنییەتی ڕێکخستن وبەکارهێنانی کەلوپەلەکانی فێرکاری بەمەبەستی فێربوون و بەدەستهێنانی ئامانجی پەروەردەیی پلان بۆ داڕێژراو، بۆیە شارەزایان بەوە دەیناسێنن، ڕێگەیەکە بەشێوازێکی توندوتۆڵ بنیاتنراوە بەمەبەستی گونجاندنی ئامێرەکانی فێرکاری)) (غالب،١٩٧٠، ٣٣٤)

فێرکاری بریتییە لە: ((کرداری کارلێکردنی نێوان مامۆستاو خوێندکارەکانە لەناو پۆلدا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیەکان)) (محمد،١٩٩١، ١٤).

فێرکاری بریتییە لە: (( گۆڕانکاریکردن لە ڕەفتار، ئەویش لەڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لەخۆ دەگرێت تاک لە هەوڵ و تێکۆشان دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەزو ئارەزو و ئامانجەکانی)) (قەرەچەتانی،٢٠١٣، ١٧).

فێرکاری بریتییه له: ((پڕۆسەیەکی دەرەکی، له لایەن کەسانی پسپۆڕبە مەبەستی فێرکردنی کەسێک یان گروپێک ئەنجام دەدرێت)) (قادر،٢٠١٨، ٤٣).

**پێناسەی تیۆری بۆ زاراوەی فێرکاری :**

فێرکاری بریتیە له: پڕۆسەیەکی ڕێکخراوی پلان بۆ داریژراو بۆ کارلێکردنی نێوان مامۆستا و خوێندکار و ئەو هۆکارانەی که کاریگەریان له سەر فێربوون هەیە و مەبەست لێی فێربوون و بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەیەکان و گۆڕانکاریکردن لەمنداڵدا له ڕێگەیەوە گەشه بە لایەنە جیاوازەکانی ( جەستەی ،عەقلی دەروونی) منداڵان دەدرێت.

**١-٦-٣: زاراوەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی:**

سەرەتا پێویستە بزانین (زاراوەی لێهاتوو) چۆن ناسێنراوە:

لێهاتوویی بریتییه له: ((بەکارهێنانی زانیارییەکان بەشێوەیەکی چالاک و کاریگەر، یان گەشەپێدانی کارێکی دیاریکراوە بەخێرایی و ئاسانی و نەرمی و وردی له هونەرەکان و زانستەکاندا)) (موسی،٢٠٠١، ٥٩).

لێهاتوویی بریتییه له: ((توانایەکە بە نواندن یان بە کردار ئەنجام دەدرێت و لەڕێگەی ڕاهێنانەوە بە دەست دەهێنرێت، لەئەنجامی ئەمەدا بەکەمترین ماوە زۆرترین کارزانی و لێزانین دەخرێتەڕوو)) (الجقندی،2008، 48).

لێهاتوویی بریتییه له: (( بوونی توانا بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو و باشی و وردی ، لەگەڵ بوونی زانیاری لەبارەیەوە)) (سلامة،2015، 31).

**لێهاتووی کۆمەڵایەتی:**

لێهاتووی کۆمەڵایەتی بریتییه له : ((بوونی توانای تاکە بۆ گونجاندنی لەگەڵ تاکەکانی تردا، بەشێوازێکی تایبەت که له کۆمەڵگەکەی پەسەند بێت)) (Combs، 1977، 86 )

لێهاتووی کۆمەڵایەتی بریتییه له: (( کارلێکردنی کۆمەڵایەتی له کۆمەڵێک وەڵام و سلوکی دیاریکراو دەربڕا و دەرنەبڕاو که له منداڵ دەردەچێت، هەروەها توانای ڕووبەڕبوونەوەی منداڵە لەبەرامبەر کێشە جۆراوجۆرکانی کۆمەڵایەتی )) (محمد،٢٠٠٣، ٤٠٩).

لێهاتووی کۆمەڵایەتی بریتییه له: ((کۆمەڵێک کارو ئامرازو چالاکی و بەهرەیە که منداڵانی باخچە فێری دەبن، بەشێوازێک که دووبارەی دەکەنەوەو بەشێوەیەکی ڕێکخراو ڕاهێنانی لەسەر

دەکەن، تـاوەکوتێکەڵ بەکـۆمەڵگەو بابەتەکـانی کـۆمەڵگەو کەلوپەلەکـانی دەوروبەری دەبێـت)) (حسونة،2007، 43)

لێهـاتووی کـۆمەڵایەتی بـریتییە لە: ((پێکهـاتەی چەنـد دووریـیەک کە وا لێهاتوویەکـان لەخـۆی دەگرێت بۆ ناردن و وەرگرتن و ڕێکخستن و چاککردنی زانیارییەکانی کەسی لە بەیەکگەیشتنی زمانی و نازمانیدا)) (فرحات،٢٠١٤، 107).

**پێناسەی تیۆری بۆ زاراوەی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان:**

لێهـاتوویە کۆمەڵایەتییەکـان بـریتییە لە: توانـا و کـارامەیی تـاک بە شـێوازێک کە بتوانێـت هەڵسوکەوتی شیاو لە ناو کۆمەڵگەدا بکات کە پەسـەند بێت و توانـای خۆگونجاندنی تـاکە لە نـاو کـۆمەڵگەدا بە شـێوەی کـرداری و کۆمەڵێـک هەڵسـوکەوتی و شـارەزای بەسـودە کە تـاک پـێ هەڵدەستێت لەگەڵ ئەوانـی تر لە نـاو کۆمەڵگەدا توانـای خۆگونجانـدنی منداڵە لە نـاوەو دەروەی باخچە.

**١-٦-٤: باخچەی منداڵان و منداڵانی باخچە:**

بۆ پێناسەی منداڵانی باخچە ڕاو بۆچوونی جیاجیا دەربڕاوە، بەڵام پێش خستنەڕووی زاراوەی منداڵانی بـاخچە، پێناسـەی هەر یەک لە (منداڵ، بـاخچە) بەجیـا دەکەیـن، بـۆ ئەوەی تایبەتمەنـدی هەریەکەیان بەدەرخەین، بەمشێوەی خوارەوە:

**1: منداڵ:**

منداڵ بریتییە: ((لەو ماوە درێژەی کە دروست دەبێت لە سکی دایکیدا تاوەکو دەگاتە تەمەنـی گەورەبوون و بەسەر منداڵدا تێپەڕ دەبێت و دەڕوات، کە خۆی لە گەشەکردنی باوەکانی لەشی و دەروون و ژیری و زمانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕەوشت دەبینێتەوە)) (ژاژڵەیی،١٩٨٣، ٢٠).

منـداڵ بـریتییە لە: ((سـەرمایەیەکی گرنـگ و لەبـن نەهـاتووی کـۆمەڵ و (پیـاو و ژنـی) دوا ڕۆژە، ئینجـا ئەگەر بمانەوێت کەسـانی بە کەڵـک و سوود بەخشیان لێدەرچێت، ئەوا دەبێـت هەمـوو پێداویسـتییە گرنگەکـانی گەشـەکردنیان بـۆ دابین بکرێـت و لەو ژینـگەو هۆکـارانەش دوور بخـــرێتەوە کە زیـــانی گەورە بە بـــاری دەروونـــی و کـــۆمەڵایەتی و تەندروســـتییان دەگەیەنن)) (قەرەچەتانی،٢٠١٠، ٣٣٣).

**پێناسەی تیۆری بۆ زاراوەی منداڵ :**

منداڵێتی بریتیه له: قۆناغێک له قۆناغه گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ که به بنەمای بونیادی کەسێتی مرۆڤ دادەنرێت و که له ڕێگەی ناسینی قۆناغی منداڵیەوه دەتوانین منداڵ فێری لێهاتووییەکانی ژیان بکەین له پێناو تاکێکی تەندروست و دواجار کۆمەڵگەیەکی مەدەنی،باخچەی منداڵان ڕۆڵی گرنگی هەیه له پەرەپێدانی توانای منداڵان .

**١-٦-٥-٢: باخچەی منداڵان :**

باخچەی منداڵان بریتییه: ((لەو بنەما بەهێزه یان پێشکەش کردنی زانیاری به شێوەیەکی دروست و بەردەوامی له بنەما زانیارییەکانی و تەکنیکی و جەستەو تەندروستی و منداڵ له ڕێگەی چالاکی سەربەخۆو دوور له پەیوەست بوون به پرۆگرامێکی وشک و بەستوو)) ( معتوف،١٩٨٦، ١٨ ).

باخچەی مندڵان بریتییه له: ((ئەو ریگه کاریگەرەیه که چارەسەری ماوەیەکی گرنگ و هەستیار دەکات له ژیانی منداڵاندا له نێوان ( ٣-٦) ساڵ له بەر ئەوەی ئەبێته بنەماو بناغەیەکی گرنگ بۆ قۆناغی قوتابخانەی سەرتای)) ( حامد،١٩٩٠، ١٨ ).

باخچەی منداڵان بریتییه: ((لەو شوێنەی که منداڵ دەتوانێت به هۆیەوه له ڕێگەیەوه تێکەڵ ببێت و زمانێکی نوێ فێر ببێت که له ماڵەوه جیاوازه وەکو زمانی یاری ، زمانی دەربڕین ، ڕووبەڕووبنەوه، تێکەڵ بوون لەگەڵ منداڵەکانی تردا)) ( محمد،٢٠٠٤، ٣٨).

باخچەی منداڵان بریتییه له: ((سیستەمێکی فێرکردنی منداڵانه له نێوان تەمەنی (٤بۆ٦) ساڵان ئەم سیستەمه مەبەستی پەرەپێدانی توانای منداڵانه بۆ گوزارشت کردن له خۆی و تێکەڵاوی کردن لەگەڵ کەسانی تردا له ڕێگەی یاری و چالاکی و جموجۆڵەوه)) ( بروهم،٢٠٠٦ ، ٢٦).

باخچەی منداڵان بریتییه له: ((قۆناغێکی فێرکاری ئامانجدار گرنگیەکەی کەمتر نیه له قۆناغەکانی تری که بریتییه له قۆناغێکی پەروەردەی زۆر بەهێز و جیاواز و فەلسەفەی تایبەتی پەروەردەی و ئامانجی ڕەفتاری و فێرکردنی تایبەتی خۆی هەیه و قۆناغێکی سەربەخۆشه و گرنگیدانه به خودی منداڵەکەو تاکگەرای لای منداڵەکەو وروژاندنی بیرکرنەوەیان له ڕووی داهێنان و سەربەخۆی و دەربرینی بیرو ڕاکانیان و نەترسانیان له بیرو راکانیان)) (عامر،٢٠٠٨ ، ٢٣-٢٤).

**پێناسەی تیۆری بۆ زاراوەی باخچەی منداڵان :**

باخچەی منداڵان بریتیه له: دامەزراوەیکی سیستماتیکی مندالان که منداڵانی تەمەنی (4-5) له خۆ دەگرێت و دەکرێت به دوو ئاستەوه ئاستی یەکەم و ئاستی دووەم پیش چوونه قوتابخانه

لەڕێگەی چالاکی جۆراو جۆرەوە کار لەسەر گەشە و پەرەپێدانی لایەن جیاوازەکانی منداڵ دەکەن و خۆی لە هەر دوو جۆری باخچەی حکومی و ناحکومی دەبینێتەوە .

**١-٦-٤-٣: منداڵانی باخچە:**

منداڵانی باخچە بریتیە لە: ((منداڵانی قۆناغی پێش چوونە قوتابخانەی بنەڕەتی و منداڵانی (چوار تا پێنج ) ساڵ ئەگریتەوە، ئامانج لێی بریتییە لە بەدەستهێنانی گەشەی تەواو بۆ منداڵ لەو قۆناغەدا بە دابین کردنی چەندین چالاکی ئامانجدار و بەدەستهێنانی بەهرەکان کە داوای لێ بکات بتوانێت ڕووبەڕوی ڕووداوەکانی ژیان ببێتەوە و یارمەتی کەسانی تر بدات)) (عبدالرحيم،١٩٨١، ٤)

منداڵانی باخچە بریتیە: ((لەو منداڵانەی کە پەیوەندیان کردووە بە باخچەی منداڵانەوە تەمەنیان لە نێوان (٤-٥ ) ساڵیدایە و ئەم ماوەیە دادەنرێت بە ماوەیەکی گونجاو و نەرم بۆ بەرەوە پیش چوون و فێربوون و پێشکەوتنی لێهاتوویان، هەروەها ماوەیەکە کە چالاکی منداڵ ڕیژەکەی گەورەو فراوانەو گەشەی زمانەوانی زیاترە ))( ڕاشد (٢٠٠١، ٢٧).

منداڵانی باخچە بریتییە لە : ((ئەو جۆرە منداڵانەی کە تایبەتمەندی جودای خۆیان هەیە دەتوانین وردتر بڵێین هەر دوو قۆناغی یەکەم و دووەمی باخچە کە تەمەنیان لە نێوان (٤بۆ٥) ساڵانە دەگرێتەوە)) ( صايع،2006، 2).

منداڵانی باخچە بریتییە لە: ((ئەو قۆناغەی کە تیاید چاودێری ئەو منداڵانەی تێدا دەکرێت کە تەمەنیان لە نێوان ( ٤ بۆ ٥) ساڵاندایە لە دامەزراوە پەروەردەیەکاندا کە ئامانجیان گەشەپێدانە لە هەموو لایەنێکەوە ( جەستەی و عەقلی دەروونی و کۆمەڵایەتی ) )) (البدر،٢٠٠٧، ١٨) .

منداڵانی باخچە بریتییە: (( لە دوو تەمەن، تەمەنی (چوار ) ساڵ کە پێان دەڵێن قۆناغی باخچە و تەمەنی (پێنج ) ساڵی کە پێیان دەڵێن قۆناغی (تمهيدی ) واتە ئامادەیان دەکەین بۆ قوتابخانە . لە ڕێگای ئەو بابەتە سەرەتاییانەی لە ڕووی زانستیەوە فێر دەکرێن)) ( وشيار،٢٠٢٠، ٥٦).

**پێناسەی تیۆری بۆ زاراوەی منداڵانی باخچەی منداڵان :**

منداڵانی باخچەی منداڵان بریتییە لە: منداڵانی تەمەن (٤-٥) ساڵ کە لە دامودەزگایەکی حکومی یان ناحکومی بە ناوی باخچەی منداڵان لەسەر پڕۆگرامێکی بڕیارلێدراو و چالاکی جۆراو جۆر بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام دەبن و دەکرێن بە دوو ئاستەوە ئاستی یەکەم (٤)و

ئاستی دووەم (٥) ساڵ  بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ چوونە قوتابخانەو گەشە پێدانی لێهاتوویەکانی تـــــــــــــــــــــــــــــایبەت بەو قۆنـــــــــــــــــــــــــــــــــاغە .

# بەشی دووەم

# چوارچێوەی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشوو

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی:

### یەکەم/ پڕۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو

### دووەم/ لێهاتوویی کۆمەڵایەتی

### سێیەم/ باخچەی منداڵان

## تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

### یەکەم/ لیستی توێژینەوەکانی پێشوو

### دووەم/ خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

### سێیەم/ شیکاری بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

### چوارەم/ ئاستی سوودبینین لەتوێژینەوەکانی پێشوو

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشوو

### تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی

**یەکەم/ پرۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو:**

سەرەتایەکی پێویست بۆ پرۆگرام:

**یەکەم: پرۆگرام :**

پرۆگرام بریتییە لە: کۆمەڵێک بابەت و بواری فێربوون و برگەکانی خوێندن ، لە سیستەمی فێرکردندا دابین کراون. پرۆگرامەکان ئەزمونی فیربوونی پلاندار و ئامانجدار لە خۆ دەگرن ، لەرێگەی ئەمانەوە فیرخوازان زانیاری و کارامەیی و هەڵوێست بەدەست دەهێن و گەشەیان پێدەدەن . هاوکات ئاماژەیە بۆ رێچکەکانی پلاندار، کاردانەوەیان دەبێت بۆ پێداویستیەکانی فێرخوازو کار دەکەن بۆ گەشەپێدانیان ، لەگەڵ رەچاو کردنی ئاسۆ کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو ( لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەدە ، ٢٠١٨، ٧ ) .

**١: جۆرەکانی پرۆگرامی پەروەردەیی:**

دەتوانین جۆرەکانی پرۆگرامی پەروەردەیی بەسەر ئەم لایەنانەی خوارەوە دابەش بکەین:

**١-١: لەڕووی ئامانجەوە:** دابەش دەبێت بۆ:

**١-١-١: پێکهاتەی بنەڕەتی:** مەبەست لێی گۆڕینی ڕووداوی بنچینەییە لەبنیادنانی کۆمەڵایەتی و ئابووری تا دواجار گۆڕانکاری ڕیشەیی لەبنیاتنانی کۆمەڵایەتی بێتە کایەوە.

**١-١-٢: پێشەیی:** بریتییە لەدانانی پلانێک بۆ پرۆگرامێکی قسە لەسەرکراو بەپێی ئەو گۆڕانکارییەی بۆ باشتر بوون دەکرێت.

بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر پێکهاتەی بنەڕەتییەکە هەبێت، لێرەدا گۆڕانکارییەکە زۆر لەسەرخۆ ئەنجام دەدرێت بێ ئەوەی لەڕیشەوە گۆڕانکارییەکە کرابێت (أحمد،١٩٩٩، ٤٨).

**١-٢: لەڕووی بووارەکانەوە:**

دابەش دەبێت بۆ:

**١-٢-١: بەشی :** گۆڕانکاری لەبەشێک دەکرێت نەوەک لەهەمووی، وەک: (پڕۆگرامی بابەتەکانی خوێندن، پێکهاتەی فێرکردن، پێگەیشتووی فێرکاریان).

**١-٢-٢: تەواو و گشتی:** ئەمەیان لەسەر تەواوی ئاستی پڕۆگرامی پەروەردەیی ئەنجام دەدرێت، یان پڕۆگرامەکە تەواوی پێداویستییەکانی پەروەردەیی لەخۆی دەگرێت. ئەمەش گفتوگۆی فراوان بۆ پڕۆگرامی پەروەردەیی دروست دەکات و پەیوەندییەکان و هۆیەکانی جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکەو چەندانی تر دیاری دەکات، کە بریتیین لە داواکارییەکانی پڕۆگرامی گشتی (أحمد،١٩٩٩، ٤٨).

**١-٣: لەڕووی ڕەهەندەوە:**

چالاکی چاکسازی پەروەردەیی خۆی لەسێ ڕەهەندی سەرەکی دەبینێتەوە کە ڕەگەزی جەوهەریین لەسەرجەم چالاکییە پرۆگرامییەکان:

**١-٣-١: ڕەهەندی مێژوویی:** مەبەست لێی هەموو ئەو لایەنانەی تایبەتن بە ڕەگەزی مێژوویی کاریگەروەوە لەپڕۆگرامی پەروەردەیی، ئەمە ڕێگە بەگۆڕین نادات بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پرۆگرام. دەکرێت لەدەورو شوێنی ئەو ڕەهەندە بزانرێت لەسەرجەم پێکهاتەی پلانەکە (لخضر،٢٠٠٧، ٣١).

**١-٣-٢: ڕەهەندی ڕێکخستن:** مەبەست لێی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بەپێکهاتەی فێرکردن و ڕێکخستن و دیاریکردنی یاساکان لەسەری دەڕۆن، کەوا پرۆگرامی پەروەردەیی تەنیا شێوەیەک لەسەر هەیکەلەکە وەرناگرێت، هەروەک ئەو پرۆگرامە گۆڕانکاری لەیاساکان و تەشریعات دەکات لەهەرکاتێک کە پێویست بوو ( لخضر،٢٠٠٧، ٣١).

**١-٣-٣: ڕەهەندی بیداگۆجی:** مەبەست لێی هەموو ئەو پەیوەندییە ڕاستەخۆیانەی کە لەچوارچێوەی کێشەی فێرکردندا هەیە دەگرێتەوە بۆ ( پرۆگرامی خوێندن و پێداویستییەکانی فێرکردن و نەخشەڕێکی وانەوتنەوە) ( لخضر،٢٠٠٧، ٣١).

**١-٤: لەڕووی سەرچاوەی بڕیارەوە:**

دابەش دەبێت بۆ:

**١-٤-١: پرۆگرامی مەرکەزی:** مەبەست لێی ئەو پلانەیە کە لەچوارچێوەی ناوخۆیی ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش وایپێویست دەکات پلانێکی جێبەجێکراو لەسەرجەم شوێنەکان گۆرانکاری ناکرێت، تەنیا لەو کاتەی کە پەیوەست دەبێت بە مەرکەزییەت کە پێچەوانەی نامەرکەزییە کە هەر شوێنەو پرۆگرامێکی تایبەت بە خۆی هەیە .

**١-٤-٢: پرۆگرامی نامەرکەزی:** مەبەست لێی ئەوەیە کە پرۆگرام پەیوەست دەکرێت بە هێڵە بەرچاوەکان کە داواکاری گەشەپێدانە، بەڵام لەهەموو شوێنەکان تەنیا یەک شێوە وەرناگرێت، بەڵکوو هەر شوێنەو پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆی هەیەو بەپێی بارودۆخ و پێداویستییەکانی دادەنرێت (أحمد،١٩٩٩، ٤٩).

**٢:بنەمای بنیاتنانی پرۆگرامی پەروەردەیی:**

ئەم بنەمایە لەو کاتەی پرۆگرام هۆکارو ڕێگەیەکی سەرەکییە ، کەوا گۆرانکارییەکی داواکراوە لەهەڵسوکەوتی تاک لە کۆمەڵگەدا. بۆیە پێویستە پراکتیکی بنیادنانی پرۆگرام لەسەر بنەمای پەروەردەیی ڕوون بۆ فێرکاریان بنیاد بنرێت، تاوەکو قوتابخانە بەئەرکی سەرەکی خۆی هەڵسێت بەرامبەر بەئامادەکاری و ڕاهێنانی نەوە بۆ ژیانکردن بەشێوەیەکی ئاسای. (مدکور،2001، ٢٣)

زانایانی بواری پەروەردە بەزۆر شێوەو وردەکاری بنیادی پرۆگرامی پەروەردەییان دامەزراندووەو بەچەندین شێوە دابەشیان کردووە، ئەم دامەزراوە بنیادییەش بەمشێوەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

**٢-١: بنەمای فەلسەفی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی:**

سەرەتا پێویستە بزانین فەلسەفە و فەلسەفەی پەروەردە چییە؟

**1-1-2: فەلسەفە:** وشەیەکی یۆنانییە، بەمانای ( خۆشەویستی دانا-زانا) دێت، کە واتای (شیکاری زانین – شیکاری عەقڵی)یە. فەلسەفە پەیوەستە بە سەرجەم زانستەکان.

**2-1-2: فەلسەفەی پەروەردەیی:**

بریتییە لەو شێوازە پرۆگرامە ڕێکخراوەی کە بۆ هەستکردن بەڕووداوەکانی پەروەردەیی و جەخت لەسەر گرنگی فێرکردن و هۆیەکانی بەدیهێنان دەکات ( مدكور،2001، ٢٣)

**3-1-2: بنەمای فەلسەفی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی:**

بریتییە لەدەرچوونی فکری، هەروەها تیۆرییەک کە دەسەڵاتی بەسەر پراکتیکی پەروەردەیی هەیە، ئاڕاستەکردنی بۆ هەڵبژاردن و ڕێکخستنی لەبەر ڕۆشنایی ئەمدا شێوەی کەسێتی دیاری دەکات کە ئامانجی پەروەردەکردنە ( مدكور،2001، ٢٣).

**٢-١-٤: فەلسەفەی ئیسلامی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی:**

بریتییە لەچوارچێوەیەکی فکری و تیۆری، لەمیانەیەوە پەروەردە دەردەچێت. دەربڕینە لە کەسایەتییەکی باش بۆخۆی و ویستنی بەرژەوەندی کەسانی تر. واتە بەرهەمهێنانێکی بەسوود بۆ خۆیی و کۆمەڵگەو کەسانی دەوروبەری. لەقورئانی پیرۆزدا لەژێر رۆشنایی دنیاو کۆتایی زۆر وردو جوان وێنەی پرۆگرامی پەروەردە کێشراوە. ئەمەش بەو واتایەی چاڵاکییەکی بەردەوامە بۆ زانین و پەروەردەیی (دۆزینەوەو کۆکردنەوەو بەیەکبەستنەوەو بەیەکگەیاندن و بلاوبوونەوەی) لەگۆشەی بینینی ئیسلامی بۆ گەردوون و مرۆڤ و ژیان (محجوب،1987، 40)

**پراکتیزەکردنی لە پەروەردەدا:**

1- پابەندبوون بەهەڵسوکەوتی شەریعەت لەڕووی ئامانج و پێکهاتەو ڕێگەی وانەوتنەوەو هۆیەکانی فێرکردن.

2- تەنیا شارەزایی فێرکردن لەبواری زانینی دینی شەریعەت نییە بەڵکو بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانە.

3- فێری ڕێزگرتن لە مرۆڤەوە بۆ خوا دەکات.

4- ڕەخساندنی گەردوون بۆ خزمەتی مرۆڤ و پاداشتکردنی، ئەمەش داواکاری بەردەوامە بەبیرکردنەوەو جێبەجێکردن و مرۆڤ بەهەموو پێکهاتەکەیەوە.

5- لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا داواکاری زانست فەرزەو کاریش فەرزی خودی خۆیەتی.

6- جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەا دین پەیوەستە بەتەواوی ژیان لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی (ابو حويج،٢٠٠٠، ٢٦)

**٢-١-٥: فەلسەفەی پراگماتیک بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی:**

تویژەر پێی وایە فەلسەفەی پراگماتیک جەخت لەسەر لایەنی کارلێکی جێبەجێکراو دەکات. لایەنی تیۆری بێسوودە تا ئەو کاتەی پراکتیزە نەکرێت. جەخت دەکاتەوە لەسەر کارو سوودی بنەڕەتی بڕیاردان لەسەر ڕاستگۆیی فکرەکە یان پرۆگرامی فێرکردن. هەروەها وا دەبینێ کە شارەزایی (خیبره) لەڕێگەی تێکەڵبوونی منداڵ و ژینگەوە بەدەست دەهێنرێت. هەموو ئەوانەی ،کە بەسوودن و شایستەی پراکتیزەکردنن ئەوا سوودمەندو ڕاستەقینەن.

**پراکتیزەکردنی لە پەروەردەدا:**

١-رەخساندنی ژینگەیەک بە واقعی و زیندووی بناسریتەوە بۆ ئەوەی کارلێک و ئاوێتە بوونێک لەگەڵ فێرخوازاندا فەراهەم بکات (عزيز،٢٠١٩، ١٢٩).

٢-جەختکردن لەسەر کارای خوودی و کەسێتی لەفێرکردن و فێربوون.

٣-بەکارهێنانی زیاتر لەسەرچاوەیەک بۆ زانیارییەکانی پرۆگرام سەرەڕای کتێبی قوتابخانە.

٤-لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکییەتی لەڕێگەی جۆراوجۆری شارامزایی پێشکەوتووی فێرخوازەکان.

٥-گرنگیدان بە کارایی پێوانەکردنی بەردەوام و گشتگیر لەپاڵ لایەنی ویژدان و بەهرە سەرەڕای لایەنی زانین.

٦-گرنگیدان بەچالاکییەکان، بەوادانان کەوا بەشێکە لەپرۆگرام، هەروەها گرنگیدان بەجۆراوجۆربوونی تاقیکردنەوەیی ( مدكور،2001، ٥2-٢٨).

**٢-١-٦: فەلسەفەی نوێکردنەوە بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی:**

ئەم جۆرە فەلسەفەیە ماوەکەی فراوانترە لەفەلسەفەی پێشکەوتوویی، لەگەڵ بوونی یەک جیاوازی جەوهەری، ئەویش گرنگیدانێکی زۆرە بەداهاتوو و داهاتووی شارستانییەتی لەگەردووندا. کەسایەتییەکانی ئەم جۆرە فەلسەفەیە پێیان وایە دەبێت گرنگی بەداهاتووی خوێندن بدرێت. ئەم جۆرە فەلسەفەیە جەخت لەسەر کۆمەڵگە دەکاتەوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەوا لەسەر هەموو تاکێک پێویستە ببەخشێت لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی کەسانی تر. هەروەها بەشێوەیەکی باش پێداویستییەکان بەکاربهێنێت و کار بۆ زیادبوونی دەکات، سەرپەرشتی داهاتوو و ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو بەرهەمهێنانی کاتی گونجاو و لەبار تیایدا دەکات. ( مدکور،2001، ٢٥).

**پراکتیزەکردنی لە پەروەردەدا:**

1- بانگهێشتن بۆ گرنگی پێدانی داهێنان و گەورەبوون و گەشەپێدانی خوودی.

2- سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیاو ئەنتەرنێت.

3- گرنگیدان بە زانستی داهاتوو و ئاستی بەرهەمهێنانی فێرکردن (ابو حويج،٢٠٠٠، ٢٦).

**٢-٢: بنەمای هەستپێکراوەیی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی:**

بنەمای هەستپێکراوەیی بەشێوەیەکی پتەو و کاریگەر پەیوەست دەبێت بە بنەمای فەلسەفە. بۆیە بەشێوەیەکی فەلسەفی لەگەڵ تیۆری زانین جیاوازە لەڕێگەی سروشت و بەدەستهێنانی و شێوازی ڕێکخستن و ئەرکییەوە. بنەمای هەستپێکراوەیی بەشێوەیەی پلەبەندی کاریگەری بەسەر دیاریکردنی پرۆگرام و پلاندانان و جێبەجێکردنیان دەبێت (ابو حويج،٢٠٠٠، ٢٦)

**٢-٣: بنەمای دەروونی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی:**

ئەو ڕەگەزە بنچینانەی کەوا بنەمای دەروونی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی پێک دەهێنن، جۆراوجۆرە، لەگرنگترینیان:

1- شێوازی زانین لە بەردەوامی فێربوون و فێرکردندا.

2- شێوازی زانین بۆ فێربوون و تایبەتمەندییەکانی فێرخوازان و مەرجی فێربوون بۆ سەرجەم قۆناغەکان لەقۆناغەکانی گەشەی فێرخوازان (صالح،١٩٧٢، ٣٨).

3- ڕۆڵێکی ئەرێنیی هەیە بۆ فێربووان لەکاتی فێربووندا.

4- گرنگی بەش بەشبوون و چەسپاندنی لەرێکخستنی فێربووندا.

5- دەرچوون بۆ پێداویستییەکانی فێرکاریان و تێروانین و توانایان لەهەڵبژاردنی ئامانج و ڕێگەکانی فێربوون.

6- جۆراوجۆری لەسەرچاوەی فێرکردندا.

7- بەکارهێنانی ڕێگەو دۆزینەوەو دەرهێنان و واتایی و سەربەخۆیی و ئەنجام لەڕێکخستنی فێربوون و جەختکردن لەسەر بەردەوامی بیرکردنەوە بەسەرجەم ڕێگەو ئاستە جیاوازەکانەوە، لەپێناو فێربووندا.

8- جەختکردن لەسەر بەدیهێنانی هەل بۆ نواندنی پراکتیکی لەگەڵ توخمەکانی فێربوون بەشێوەیەکی باشتر.

9- بەدیهێنانی هەڵ بۆ فێرکاریان لەپێناو هەڵبژاردنی ئەو شارەزایەی کە بۆ فێربوون هەیەتی و لەگەڵی گونجاوە سەرەڕای توانا و پێداویستییەکانی بەلەبەرچاوگرتنی تاک لەفێرکردندا لەکاتی گۆڕینی جێگرەوەی جۆراوجۆردا.

10-بەدیهێنانی هەل بۆ فێربوون و ڕاهێنان لەکاتی فێرکردن و فێرکردنی جۆراوجۆردا.

11-گرنگیدان بەتێگەیشتن و بنچینە لەفێربووندا.

12-دابەشکردنی تیۆری فێربوونی جیاواز بۆ فێربوونی تێگەیشتن و بنچینەو ئاڕاستەکان و بەهرەی عەقڵی.

13-پابەندبوون بەدەوری ئاڕاستەکراو بۆ فێرکار، بەو واتایەی فێرکار ڕێکخەرە بۆ فێربوون و دیاریکردنی ڕێگە بۆ فێرخوازەکان نەک بەو واتایەی تاکە سەرچاوە بێت (صالح،١٩٧٢، ٣٨-٤٤).

**٢-٤: بنەمای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی:**

بنەمای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەسروشتی خۆی دەبەسترێتەوە بە کۆمەڵگەو پێداویستییە جۆراوجۆرەکان و ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، پەیوەست بوونەکە بەشێوەیەکە کە پتەو و بەهێزە بۆ کۆمەڵگەو عەقیدەو داب و نەریت ( اللقانی،2002، ٤٤).

**٣: پێکهاتەی پرۆگرامی پەروەردەیی و باخچەی منداڵان:**

پرۆگرام لەچوار ڕەگەزی سەرەکی پێک دێت، کە بەشێوەیەکی بەهێزو پتەو بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەم چوار ڕەگەزەش بریتیین لە:

1- ئامانجی پەروەردەیی.

2- ناوەڕۆکی پرۆگرام.

3- ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پراکتیکی فێربوون.

4- پێوانەکردن.

سەرەڕای ئەوەی کە بە پەیوەندییەکی پتەو پرۆگرام بە وانەوتنەوە بەستراونەتەوە بەشێوەیەک کەهیچ کامیان بەبێ ئەویتر بەدەستناهێنرێت، بەڵام پرۆگرام پلانی نووسراوەی پێشوەختەی وانەوتنەوەیە کەلەلایەن کۆمەڵی لەپسپۆران و شارەزایان دادەڕێژرێت بەمەبەستی فێربوونی فێرخوازان، بەڵام وانەوتنەوە چالاکییەکی جێبەجێکارییە کەوا فێرکار پێی هەڵدەستێت و توخمەکانی تری پرۆگرام بۆ بەهرەی بەدەستهاتوو لەلایەن فێرخوازانەوە دەگۆڕێت ( الخليفة، ۲۰۰۳، ٥۲).

لێرەدا باس لەپێکهاتەی پرۆگرام دەکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

**۳-۱: ئامانجی پەروەردەیی:**

ئامانج بریتییە لەپێکانی شتێک و بابەتێک و ئاڕاستەکراو بۆی بەشێوەیەکی نیشانەبۆکراو. واتە ئامانجی پەروەردەیی بریتییە لەبوونی بابەتێک و ویستنی گەیشتنە پێی. ئەمە وەک بابەتێکی گشتی پەروەردەیی یان قۆناغەکانی فێرکردن، وەک تایبەتیش یەکەکانی فێرکردن یان وانەیەکی دیاریکراوە. مەبەست لەدەرئەنجامی فێربوونی پلان بۆداڕێژراوە کە کۆمەڵگەو سیستەمی فێرکردن و قوتابخانەیە بۆ یارمەتیدانی فێرخوازەو گەورەبوونی بەئەندازەی ئەو ئاستەی کە لە توانایدایە. واتە گەیشتن بەوەی مەبستدارە، ئەمەش بەداڕشتن و وەسفکردن و گۆڕینی داواکارییەکانە لەلای فێرکاردا ( السميرى،۱۹۹۷، ٦۲).

**۳-۱-۱: سەرچاوەی دەرهاویشتەی ئامانجی پەروەردەیی:**

بۆ چوار سەرچاوەی سەرەکی دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە:

1- کۆمەڵگە.

2- زانین.

3- فێرکار.

4- ئاراستەی جیهانی نوێ لەپەروەردەو زانستی دەروونناسی ( الخليفة،٢٠٠٣، ٥٤).

**٣-١-٢: جۆرەکانی ئامانجی پەروەردەیی:**

ئامانجی پەروەردەیی لەڕووی شێوەو ناوەوەی دابەش دەبێت بۆ:

1- ئامانجی پەروەردەیی گشتی.
2- ئامانجی پەروەردەیی تایبەتی.
3- ئامانجی پەروەردەیی فێرکاری (السميری،١٩٩٧، ٦٥).

**٣-١-٣: پێوەری جۆری بۆ ئامانجی پەروەردەیی:**

لەڕووی گشتی و تایبەتییەوە دابەش دەبێت بۆ:

**٣-١-٣-١: ڕوونی :**

پێویستە ئامانجی پەروەردەیی گەر گشتی بێت یان تایبەتی بێت. پێویستە بۆ پرۆگرامێکی دیارکراو ڕوون بێت، لەوکاتەی هیچ ڕایەکی پێچەوانە نەبێ لەڕوونکردنەوەی، هەروەها لەڕووی هەڵبژاردنی ئارەزوو و ناوەڕۆکەوە لەڕێگەیەوە ئامانجەکان بەدەست بهێنرێت (السميری،١٩٩٧، ٦٥).

**٣-١-٣-٢: گشتگیری:**

واتە سەرجەم لایەنەکانی چالاکی مرۆڤ لە (معريفی و ویژدان و جولەیی) و هەموو لایەنەکانی دەروونی مرۆڤ لە (عەقڵ و هەست و جەستە) دەگرێتەوە.

**٣-١-٣-٣: تەواوەتی:**

پشت بەدوو بنچینە دەبەستێت:

1- تەواوەتی لەڕووی دەروونی مرۆڤ.

2- تەواوەتی لەڕووی زانینی مرۆڤ (السميری،١٩٩٧، ٦٥).

**٣-١-٣-٤: ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ:**

پێویستە ئامانجی پەروەردەیی ڕەچاوی مافی تاک، وەک ئەندامێک لەکۆمەڵگە بکات و ڕێز لەمافی بگرێت، لەڕووەکانی سیایی و ئابوری و ڕۆشنبیرییەوە (السميری،١٩٩٧، ٦٧).

**٣-١-٣-٥: ڕۆیشتن بەئاڕاستەی دیمۆکراسی:**

ئامانجی پەوەردەی باش دەکرێ هەڵێنجراوی ئایدۆلۆژیای دیمۆکراسی بێت، بەسیستەمی دیمۆکراسی ڕەچاوی پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ بکرێت و ڕێز بۆ سەرجەم تاک و کەسایەتییەکان دابنێت (السمیری،١٩٩٧، 67).

**٣-١-٣-٦: پەیوەستبوونی ناسنامە بە کۆمەڵگە:**

پێویستە ناسنامە پەیوەست بێت بە کۆمەڵگە، واتە ڕاستگۆ بێت بۆ داهاتووی کۆمەڵگە، بەلام گەر گۆڕانکارییەکان خێرا بێت ئەوا پەیوەست نابێ بەناسنامەی کۆمەڵگە، بەڵکو پێویستە ئامانجەکان کە بۆ داهاتوو دادەنرێت و گونجاو بێت (السمیری،١٩٩٧، 67).

**٣-١-٣-٧: سەرچاوەی پێداویستییەکانی کەسێتی بۆ فێرکاران:**

پێویستە بەرپرسان لەبارەی پرۆگرامی پێویستی سەرەکی تاک بزانن، هەروەها پێویستە کاربکەن لەسەر بەیەک بەستنەوەی پێداویستییەکانی بەئەنجامەکان بکەن کە دەیانەوێ ئەنجامی بدەن. (السمیری،١٩٩٧، 68).

**٣-١-٣-٨: یەکسانی:**

تاوەکو یەکسانی یەکێک بێ لەپێوەرەکانی راستی بۆهەڵبژاردنی ئامانجی پەروەردەیی، ئەوا ئەمەش بەو واتایە دێت چالاکییە هەڵبژێردراوەکان بەسەر تەواوی ئاستە جیاوازەکان و گەشەیان بەیەکسانی دابەشبکرێت (السمیری،١٩٩٧، ٦٨).

**٣-٢: ناوەڕۆکی پرۆگرام:**

توێژەر پێی وایە، ناوەڕۆک شێوەیەکە کە لەپرۆگرام وەک کەرەستەیەکی ماددی و دەست لێدراو دەردەکەوێت و ناوەڕۆک وەریدەگێرێت بۆ ئامانجی فێرکردن.ناوەڕۆک ڕەگەزی دووەمە لەپێکهاتەی پرۆگرام کەوا بەهەموو پێکهاتەکانی تری پرۆگرام بەستراوەتەوە، بە بەستنەوەیەکی کاریگەرو کارتێکراو.

ناوەڕۆک بریتییە لە کۆمەڵێ پێوانەی ڕاستەقینەی و ڕێککاری جێگیر، زانین و بەهرەو شارەزایی مرۆڤ دەگۆڕێت بەگۆڕانی کات و شوێن و پێداویستییەکانی مرۆڤ، کە فێرکار لەنێویدایە کارلێککردن لەگەڵی لەپێناو گەیشتن و بەدەستهێنانی ئامانجی پەروەردەیی داواکراو

تێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە ناتوانرێت ناوەڕۆک لەگەڵ پراکتیزەکردنی فێربوون و فێرکردن لەیەک جیا بکرێنەوە، هەروەها لەنێوان زانین و چالاکیشدا. پەیوەندییەکانی نێوان ئەو گۆڕانکارییانە پەیوەندییەکە کەوا ژینگەو ڕۆشنبیری دیاریکراو بەئارەزووی خۆی دیاریدەکات (کوجك،٢٠٠٦، ٦٦).

**٣-٢-١: ڕێگاکانی هەڵبژاردنی ناوەڕۆک:**

هەڵبژاردنی ناوەڕۆک بەسێ ڕێگا دەبێت:

**٣-٢-١-١: ڕێگای یەکەم: دیاریکردنی پێداویستییەکانی خوێنکار:** پشت دەبەستێت بەدیاریکردنی پێداویستییەکانی خوێندکار و کێشەکانیان و زانیارییان و بەهرەیان، کە لەژیانیان پێویستیان پێی دەبێت.

**٣-٢-١-٢: ڕێگای دووەم: داواکارییە مادییەکان:** ئەم ڕێگەیە گرنگی دەدات بەدیاریکردنی داواکارییەکانی ماددەی فێرکردن زیاتر لەپێداویستییەکانی خوێندن.

**٣-٢-١-٣: ڕێگای سێیەم: لە ڕێگەی شارەزایان:** ئەم ڕێگایە ناوەڕۆک هەڵدەبژێرێت لەڕێگەی شارەزایانەوە لەسەرجەم بووارەکان لەبووارەکانی زانین (کوجك،2006، ٦٨)

**٣-٢-٢: پێوانەیی هەڵبژاردنی ناوەڕۆک:**

زانایانی بواری پەروەردە چەندین جۆری پێوانەیی سەرەکییان بۆ هەڵبژاردنی ناوەڕۆک دیاریکردووە، لەوانە:

1- پەیوەستکردنی ناوەڕۆک بەئامانج.
2- ڕاستی ناوەڕۆک.
3- گونجانی ناوەڕۆک بۆ ئاستی فێرخواز.
4- خستنەبەردەستی ناوەڕۆک بەقووڵی ( شحاتة،2003، ٧٢)

**٣-٢-٣: سیستەمی ناوەڕۆک:**

زانایانی پەروەردە دوو سیستەمی سەرەکییان داناوە، کەوا شارەزایانی ناوەڕۆک دەتوانن لەژێر ڕۆشنایی یەکێکیان پرۆگرام دابنێن، لەوانە:

**٣-٢-٣-١: سیستەمی دەروونناسی:**

مەبەست لێی شارەزایانی ناوەڕۆک بۆ پرۆگرام و ڕێکخستنیان لەسەر تایبەتمەندییەکانی گەشەی فێرخوازو ئارەزوویان و پێداویستییەکانیان و توانایان و ئامادەییان دەبێت، ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم جۆرە سیستەمە تاکی فێرخوازە، هەروەها لەم جۆرەدا فێرخواز لەلایەن گەورەو شارەزایانەوە ناچار ناکرێت، بەڵکو لەژێر ڕۆشنایی فێرخوازانەوە لە تێگەیشتن و گەشەو پێویستیان خۆی دەبینێتەوە ( شحاتة،2003، ٧٢).

**٣-٢-٣-٢: سیستەمی مەنتقی:**

لەم جۆرە سیستەمەدا شارەزایانی ناوەڕۆک بۆ پرۆگرام چالاکییان لەسەر بنچینەی سروشتی ماددەکانی خوێندن لەکۆنەوە تا ئێستا، لەبەش بۆ گشت، لەدیار بۆ نادیار، لە سادە بۆ ئاڵۆز دەبێت، سەرچاوەی سەرەکی ئەم سیستەمە ماددەی خوێندنە کە پەیوەستە بۆ تێگەیشتن و بنەماو ڕاستەقینەیی و یاساو تیۆرەکان، لەم سیستەمەدا لەهەموو لایەنەکانەوە زانین و زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕێک بەیەکەوە بەستراونەتەوە ( شحاتة،٢٠٠٣، ٧٢)

**٣-٣: ڕێگاکانی وانەوتنەوە پراکتیزەکردنی فێربوون:**

چالاکییەکانی فێربوون پلان یان ڕێکخراوەو لەکۆمەڵێک پراکتیکی پێک دێت، کەوا فێرکار پێی هەڵدەستێ لەپێناو یارمەتیدانی فێرخواز بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکەی (مرسی،١٩٨٥، ٧٨)

**٣-٣-١: قۆناغەکانی پراکتیکی وانەوتنەوە:**

دەتوانین بەسەر سێ قۆناغی سەرەکی دابەشی بکەین:

**٣-٣-١-١: قۆناغی پلاندان:**

ئەم قۆناغێکە لەپراکتیکی زەینی کەوا ئاڕاستەکراوە بۆ دیاریکردنی ئامانج و هەڵبژاردنی باشترین ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی، ئەم قۆناغە خاڵییە لە کارلێککردن ، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی ئەنجام دەدرێت.

**٣-٣-١-٢: قۆناغی جێبەجێکردن و کارلێککردن :**

لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووبوونەوەی فێرکار بەفێرخوازەکانییەوە دەست پێدەکات.

**٣-٣-١-٣: قۆناغی بەدواداچوون:**

لەم قۆناغەدا فێرکار هەوڵ دەدات بزانێت تاچەند کاریگەری بەسەر فێرخوازەکانییەوە هەیەو دواتر وردبین بێت تا ئاستی کارلێککردنی بەوانەوتنەوە، تیایدا هەوڵ دەدات بەهۆیەوە سوود لەبەدواداچوون وەربگرێت لەکاتی پراکتیکی وانەوتنەوەدا (مرسی،١٩٨٥،٧٩).

**٣-٣-٢: ڕێگاکانی وانەوتنەوە:**

بەسەر چەند ڕێگەیەک دابەش دەبێت، کە بۆ ڕێگەی وانەوتنەوەی گشتی دەبێت هەروەها بۆ ڕێگەی وانەوتنەوەی تایبەتیش دەبێت کە تایبەتە بەچینی وانەبێژانی ماددەیەک لەماددەکانی یان بابەتێک لەبابەتەکانی ئەو ماددەیە (مرسی،١٩٨٥، ٨٠).

*** لەگرنگترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە بریتین لە:**

1- ڕێگەی پێشکەشکردن.

2- ڕێگەی گفتوگۆکردن.

3- ڕێگەی لێکۆڵینەوە.

4- ڕێگەی چارەسەری کێشەکان.

5- ڕێگەی فێربوون بەدۆزینەوەی ڕووبەڕووبوونەوە.

6- ڕێگەی سەربەخۆیی.

7- ڕێگەی وانەوتنەوەی گروپ.

8- ڕێگەی وانەوتنەوەی بچووککراو (مرسی،١٩٨٥، ٨٠).

**٣-٤: پێوانەکردن:**

ئەم جۆرە ڕەگەزی چوارەمە لەپێکهاتەی پرۆگرام، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ پرۆگرام،کە بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بەئامانجی پەروەردەیی مەبەستدار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەیی، هەروەها بەناوەڕۆکیشەوە پەیوەستە لەڕووی سروشتی جیاوازی چالاکییەکانەوە، هەروەها بەستراوەتەوە بەڕێگاکانی وانەوتنەوە کەوا فێرکاران پێی هەڵدەستن، هەروەها بەستراوەتەوە بەدەرئەنجامی پراکتیکی فێرکردنەوەو چەندێتی پێوانەیی و بەدەستهێنانی ( محمد الموجود،١٩٨١، ٨٦).

**٣-٤-١: ناوەڕۆکی پێوانەکردن:**

ناوەڕۆکی پێوانەکردن کۆمەڵێک چالاکی و ڕێگەی جیاجیای ئاڵۆز لەخۆی دەگرێت، لەوانە:

1- دیاریکردنی ئامانجی گشتی و تایبەتی کە بۆ پراکتیکی پێوانەکردن بەکاردێت.

2- دیاریکردنی هەڵوێستەکان کە بەهۆیەوە دەتوانین زانستە بەیەکگەیشتووەکان بەئامانج کۆ بکەینەوە.

3- هەڵبژاردن دواتر دیزاینی ڕێگەکان و پێداویستییەکانی پێوانەکردنی گونجاو.

4- کۆکردنەوەی داتاکان بەهۆی پێداویستییەکان و ڕێگەکانی هەڵبژێردراو و ئەو هەڵوێستەیەی کەپێشتر بۆی دیاریکراوە.

5- شیکردنەوەی داتاکان بەشێوەیک بێت کەوا گۆڕانکارییەکان و لەجێدانانەکان بەردەست بێت، بەمەبستی گەیشتن بەبڕیاردان ( محمد الموجود،١٩٨١، ٨٦)

**٣-٤-٢: بنچینەی پێوانەکردن:**

پێوانەکردن پشت بەچەندین بنچینەو بنەما دەبەستێت، گرنگترینیان بریتین لە:

1- پێوانەکردن تەنیا ڕێگەیەک نییە بۆ بریاردان بۆ پراکتیکی فێرکردنی پەروەردەیی، بەڵکو هەروەها پلانێکی سەرەکی پراکتیکییە بۆ گۆڕان و پەرەسەندنی پەروەردەیی.

2- پێوانەکردن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی پراکتیکی بەئامانجی فێرکردن هەیە.

3- پێوانەکردن پراکتیکییەکە بۆ جوان پێشاندانی پێشکەشکراوەکانی تاک و کۆمەڵ.

4- پێوانەکردن پراکتیکێکی گشتگیرە کەخۆی لەچەندین وێنەدا دەبینێتەوە.

5- پێداویستییەکانی بەکارهاتووی پێوانەکردن جۆراوجۆرە.

6- پێویستە پراکتیکی پێوانەکردن ڕاستەقینەو جێگیر بێت.

7- پێوانەکردن جیاوازی تاکییەتی تیایدا دەکات.

8- جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کەوا پراکتیکی پێوانەکردن پێویستە پراکتیکی مرۆڤایەتی بێت ( محمد الموجود،١٩٨١، ٨٧)

**٣-٤-٣: جۆرەکانی پێوانەکردن:**

پسپۆڕان لەزانستی پرۆگرام پێوانەکردنیان بەسەر دوو جۆردا دابەشکردووە:

١-پێوانەکردنی ڕاستەوخۆ.

٢-پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆ( محمد الموجود،١٩٨١، ٨٨).

**٣-٤-٤: شێوەکانی پێوانەکردن:**

1- تاقیکردنەوەی بەدەستهێنراو.

2- تاقیکردنەوەی زیرەکی.

3- تاقیکردنەوەی توانای عەقڵی.

4- تاقیکردنەوەی کەسێتی.

5- تاقیکردنەوەی دیاریکردن ئارەزوو و ئاڕاستەکان ( محمد الموجود،١٩٨١، ٨٨-٩٠).

**٤: مێژووی پرۆگرامی پەروەردەی و پرۆگرامی خوێندن لە باخچەی منداڵاندا:**

مرۆڤ بەسروشتی خۆی تەنیا لەئیستادا ناژیت، بەڵکو هەمیشە سەیری داهاتووی دەکات و ئامادەکاری بۆ دەکات، ئالێرەوەیە مرۆڤ گرنگی بە پڕۆگرامی ڕۆژانەی ژیانکردنی داهاتووی داوە هەر لەشارستانیەتی کۆنەوە تا سەردەمی ئێستاو هەر بەمشێوەیەش دەمێنێتەوە تا لەسەر زەوی بژیت.

( ئەفلاتوون ) لە کۆمارەکەیدا پرۆگرامێکی پەروەردەیی گونجاو بۆ گۆمەڵگەی ئەسینا دانا، تیایدا زۆر بەڕوونی باسی لەئامانجەکانی پەروەردە هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە تا دوایین ئاستی دەرچوون بەفەیلەسووف کردبوو، بەشێوەیەک بۆ هەرقۆناغێکی دەرچوون خولێکی دیاریکراوو تایبەتی بەشێوەی ڕەچاوکردنی ئاستی زانستییانەی بۆ دانا (ئەفلاتون ،٢٠٠٩، ١٣٨).

هەروەها گرنگی پرۆگرامی پەروەردەیی لەسەردەمی کۆن لەچەندین شارستانییەتی تریش دەبینرێت، لەوانە: (صین ) کەوا پرۆگرامی پەروەردەییان لەپێناو بەئامانج گەیشتنی نیشتیمانی داناوە ( Coombs ،1970، 16 )، بەڵام پڕۆگرامی پەروەردەیی لەسەردەمی نوێدا نەناسێنرا تا دوای شەڕی جیهانی یەکەم، لەوکاتەی کە یەکێتی سۆفیەت توانای خۆی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی سەرکەوتوو لەبوارە جیاجاکانەوە خستەڕوو، لەو کاتە پرۆگرامی پێنجی یەکەم لەساڵی (١٩٢٣) دەرکەوت.

لەدوای شەڕی جیهانی دووەم پرۆگرامی پەروەردەیی گەسەندنی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت لەبوارەکانی ( زانستی و تەکنەلۆجیاو گۆرانکاری ئابووری و دانیشتوان و ڕۆشنبیری)، کە

کاریگەرییان بەسەر جۆری ئامانجی ڕێک هەبوو. چەندین ڕێو شوێنی تایبەت بەخوولی نوێی بۆ پەروەردە دیاریکرد بەڕەچاوکردنی جۆری کێشەکان و ئاڵۆزییان. لەو کاتەوە پەروەردە وەک پەشێکی بێ بەرهەم سەیر نەکرا، بەشێوەیک سەیرکرا کە بەرهەمهێنری ڕاستەقینەیە بەئاڕاستەی گەشەسەندنی کۆمەڵگە. لەوکاتەدا پڕۆگرامی پەروەردە لاواز بوو لەڕووی زانستەوە بەلام فراوان بوو لەڕووی ئابوورییەوە ئەمەش بەهۆی دیاریکردنی خولی دەرچوون لەپڕۆگرامی پەروەردەیی بەپێی پێویستی کۆمەڵگەو جیاوازی کەرتەکانەوەیە ( رمزی،٢٠٠٦، ١٦).

توێژەر پێی وایە پڕۆگرامی باخچەی منداڵان لەمڕۆدا پانتاییەکی فراوان و گەورەی لەجیهان داگیرکردووە، کە لەسەر بنچینەی زانستی و بەرنامەی ڕوون و پسپۆڕی بنیاتنراوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک نابێت فەرامۆش بکرێت، واتە بەهیچ شێوەیەک لەشێوەکان ناتوانرێت دەستبەرداری پڕۆگرامی پەروەردەیی ببین.

هەروەها لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا پڕۆگرامەکانی باخچەی منداڵان لە تەواوی جیهاندا گەشەسەندن و پەرەی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە هەر لەو بوارەدا شارەزایان و پسپۆرانی بورای پرۆگرام و بەرنامەی باخچەی مندالان تێکۆشان و هەولیاندا چەند لێهاتوی و بابەتی هاوچەرخ لە ناو پرۆگرامەکانی فێرکردن لە باخچەی منداڵاندا جێگیر بکەن مەبەستی سەرەکیش لە جێگیر کردنی ئەو لێهاتووی و بابەتە هاوچەرخانە هێنانەدی گەشەپێدانی مرۆیی و کۆمەلایەتی بوو لە نێو ئەو لێهاتوویانەدا ، لێهاتووی ژیان و کۆمەڵایەتی کە یەکێک بوو لەو ئەزمونە سەرەکیانەی هەوڵ دەدرا لە لایەن فێرخوازان مندالان گشەی پێ بدرێت ( رمزی،٢٠٠٦، ١٦).

**٥: پرۆگرام لە باخچەی منداڵان:**

شارەزایان کۆکن لەسەر هێڵە ئاسۆییەکانی پرۆگرامی باخچەی منداڵان بۆمنداڵانی قۆناغی پێش چونە خوێندنگە ئەگەر چی ناکۆکیش بن لەسەر وردەکارییەکان، پرۆگرامی قۆناغی باخچە پرۆگرامێکی دیاریکراو نیە، کە هەندێ بابەتی خوێندنی لە خۆ گرتبێت وەك پرۆگرامەکانی قۆناغە جیاوازەکانی تری خوێندن، بەڵکو پرۆگرامێکە وەستاوە لەسەر چالاکی و پشتی پێ دەبەستێت، ئامانجی یەکەمی گەشەکردنی درکپێکراو وهەستەکان و تێرکردنی ئارەزوی منداڵە لەگەڵ دابینکردنی پێداویستیەکانی و دۆزینەوەی بەهرەو ئارەزوەکانی، پاشان ڕێگەدان بەو بەهرەو ئارەزوانەی تاگەشە بکەن و دەربکەون لە ژینگەیەکی ئازادو دور لە پەرتوك و پابەندکردنی منداڵ بە سیستەمێکی دیاریکراوەوە. بەڵام ئامانجی مەعریفیەکەی لە خودی خۆیدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامانجێکی مەبەست دارنیە، بەڵکو لە ڕاستیدا لە ئەنجامی کۆمەڵێك

چالاكیەوە دێتەدی كە منداڵ ئەنجامیان دەدات لەو سنورەی كە بگونجێت لەگەڵ ئامادەباشی تواناكانی منداڵدا دور لە پابەند كردنی بە سیستەمی پۆلی دیاریكراوەوە (ئەحمەد وئەوانی تر ،63،2016-64).

مەبەست لە پرگرامی خوێندن لە باخچەی منداڵاندا تەواوی ئەو پلان و چالاكی ، بەرنامەی فیركای و پەروەردەی ، پرۆگرامی كات بەسەربردنی گشتگیر و پەیوەست بەیەكتریە . كە تەواو لە رووی ئەزمو ن و چەمك و زانیاری و پیادەكردندا ، ئاكارە مەبەستدارەكانە یان بێ مەبەستەكان ، لە ناوخۆی باخچەی منداڵاندا یان لە دەروەی باخچەی منداڵاندا ئەنجام دەدرێت ( جمال ،١٢٣،٢٠١٣) .

**٦: گرنگی ئامانجی پرۆگرامی پەروەردەیی لە باخچەی منداڵان :**

**٦-١: ئامانجی پرۆگرامی پەروەردەیی بە شێوازێكی گشتی:**

پرۆگرامی پەروەردەیی لەسەر بنچینەی پێشبینی، داتایەكی تیۆری بەمەبەستی بەئامانج گەیشتن بۆ داهاتووی پەروەردەیی دادەنێت. لەگرنگترین ئامانجەكانی پرۆگرامی پەروەردەیی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بریتیین لە:

1- بەیەک بەستنی پەروەردەو گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی و ئابووری.
2- بەكارهێنانی نموونەی پێداویستییەكانی مرۆیی و ماددی.
3- بەدەستهێنانی وەرگرتنی تەواو بۆ ئەوانەی لەتەمەنی فێركردنی تەواو دان.
4- بەدەستهێنانی فراوانبوونی داواكاری بۆ فێركردن لەقۆناغەكانی ناوەندی و زانكۆیی.
5- بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی.
6- بەیەک بەستن لەنێوان فێركردنی سیستەمی و فێركردنی كۆمەڵگەیی.
7- زیادكردنی بەرهەمهێنان بۆ فێركردن.
8- زیادكردنی ئاگایی پرۆگرام لەلای بەرپرسەكان بۆ فێركردن.
9- بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی ( رمزی،٢٠٠٦، ١٨)

**6-٢: ئامانجی پرۆگرامی باخچەی منداڵان :**

فێركردن لە قۆناغی پێشوەختە منداڵیدا ، بناغەیە بۆ گەشەی هەمەلایەنی كەسێتی فێرخواز و فێربوون بە درێژای ژیان .

ئامانجەكانی پرۆگرامی خوێندنی ئەم قۆناغە بەم شێوەیەی خوارەوە كورت دەكرێتەوە:

1- سەرپەرشتیکردنی منداڵ بۆ بەدیهێنانی گەشەی فراوان لە هەموو لایەنەکانی ڕەوشت هزر توانی جەستەیی ، کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان ، گەشەپێدانی نەریت و رەفتاری باش بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ ژیان .

2- بزواندنی خولیای مندالان بۆ فیربوون و چاندنی هەڵوێستی فێربوونی ئەرێنی ، بە مەبەستی دانانی بنەمای داهاتووی فیرکاریان .

3- تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی مندالان و شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ، بە شێوەیەکی پیشەی و ئەکادیمی ( لیژنەیەک لە وەزراەتی پەروەردە ، 2018 ، ٨ ).

4- هێنانەدی گەشەی گشتگیر و تەواو هاوسەنگ بۆ منداڵ پێش چوونە قوتابخانە.

5- هێنانەدی کەسایەتیەکی تەواو بۆ منداڵ ، لەڕێگەی تێروانینێکی گشتگیر بۆ منداڵەکە نەك تەنها گرنگیدان بەبواری عەقلی و فەرامۆشکردنی بواری کۆمەلایەتی و جەستەیی.

6- رێکخستی سایکۆلۆژیای منداڵ.

7- تەاوکردنی ئەزموونەکانی منداڵ لەبواری ژینگە و پەروەردە و وەرگێرانیان بۆ ئاکارێکی کردارەکی لای منداڵ.

8- بەدەستهێنانی لێهاتوویی جۆراوجۆر و گونجان لەگەڵ ئاستی گەشە و پێگەیشتنی منداڵدا.

9- بەدەستهێنانی توانا بنەڕەتیەکانی فێربوون لای منداڵ.

10-بەدەستهێنانی توانای جەستەیی و توانای هونەری لای منداڵ.

11-بەدەستهێنانی توانای تێکەڵاوبونی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی هاوڕێ و تێگەیشتن و هاوکاری کردنی یەکدی (الجمال، ٢٠١٣، ١٤١).

**7: پێکهاتەی پرۆگرامی باخچەی منداڵان :**

رێگاکانی فێرکردن کە زیاتر بۆ باخچەی منداڵان گونجاو :

**1.ڕێگای بنینی ڕۆڵ :-** بینینی ڕۆڵ واتای ئەوەیە منداڵ خۆی بخاتە شوێن کەسێکی ترو لە جیاتی کەسێتی خۆی ڕۆڵی ئەو کەسێتیە بگێرێت، وەك ئەو ڕەفتار و هەڵس و کەوت بکات.

**2.ڕێگای چیرۆك گێرانەوە:-** بەواتای گێرانەوەی چەندەها چیرۆکی پەروەردەیی کە سودێکی زۆر بەمنداڵ دەگەیەنێت.

**3.بەکارهێنانی بووکەڵە:-** یەکێکە لەو ڕێگایانەی گرنگی خۆی لە فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵدا هەیە و هەموو منداڵانی جیهان بە پێی جیاوازی زۆر حەز لە بینین و گوێگرتن لە بووکەڵە دەکەن، جۆرێکە لە هونەری گوزارشتکردن و لە ڕێگای چەند نموونەو

بووکەڵەیەکەوە دەتوانرێت گوزارشت لە ڕەفتارو کەسێتی چەندەها کەس لە ژیانی واقیعی منداڵ (باوك و دایك و مامۆستا و خوشك و برا)و هتد..بکرێت.

**4.ڕێگای فێربوون بەلاسایکردنەوە:-** زانایانی وەك (بەندوراو-واڵتەرز) لەو بڕوایە دان کە مرۆڤ زۆر ڕەفتار لەڕێگەی لاسایکردنەوە و سەرنجدانی کەسانی ترەوە فێردەبێت (قەرەچەتانی ،2014، ٨٢-101).

هەروەها ( منی جاد محمد ) چەند شێوازێکی فێرکردن بە گونجاو دەزانێت لە باخچەی منداڵان لەوانە :

**١-چارەسەری کێشەکان :**

پرۆسەی چارەسەر کردنی کێشەکان زنجیرەیەک کردارە لەسەرتادا کێشەیەک دیاریدەکرێت، پاشان پێشنیاری چەندین چارەسەری گونجاو دەکرێت ، لە کۆتایدا یەکێک لە چارەسەرەکان دیاریدەکرێت بۆ ڕووبەڕوبونەوەی کێشەکە ، لەم شێوازەدا پرسیار دەخرێتە ڕوو کە منداڵ بیری لێدەکاتەوەو هەستی پێدەکات ، ئەم ڕێگەیە هاوکاری منداڵ دەکات لە دروست کردنی بڕیا رو پرۆسەی بڕیاردانادا .

**٢- فێرکردن بە گروپ :**

لەم شێوازەدا برەوە دەدرێت بە گیان و شێوازی کار کردن بە گروپ لای منداڵ ، هاوکات هاوکارە لە گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی فێربوون لە نێوان منداڵاندا ، بە شێوەیەکەی نەرێنی ، لە پێناو گەشەپێدانی توانای فێربوونی زانیاری و مامەڵەی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا (جاد ،٢٠٠٤، ١٢١).

**٣- یاری فێرکاری :**

یاری کردن ئەگەرچی ئاڕاستەکراو بێت یان ئاڕاستە نەکراو ، ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە فێربوونی منداڵدا ، لە پێناو تێگەیشتن لە توانا و ئاڕاستە و بەها باوەکانی ئەو کۆمەڵگەی کە منداڵەکەی تێدا پەروەردە بوە . لە نێوان یاریەکانیشدا یاری فێرکاریمان هەیە بە شێوەیەکی یاری ئاڕاستەکراو هەژمار دەکرێت و مەبەست لێی هێنانە دی ئامانجی پەروەردەی دیاریکراوە.

**٤- گەشتی مەیدانی و سەیران یان چونە نێو ژینگەی دەوروبەر :**

گەشتی مەیدانی و سەیران کردن یەکێکە لە شێوازە پەروەردەییە ڕاستەوخۆکان کە هەل دەرەخسێنێ بۆ منداڵ تا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارلێک بکات لەگەڵ ئەو ژینگەیە کۆمەلایەتی و مادیەی دەوری داوە .

**٥- مۆسیقا و گۆرانی وتن و هەڵپەرکێ :**

ئەم شێوازی فێرکردنە لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان دەخاتە ڕوو، لەڕێگەیەوە منداڵ گوزارشت لە هەست و سۆزی خۆی دەکات .

**٦- رێگاکانی نمایشکردن (رێگاکانی خستنە پێشاندان)**

هەمیشە مامۆستای باخچەی منداڵان بەرنامەی ڕۆژانەی باخچە بەکۆکردنەوەی منداڵان لەدەوری خۆت دەست پێدەکات ، ئەو کۆکردنەوەیش لەپێناو نمایشکردنی چالاکی و بەرنامەکانی ئەو ڕۆژە و ئەو چالاکیانەیە کەپێی هەڵدەستن. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی بەڕێوچونی بڕگەکانی ئەو ڕۆژەیە لەپێناو سەرنج ڕاکێشانی منداڵاندا، هەموو ئەمانەش لەڕێی وانەوتنەوەی ڕاسنەوخۆدا دەبێت.

**٧- ڕێگای گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن:**

سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن لەباخچەی منداڵاندا ، پەیوەستە بەئاستی سەرکەوتنی مامۆستا لەمامەڵەکردنی ئەرێنی لەگەڵ منداڵاندا . زۆرجار ئەو کارلێکەش پێویستی بەبەشداریکردنی منداڵاندا هەیە لەکاتی پیادەکردنی چالاکیە جیاوازەکاندا. هاوکات پەیوەستە بەئاستی گفتوگۆ و بیروڕاگۆرینەوە لەنێوان فێرخواز و مامۆستادا.

**٨- گێرانەوەی چیرۆك:**

چالاکی چیرۆك گێرانەوە ، شێوازێکی دیکەی فێرکردنە لەباخچەی منداڵاندا، ئەم جۆرە چالاکییەیە گرنگی زۆری پێدەدرێت لەلایەن منداڵان و مامۆستایانەوە، بەو پێیەی چیرۆك ماوەیەکی زیاتر لەیادەوەریدا دەمێنێتەوە. ئەم جۆرە چالاکیە ناوەندێکی سەرنج ڕاکێش بۆ منداڵان دروست ئەکات ، کەخۆشی ، غەم ، چاودێری ، توڕەبوون و ڕەزامەندیانی تێدا بەرجەستە دەبێت . هەروەها چیرۆك گێرانەوە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبارە ، باشتریت شێوازە بۆ گواستنەوەی ئەزمونەکانی ژیان و کارتێکردن لەخەیالی منداڵ، هاوکات باشترین کەرەستەیە بۆ دروستکردن کردنی کەسایەتی منداڵ و پەروەردەکردنی ئارەزوەکانی و گەشەپێدانی ئاکاری ئەرێنی لەداب و نەریتی فێرخوازدا (جاد ،٢٠٠٤، ١٢٢-١٢٣).

## 8: مۆدێلی بنیادنانی پڕۆگرام:

لە چەند لایەنێک ڕوونی دەکەینەوە:

### 8-١: پێناسەی مۆدێلی دیزایینی پڕۆگرامی فێرکاری:

مۆدێلی دیزایینی پڕۆگرامی فیرکاری ڕێکخراوەیەکە شتێک یان شێوەیەک لەئەنجامدانی شتێکی پێ دەدرێت یان وەسفی دەکات، لەسەر چوارچێوەی تیۆری بنیاتنراو دامەزراوە، فەلسەفی و زانستییەکانی خۆی دەنوێنێت و لەهەنگاوەکان پێکدێت و وەسفی پەیوەندییەکان و ئەو ئامراز و ئامرازانە دەکات کە دەبێت بەکاربهێنرێت.

نموونەی دیزاینی فێرکردن: ئەو پرۆسەیەیە کە بیرۆکەکانی پەیوەست بە بەرنامەی خوێندنەوە ڕیک دەخرێ بۆ ئەوەی بتوانرێت جێبەجێ بکرێت و بە کار بێت (حسن،١٩٩٣، ٢٣٧).

یان دیزاینی پڕۆگرام: وەک نوێنەرایەتییەکی گریمانەیی کە جێگەی ڕاستی یان دەرکەوتەکان یان کردەوەکان دەکاتەوە کە وەسفیان دەکات ، یان ڕوونکردنەوەیان بۆ دەدات ، کە ئەمەش وا دەکات کە جێی تێگەشتن بن (زيتون،٢٠٠٤، ٤٠).

### 8-٢: سوودەکانی نموونەی دیزایینی پڕۆگرام:

1- سەرنج دەخاتە سەر کێشە سەرەکییەکان لە بنیادی پڕۆگرام .
2- ئەگەری سەرکەوتن لە کاردا زیاد دەکات.
3- کات و هەوڵ دەپارێزێت.
4- ئاسانکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان پڕۆژە یان ناوچە پەیوەندیدارەکان (الشابلی،٢٠٠٠، ١٥).

نموونەی بنیادنانی پڕۆگرامی فێرکردن لەچەمکەکە دا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مۆدێلی گەشەکردندا نییە، بەڵکو لەنێوانیاندا هاوتەریب لەناوەڕۆکدا هەیە و ئەم جیاوازییەش لەجیاوازیی ئەو دوو پرۆسەیەدا هاتووە کەپرۆسەی بنیادنانی پڕۆگرامی فێرکردن پرۆسەی داڕشتنەوەی پڕۆگرامە لەڕەگەزە بنەڕەتییەکانییەوە ، پرۆسەی گەشەپێدانی پڕۆگرامی فێرکردن پرۆسەیەکە کە بەئامانجی دیاریکراو هەموار دەکرێت بۆ گەیشتن بەوێنەی خواستراو (عبدالله،٢٠٠٦، ٩٠).

### 8-٣: تایبەتمەندییەکانی مۆدێلی بنیادنان یان پەرەپێدانی پرۆگرامی فێرکاری:

1- لە تیۆرێکی ڕوون و لێکۆڵینەوەی وریای بواری پەروەردەییەوە دەست پێدەکات.

2- دەرچوونە لە تێڕوانینی تەواوی پرۆگرامی خوێندنەوە.

3- بۆ بە وردی ناساندنی ئەو هەنگاوانەی کە لە بنیادنان یان پەرەپێدانی بەرنامەی پڕۆگڕامدا.

4- هەڵگێراونەوەو کاردانەوەی یەک بە دوای یەک (عبدالله،٢٠٠٦، ٩١).

5- وردبینی.

6- دیاریکردن.

7- توانای چەسپاندن یان بەدەستهێنانی ئەوەی لەژێر دەستیەتی (شاهین،٢٠١٠، ٢١)

**8-٤: جۆرەکانی پرۆگرامی فێرکردن:**

**١) مۆدیلی بەرجەستە:** سادەترین جۆری نموونەییەکانە بەشێوەیەکی هەستپێکراو دیاردەکە ڕەنگدەداتەوە، وەک نموونەی گۆی زەوی.

**٢) مۆدێلی بیرکاری:** ئاڵۆزترینیانە چونکە گوزارشت لە دیاردەکە دەکات لە شێوەی هێما ئەبستراکتەکان و ڕێژەی ماتماتیکی .

**٣) مۆدیلی چەمک:** چەمک و وشەکان بۆ وەسف و لێکدانەوەی دیاردەکە بەکار دەهێنرێت.

**٤) مۆدێلی هێڵکاری:** یەکێک لە نموونەکان کە زۆر بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکارهاتووە لە شێوەی وێنەکێشاندا دەردەکەوێت (شاهین،٢٠١٠، ٢١).

**8-٥: مۆدێلی وەرگیراو بۆ دیزاینی پرۆسەی خوێندن لە پرۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو:**

بۆ بنیادنانی پڕۆگڕامی پێشنیارکراوی توێژینەوەکەمان سوود لە نموونەی بنیادنانی پڕۆگڕامی کمپ وەرگیراوە، لە خوارەوە بە وردی باسی دەکەین:

**8-٥-١: پێناسەی دیزاینی پڕۆگڕامی فێرکاری پێشنیارکراو:**

ڕوانگەیەکی عەقڵییە لە وەسفکردنی ڕێکارییەکان بۆ دیزاینی پرۆسەی فێربوون و پێگەیشتن، ئینجا دۆزینەوەی پەیوەندی و کاریگەرییەکان، لەهەمان کاتیشدا نەخشەیەکی جوان و گونجاو لە چوارچێوەی پڕۆگڕامەکە دیاری دەکرێت، کە بتوانرێت شیکردنەوەو گۆڕانکاری بۆ پەیوەندییە نوێیەکان بکات، دواتر پێشبینی ئەنجامەکانی بکات و بیاندۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە پڕۆگڕامێکی فێرکاری دیزاین دەکرێت (سرایا،2007، 6).

**8-٥-٢: ئامانجەکانی دیزاینی پڕۆگڕامی فێرکاری پێشنیارکراو:**

ئامانجەکان خۆیان لە چەند خاڵێکدا دەبیننەوە، لەوانە:

١- باشکردنی پرۆسەو شێوازی فێربوون و فێرکردن.

٢- بەمەستی باشکردنی شێوازی بەڕێوەبردن و چاککترکردنی دیزاین و شێوازی پێشکەوتن و بەرچاوورِوونی مامۆستایان.

٣- دیاریکردنی پرۆسەکانی فێربوون و فێرکردن لەسەر بنەمای نموونەی دیزاینە دەستنیشانکراو و پێشنیارکراوەکە. ( خمیس،2003، 59)

**8-٥-٣: مۆدێلی دیزاینی پرۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو:**

مۆدێلی دیزاینی پرۆگرام هەمەچەشنەو چەندین جۆری هەیە، هەر جۆرەیان بۆ زانایەک دەگەڕێتەوە کە وا پێشنیازی کردووە بۆ ئەوەی پەرە بە پرۆسەی فێرکردن بدرێت، دەکرێت زاناکان لە هەندێک خاڵدا یەکبگرنەوەو زیاتر گەشەی پێبدەن، بەشێوەیەک پرۆگرامێک دیزاین بکەن و پرۆسەی فێرکاری بەرەو ئاستێکی بەرزتر ببەن، لەم توێژینەوەیەدا پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیازو دیزاین کردووە بە سوود وەرگرتن لە مۆدێلی دیزاینی (کمپ و مۆریسۆن و ڕۆس). لە خوارەوە خراوەتەوە ڕوو:

**8-٥-3-1: مۆدێلی دیزایینی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ)**

**(Morrison, Ross and Kemp models of instructional design)**

مۆدێلی دیزاینی (کمپ) بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٨٥) دیزاینکراوەو لە شەش ڕەگەز پێکهاتووە لە (ئامانجی گشتی، پێداویستی، ناوەڕۆک، ئامانجی فێرکاری، چالاکی و هەڵسەنگاندن )، بەڵام جارێکی تر هەمان نموونە لە ساڵی (١٩٩٤) لەلایەن (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) سەر لە نوێ دیزاین کرایەوەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە کە بە نموونەی (MRK) ناسراوە لە نۆ ڕەگەز پێکهاتووە، تیایدا باس لە گرنگی فێربوون لەسەر بنەمای تێکەڵبوونی لایەنی ڕەفتاری و زانیارییەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی گشتگیر کردووە، تیایدا ڕەچاوی ژینگەو شێوازو ڕێگەکانی فێربوون و ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن کراوە. ( Kemp, J.E., Morrison, 1996, 2)، مۆدێلی کمپ بە ڕوانگەیەکی گشتگیرەوە دیاری دەکرێت کە هەموو توخمە سەرەکیەکانی پلانی پەروەردەیی و فێرکردن یان پرۆسەی ڕاهێنان لە ئاستی جیاوازدا ڕەچاو دەکات و یارمەتی مامۆستایان دەدات لە دانانی نموونەی ستراتیژی فێرکردن، لەوانە: دەستنیشانکردنی میتۆدو ڕێگاکانی خوێندن و هۆیەکانی فێرکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی

خولەکە. نموونەی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) بە زۆری بەکاردێت بۆ دیزاینکردنی یەکەیەکی فێرکردن یان پرۆگرامێکی یەکپارچەو تەواو. (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) شێوەی هێلکەیی لە مۆدێلی فێرکردن بەکارهێناوە، لەوێدا ڕەگەزی یەکەم و بنەڕەتی (پێداچوونەوەیە) بە نۆ ڕەگەز لە ناوەندی فێرکردن و هەشت ڕەگەزی تری لە دەوروبەری دانا. دیزاینی مۆدێلەکە شێوەی گۆییە ، ئەو هەستە بە دیزاینەر دەدات کە پرۆسەی دیزاین و گەشەپێدان بازنەییە و بەردەوام پێویستی بە پلان و دیزاین و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندن هەیە بۆ گەیشتن بە فێرکردنی کاریگەر و سیستەم، هەروەها هانی دیزاینەر دەدات بۆ کارکردن لەهەموو ناوچەکان و هەر کاتێکیش ئەو نموونەیە گونجاو بێت بۆی (شاهین،٢٠١٠، ٣٦) لەم هێڵکارییەی خوارەوە پوختەی دیزایینی ئەم مۆدێلە ڕوون کراوەتەوە.

**هێڵکاری ژمارە (١)**






مۆدێلی دیزاینی ((مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ)) ( Kemp, J.E., Morrison, 1996, 2 )

**8-٥-٣-٢، وەسفێکی سادەی مۆدێلی دیزاینی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) بە ئاڕاستەی کاتژمێر دەجوڵێتەوە:**

١- دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی کێشە پەروەردەییەکان و دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی دیزاین و پرۆگرامی فێرکاری.

٢- پشکنینی تایبەتمەندیی فێرکار کە پێویستە لەکاتی پلاندانان.

٣- دەستنیشانکردنی ناوەرۆکی بابەتەکان و لە سەرنجداندا بمێنێتەوەو شیکردنەوەی پێکهاتەکانی ئەو ئەرکەی کە پەیوەستن بە تایبەتمەندیی و ئامانجەکان دیاری کراون.

٤- دانانی ئامانجەکانی پەروەردە بۆ فێرخواز.

٥- لە ناو هەر یەکەیەکی پرۆگرامدا بەدواداچوون دەکرێت بۆ ستراتیجی پەروەردەی فێربوونی لۆژیکی.

٦- بۆ داڕشتنی ستراتیژی پرۆگرام بۆ ئەوەی هەر منداڵێک شارەزا بێت لە ئامانجەکان.

٧- پلانی پەیامی پرۆگرامی پەروەردەیی.

٨- ئامرازەکانی پێداویستی بۆ هەڵسەنگاندنی ئامانجەکان پەرە پێدەدات.

٩- سەرچاوەکان دیاری دەکات بۆ پشتگیری کردن لە چالاکییەکانی فێربوون.

پێداچوونەوە پێک بێنێت لەگەڵ نۆ ڕەگەزەکە پێکهاتەی نموونەو چوارچێوە دەرەکییەکان ئەو فیدباکە ڕووندەکەنەوە کە ڕێگە بەدیزاینەر دەدات گۆڕانکاری لەدنیادا بکات یان لەکاتی سوڕی گەشەکردندا هەر کاتێک بێت پێکهاتەکان جێبەجێ بکات ، بۆئەوەی ئامانجەکانی پەروەردە لەئاستێکی باشدا دەستەبەربێت (شاهین،٢٠١٠، ٣٦-٣٧)

**8-٥-٣-٣، پێکهاتەکانی مۆدێلی دیزاینی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ) :**

1 - دەستنیشانکردنی پێداویستی فێربوون ، ئامانج ، کۆسپ و پێداویستییەکان.

2 – هەڵبژاردنی بابەتەکان یان ئەرکی کار تا چارەسەری بۆ بکرێت و ئامانجە گشتیەکانی گونجاو بۆ بابەتەکان دیاری بکات.

3 - دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیەکانی منداڵان.

4 - دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکە و شیکردنەوەی ئەرکە پەیوەستەکان بە بابەتە گرنگ و ئامانجەکان.

5 - دەستنیشانکردن و داڕشتنی ئامانجی پەروەردەیی دەستنیشانکردنی ڕەفتاری ئاماژە بۆ هەڵسوکەوتی فێربوون دەکات کە پێشبینی دەکرێت لەلایەن منداڵانەوە ئەنجام بدرێت.

6 - ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی هێڵەکی بۆ زانینی ئامادەیی فێرخوازان بۆ خوێندنی بابەتەکە.

٧- دیزاینکردنی چالاکی فێربوون و پە روەردە.

8 - دیاریکردنی سەرچاوەکانی فێربوون کە پشتگیری چالاکی پەروەردەیی دەکەن.

9 - دەستنیشانکردنی خزمەتگوزاریەکانی پشتگیری و پشتیوانی.

10 - ئامادەکردنی ئامرازەکانی ڕۆژمێری فێربوون (صالح،2000، ١-٢)

**8-٥-٣-٤، تایبەتمەندیەکانی نموونەی دیزاینی (مۆریسۆن و ڕۆس و کمپ)**

١- نەرمی تەواو لە کاتی پراکتیزەکردن کە خاڵی سەرەتایی دیاریکراو بوونی نییە، بۆیە دەکرێت لە هەر توخمێک (جۆر) دەست پێ بکات و ڕێگە بدات بە هەمووارکردنە پێویستەکان لە هەڵبژاردنی هەر بڕگەیەک یان ڕیزکردنی پرۆسەکە بە سڕینەوە یان زیادکردن یان دەستکاریکردن.

2 - پشت بەستن بە دوولایەنە لە نێوان توخمەکان هەر بڕیارێک لەسەر هەر ڕگەزێک بە شێوەیەکی پێویست کار دەکاتە سەر باقی توخمەکانی تر.

3 - گشتگیرە و هەموو ڕەگەزە سەرەکیەکانی پرۆسەی فێرکردن لە بەر چاو ئەگرێت .

4 - بوونی ڕەگەزی ڕۆژمێر و تێکڕای پێداچوونەوەی باقی توخمەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژمێر و پێداچوونەوە لە هەر کاتێکدا لە کاتی پرۆسەی دیزایندا ئەنجام دەدریت (الصالح،2000 ، ٢).

**دووەم: لێهاتوویی کۆمەڵایەتی:**

بۆ تێگەیشتن لە لێهاتووی کۆمەڵایەتی وا پێویستە باس لەم لایەنانەی خوارەوە بکەین:

## 1-2: پێکهاتەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی:

لێهاتووی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی جیاواز و بەپێی گۆڕانی باری دەروونی دەگۆڕێت، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ لایەنی تەندرووستی تاک، لێهاتوویی و ئاست و توانای دەربڕینی تاک لەگەڵ پاداشتی بەرزی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەرچاو، ئەمەش پێچەوانەی سیستەمی هاوتابوونی چاڵاکییە کە ئامانجێکی دیاریکراوی تاکە بۆ بەدیهێنانی درووستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەکاتی تێکەڵبوون لەگەڵ ئەوانی تردا، بۆیە پێکهاتەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لە لای تیۆرناسان و شارەزایان بە چەندین شێوە دابەشکراوە، لەوانە:

### 1-1-2: دابەشکردنی پێکهاتەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لە تێروانینی (ریجیۆ-Riggio-١٩٨٩)

بەم شێوەی خوارەوەیە:

(ریجیو) وای دەبینێت کە پێکهاتەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی بریتییە لە لێهاتوویی لە پەیوەندی درووستکردنی لەگەڵ کۆمەڵگە، بۆ ئەم مەبەستە؛ دابەشی دەکات بۆ سێ بەش: ئەوانیش:

1- لێهاتوویی ناردن یان دەربڕین، هەروەها ئاماژە بەو لێهاتوویانە دەکات کە تاکەکانی کۆمەڵگە بە هۆیانەوە بە یەک دەگەن.

2- لێهاتوویی وەرگرتن یان هەستیاری، دەربڕین لە لێهاتووییانە دەکات کەوا هۆیەکانی بەیەککەیشتن لەگەڵ ئەوانیتردا ڕوون دەکاتەوە.

3- لێهاتوویی زاڵبوون و کۆنترۆلکردن و ڕێکخستن، هەروەها دەربڕین لەو لێهاتووییانە دەکات کە تاک توانای ڕێکخستنی پرۆسەی پەیوەندیکردنی لە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی هەبێت (السمادونی،١٩٩٤، ٤٥٥).

**لەم هێڵکارییەی خوارەوە پێکهاتەی هەرسێ لە لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون دەکاتەوە:**

**هێڵکاری ژمارە (٢)**




**پەیوەندی کۆمەڵایەتی (درککردن)**

**(نموونەی (ریجیو) ساڵی (١٩٨٩) لێهاتوویی پەیوەندی کۆمەڵایەتی) (السمادونی،١٩٩٤، ٤٥٥).**

**ئەم سێ لێهاتووە پەیوەندییانەش لە دوو لا لە لایەنەکانی ڕەفتار دەردەکەوێت:**

١-لایەنی کۆمەڵایەتی و پەیوەست بە پەیوەندیکردن بەهۆی ئاخاوتن.

٢-لایەنی هەڵچوون و پەیوەست  بە پەیوەندیکردن بە بێ ئاخاوتن (نورة،2019، ٣٣).

**بە پێی تیروانینی (ریجیو) پەیوەندیکردن بەمشێوەی خوارەوە دەبێت:**

**یەکەم/ پەیوەندیکرن بە بێ ئاخاوتن:** بریتین لە:

**١) دەربڕینی هەڵچوون:** ئەمەش لەڕێگەی دەربرینی ڕوخسارو تایبەتمەندییەکانی دەنگ و جەستە.

**٢) هەستیاری لە هەڵچووندا:** پەیوەستە بە لێهاتووی تاک لە وەرگرتنی شێوەکانی پەیوەندیکردن بە بێ ئاخاوتن کە لەلای ئەوانی ترەوە دەنێردرێت، هەروەها تێگەیشتنی پێچەوانەی هەڵچوون و هەستەکانیان بێت، یان دەربڕین لەڕێگەی ئاڕاستەکانیان یان شوێنیان لەنێو کۆمەڵگەدا بێت.

**٣) ڕێکخستنی هەڵچوون:** پەیوەستە بە توانای تاک لەسەر ڕێکخستنی دەربرینی ناوەوە کەوا لەگەڵ هەوڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان گونجاو بێت.

**دووەم/ پەیوەندیکردن بە ئاخاوتن:** بریتین لە:

**١) دەربڕینی کۆمەڵگە:** پەیوەستە بە دەربرین بە ئاخاوتن و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تر بەڵام بەشێوەیەک بێت کە گونجاو بێت لەگەڵ ئاخاوتنی کۆمەڵگە.

**٢) هەستیاری کۆمەڵگە:** دەگەڕێتەوە بۆ توانای مرۆڤ لەسەر تێگەیشتنی ڕەمزەکانی پەیوەندیکردن لەکاتی ئاخاوتن لەگەڵ ئەوانی ترداو زانینی داب و نەریت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و پێوانەکردنیان.

**٣) ڕێکخستنی کۆمەڵگە:** ئاماژە بە توانای تاک دەکات لەکاتی قسەکردن بە متمانەوە لەمیانەی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی تردا، هەروەها توانای بەرز لەسەر وەرگرتنی هەڵوێستی گونجاوی کۆمەڵگە کە لەسەری ڕێککەوتوونە (الحمیضی،٢٠٠٤، ٦٠).

## 2-1-2: دابەشکردنی پێکهاتەی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی لە تێروانینی (أرجیل -Argyle 1996)

أرجیل ئاماژە بەوە دەکات کەوا لێهاتووی کۆمەڵایەتی ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**١) دەربڕین بە ئاخاوتن (پەیوەندیکردن بە ئاخاوتن)** دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕین بە ئاخاوتن لە چوارچێوەی ئەدای کۆمەڵگە، چونکە هەندێ لە شێوەکانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی بە ئاخاوتن دەکرێت و پەیوەستە بە بوونی توانای بۆ قسەکردن لەسەر چالاکییەکان و گفتوگۆی تەواو.

**٢) دەربڕین بە بێ ئاخاوتن (پەیوەندیکردن بەبێ ئاخاوتن)** ئەمەش پەیوەستە بە دەربڕینی تایبەت بەڕوخسار، وەک: خەندەکردن و بوونی توانا لەسەر بەکارهێنانی ئیمۆجەکان و لایەنی تر.

**٣) لێهاتوویی لە هاوکاریکردن و هاوسۆزی و گرنگیدان بەکەسانی تر:** وەک: هاوکاریکردن و هاوسۆزیکردن و بەشداریکردنی ئەوانی تر لە هەڵچوون و گرنگیدانیان.

**٤) لێهاتوویی لە زانینی چارەسەری کێشەکان:** پەیوەستە بە ڕێزگرتن لەیاساکانی ڕێزلێنان و لەڕەفتارە شیاوەکان و لێهاتوویی لە بوونی متمانە لەکاتی قسەکردن و ڕاگۆڕینەوەو باوەرهێنان لەچارەسەری کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیان.

**٥) لێهاتوویی لە خۆناساندن و پەیوەندییەکان:** پەیوەستە بە بوونی توانا لەسەر خۆناساندن لە هەڵوێستە جیاجیاکان.

**٦) لێهاتووی لە هەڵوێستە جیاوازەکان و پەیوەندییەکان:** ئەمەش پەیوەستە بە لێهاتوویی لە چاوپێکەوتن و ڕاگۆڕینەوەو ڕووبەڕووبوونەوەو کێشەکان، هەروەها لێهاتوویی لە کڕین و فرۆشتن و هەڵوێستەکانی کارکردن(السيد،٢٠٠٧، ٥٣).

## 3-1-2: دابەشکردنی پێکهاتەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لە تێروانینی (أشر- Asher-1999)

ئەم زانایایەش لێهاتووی کۆمەڵایەتی بەسەر چوار ئاست دابەشکردووە، ئەوانیش:

**١) لێهاتوویی لە بەشدارییپێکردن:** پەیوەستە بە کۆنتاکت بوون لەگەڵ کەسانی تر لە ڕووی چالاکییەکان و لەکاتی هەوڵدان بە کەمترین توانا.

**٢) لێهاتوویی لە هاوکاریکردن:** پەیوەستە بە دابینکردن و پێداویستییەکان و بەرزکردنەوەی ئاست لە ئەنجامدانی چالاکییەکان، پێشکەشکردنی پێشنیارەکان بۆ چارەسەری کێشەکان لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگە، هەروەها زیرەکی لە پێشنیارکردن لە پێناو هاوکاریکردنی یەکتردا، ئەمەش لەکاتێکدا گەر ڕای جیاواز لەیاساکانی ڕەفتاردا هەبێت.

**٣) لێهاتوویی لە وتاردان:** پەیوەستە بەقسەکردن لەگەڵ ئەوانی ترو دەربڕینی ڕا لەسەر ئەو چالاکییانەی کە کەسانر تر لەگەڵی بەشداری پێدەکەن، یان دەربرین لەسەر خودی خۆی و پرسیارکردن لەگەل ئەوانی تر، گوێگرتن لەکەسێک کە قسە دەکات، سەیرکردنی ئەو کەسەی کاتی کارێکی جیاوازو تایبەت دەکات.

٤) **لێهاتوویی لە پشتیوانیکردن:** بەخشینی گرنگیدانی تەواو بە کەسی تر، هاندانی ئەوانی تر لەکاتی کە قسەیەکی خۆش یان خەندەیەک یان گاڵتەیەک یان هاوکاری پێشکەش بەکەسێک دەکات، یان پێشکەشکردنی پێشنیارێک کاتێ کە داوا بکرێت لەلایەن کەسانی تردا (طنطاوی،٢٠٠٩، ٥٠).

## 2-2: تایبەتمەندییەکانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی:

چەندین تایبەتمەندی بنچینەیی بەهێز بۆ لێهاتووی کۆمەڵایەتی هەیە، لە گرنگترینیان:

1- زاراوەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی بەهرەو شارەزایی و پاداشتی لەخۆ گرتووە، لەکاتی پێشکەشکردنی چالاکییەکانی تاک بە کۆمەڵ.

2-ڕەگەزی جەوهەریی لە لێهاتووی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بوونی توانا لە هێنانەدی ئەنجامێکی کارا لەهەڵبژاردنی شتەکان لەپێناو گەیشتن بەو ئاواتەی کۆششی بۆ دەکات.

3-لێهاتووی کۆمەڵایەتی توانای تاکە لەسەر چاککردنی لایەنی معریفی بۆ ڕەفتارەکان.

4-ئامانجی تاک لەپاڵ نواندنی ڕەفتارەکانی لەپێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لەو ژینگەیەی کە لێی دەژیت، هەروەها بەو شێوەیەی کە وا لەنێوان خودی خۆی و کۆمەڵگەدا بگونجێت.

5-لێهاتووی کۆمەڵایەتی لەژێر ڕۆشنایی لایەنێکی دیاریکراو لە ڕەفتارەکانی تاک و لە چوارچێوەی هەڵوێستێکی گونجاوی کۆمەڵایەتی چۆراوجۆر دەبێت (سید عبد الله،٢٠٠٠، ٢٥٢-٢٥٣).

## 3-2: گرنگی لێهاتووی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی باخچە:

لێهاتووی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی گەورەی لە ژیانی تاکدا هەر لە بێشکەوە تا تەمەنی پیری هەیە، لە گرنگترین گرنگییەکانی بریتین لە:

1- لێهاتووی کۆمەڵایەتی پێویستییەکی زۆری هەیە لە بنیاتنان و هەڵسوڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی کاراو چالاک.

2-منداڵ نابێت لە تەمەنی منداڵی پشتگوێ بخرێت، ئەمە وەک حەڵقەی پاراستن وایە بۆ منداڵ، لەکاتی گەشەکردنی لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

3-یاری و ڕێگەکانی گەیشتن و وەڵامدانەوەی بێ قسە پێویستە لەکاتی کارلێککردن لەگەڵ منداڵانی تر.

4-لێهاتووی کۆمەڵایەتی پێویست و بەسودە وەک شێوازی ڕەفتاری جوان لە هەڵوێستی جیاوازدا.

5-بێگومان لێهاتووی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دورکەوتنەوە لە کێشەو ململانێ، بەڵام گەر ڕوووبدات ئەوا بەشێوەکی خێرا چارەسەر دەکرێت.

6-لێهاتووی کۆمەڵایەتی ئاسانکاریی دەکات، لەکاتی بوونی کێشە لەنێوان پەیوەندی تاکەکان چ لەگەڵ هاوڕێکانیدا بێت یان لەگەڵ بەرپرس بێت بەشێوەیەکی باشتر و جوانتر چارەسەر بکرێت. واتە: توانای تاکە بۆ کۆنترۆڵکردنی شێوەکانی ڕەفتارە جیاوازەکان، ئەمەش توانای زیاتری پێدەبەخشێت لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو ڕەفتارانەی کە مەنتقی نین لەگەڵ ئەوانی تردا. سەرەڕای ئەوەش توانای دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ منداڵانی تردا هەیە، هەروەها توانای پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی تردا هەیە (خضر،2011، 24).

لێهاتووی کۆمەلایەتی چەندین گرنگی تری هەیە، لەوانە:

1- ئاسان دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا.
2- گونجاندن و ژیربوون لەگەڵ کۆمەڵگەدا.
3- ڕووبەرووبوونەوەی ئاستەنگەکان کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە.
4- ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.
5- وا لەتاک دەکات متمانە بۆ خۆی بەدەست بهێنێت.
6- گەشەپێدانی شێوازی ڕەفتارەکانی کۆمەڵایەتی و داهێنانی لەو کارەی کە لەگەڵ تواناو لێهاتووی دەگونجێت.
7- گەشەپێدانی تاکە بە ناسنامەی خۆی و بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی خۆی (نورة،2019، 29).

### 4-2: توخمەکانی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی:

بریتیین لە:

**١) لێهاتوویی لە چەسپاندنی خود:** پەیوەستە بە لێهاتوویی دەربڕینی هەست و سۆزو دەربرینی ڕاو و داکۆکیکردن لەسەر ماف و دیاریکردنی ناسنامەو پارێزگاریکردن لە ماف لەکاتی کە ڕووبەڕووی کەسانی تر دەبێتەوەو پاڵەپەستۆی دەخەنەسەری.

**٢) لێهاتوویی لە ویژدان:** ئەم ڕەگەزەیان ئاڕاستەکردنە بە دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێزی وەفاداری لەگەڵ کەسانی تردا، هەروەها تێکەڵبوون و نزیکبوونەوە لەگەڵیان لەپێناو هاوکاریکردن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە کەسێک بێت زیاتر قبوڵکراو بێت، لە گرنگترین لێهاتووییەکانی بریتییە لە (دەربڕینی هاوسۆزی و بەشداریکردنی ویژدان)ە.

**٣) لێهاتوویی لە پەیوەندیکردن:** ئەمە بە دەوری خۆی بۆ دوو بەش دابەش دەبێت:

**یەکەم: لێهاتوویی لە ناردن:** توانای تاک دەردەخات لەڕووی گەیاندنی زانیاری کە ئارەزوویەتی بە خەڵکی تر بگەیەنێت، جا بە ئاخاوتن بێت یان بێ ئاخاوتن بێت، چونکە شێوازی ئاخاوتنەکەو ئاماژەکانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵیان هەیە لە گەیاندنی پەیامەکان و ئاڕاستەکردنی بۆ کۆمەڵگە.

**دووەم: لێهاتوویی لە وەرگرتن:** بە واتای لێهاتوویی تاکە لە بەئاگابوونی لەوەرگرتنی نامەدا، جا بە ئاخاوتن یان بێ ئاخاوتن بێت. بۆ تێگەیشتن لە کەسانی بەرامبەر و تێکەڵبوون لەگەڵیان پێویستە لەژێر هەمان ڕۆشنایی بێت.

٤) لێهاتوویی لە ڕێکخستن و جوانی لە نەرمی هەڵچوونی کۆمەڵایەتی: ئاماژە بە توانای تاک دەکات لەسەر زاڵبوونی بەسەر هەڵچون و نەرمی نواندن لەم کاتەدا، بە تایبەتی لەکاتی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و خۆ گەنجاندن لە پێناو گەیشتن بە ئامانج گەیاندنی تاک، سروشتی نەرمی لە هەڵسوکەوت بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی تەندرووست (السيد،٢٠٠٤، ١٢٣).

### 5-2: تایبەتمەندییەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان:

لە گرنگترینیان بریتین لە:

1- گونجان لەگەڵ بارودۆخی ژینگەی کۆمەڵایەتی.
2- کەوتنە ژێر باری ئەو مانایەی کە گەورە لە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی بۆی دیاریکردووە.
3- چارەسەری ڕەفتارەکان کە گەورە پێی پەسند بێت.
4- تێکچوونی ڕەفتاری منداڵ لەو کاتەی کێشە لە هەڵسوکەوتی گەورەکان دروست دەبێت.

5- دڵەڕاوکێی منداڵ لە لەدەستدانی پەروەردەکارانی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.

6- هەستکردن بەسەربەخۆیی و پشت بەستن بە خودی خۆی، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ زمانەکەی و زیادبوونی جووڵەی.

7- یەکبوونی منداڵ لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتانەی کە دایک و باوکی هەیانە (حسونە،٢٠٠٧، ٥٦).

**لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵانی باخچەی ئاستی دووەم تەمەن پێنج ساڵ: بریتیین لە :**

1- گرنگی دانی منداڵ بە خۆی بەشێوەی پلەبەندی.

2- هەستکردن بە هاورێیەتی دروستکردنی لەگەڵ گەورەو بچووک.

3- منداڵە کوڕەکان گرنگی بە یاریکردن لەگەڵ منداڵانی هاورەگەزی خۆیان دەدەن.

4- ئارەزوویی سەرکردەیی کردن و بەڕێوەبردن لەکاتی یاریکردن.

5- ڕەفتارو هەلسوکەوتی کۆمەڵایەتییان لێ دەردەکەوێت، وەک: (هاوکاری، هاوسۆزی، نەرمی نواندن، عینادی).

6- میهرەبانی لەگەڵ هاوڕێکانیدا.

7- دەرکەوتنی لێهاتوویی لە گواستنەوەی ڕۆڵ و سەرکردەیی و بەردەوامبوونی.

8- دەرکەوتنی هاوسۆزی و ئینتیمای کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەیی و نزیکەکانی.

9- دەتوانن بەدواداچوون بۆ سیستەم و یاساکانی یاریکردنیان بکەن.

10-دەتوانن لەڕوونکردنەوەی ڕۆڵە جیاوازەکانی یاریکردنیان لەگەڵ خێزانەکەیان بگەن (الناشف،٢٠٠١، ٣٧)

11-لەم تەمەنەدا منداڵ لە پشت بەستن بە دایکی دەگوازێتەوە بۆ کارلێک بوون و گونجان لەگەڵ ئەندامانی خێزان، وەک خوشک و براکانی، یان منداڵانی دەرەوەی خێزانەکەی.

12-یارییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ منداڵانی تر زیاتر دەبێت و شێوەی نواندنی یاری کۆمەڵایەتی وەردەگرێت (الجندی،٢٠١٠، ٨٣).

13-هەڵسوکەوتی شەڕانگێزی بەرەو کەمی دەچێت و زیاتر بەرەوە نەرمی نواندن لەگەڵ منداڵانی تردا دەچێت، چەندە بەروە تەمەن بچێت هەڵسوکەوتی باشترو تێکەڵبوونی زیاتر دەبێت.

14-مەیلی سەقامگیری لەگەڵ خانەوادەکانیان بۆ دروووست دەبێت (قطامی،٢٠١٤، ١٩)

15-لەم خشتەیەی خوارەوە گۆرانی گەشەی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی لە لای منداڵانی باخچە دەخرێتەڕوو: بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

خشتەی ژمارە (١)

**گۆرانی گەشەی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی لە لای منداڵانی باخچە**

| لە | بۆ |
|---|---|
| شەرم و ترس | کۆمەلایەتی بوون و کەمبوونەوەی ترس |
| شەڕانگێزی | تێگەیشتن و گونجان |
| ڕەتکردنەوەی دوورکەوتنەوە | قبوڵکردنی دوورکەوتنەوەی بەشێوەی بەش |
| دوورکەوتنەوە لە یاریکردن لەگەڵ هاورێکانی و قسەنەکردن لەگەڵیان | قبوڵکردن بۆ یاریکردن لەگەڵ هاورێکانی و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵیان. |
| خەمۆکی | دڵخۆشی و ئاسودەیی لە بەشداریکردن |
| بوونی کێشە لە خەوتن و خواردن و سەر شوشتن | خۆشی و ئاسوودەیی لە کاتی خەوتن و خواردن و سەر شوشتن |
| بیرچوونی ناوی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی | هەوڵدان بۆ بەبیرهێنانەوەی ناوی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی |

## 6-2: لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ منداڵانی باخچە:

### 1-6-2: باخچەی منداڵان:

بۆ تێگەیشتن لە باخچەی منداڵان، لەم لایەنانەی خوارەوە

### 1: مێژووی باخچەی منداڵان:

گرنگیدان بە منداڵ تەنها لەم سەردەمەدا جێگەی بایەخ نەبووە بەڵکو بە درێژای مێژوو کایەکی بایەخدار بووە لە یاسای ژمارە (١٤ و ١٩ ) حامورابیدا هاتووە کە سێ یەکی باخ و کێڵگەو موڵک دەدرێت بەو دایکەی کە منداڵ بەخێو دەکات ، هەروەها لە یاسایەکدا باس لەوە دەکات هەر کەسێک منداڵی فڕاند ئەوە دەبێت سزا بدرێت و بکوژرێت و هەروەها لە میصری کۆندا لە ڕێنماییەکانی گەورەو حەکیمی مصری ( یتاح حتب ) دا هاتووە گەورە بووم و ماڵێکم دروست کرد منداڵێکم بوو لە سایەی خوادی گەورەوە ئەم منداڵەش جێگیر بوو باشترین چاکەی ئەنجامدا و بە باشترین شێواز بە دوایدا دەگەڕا ئەویش منداڵی تۆیەو جەرگ و دڵی تۆیە و بە ئاسانی لە دەستی مەدە ( فارس، ٢٠٠٦، ٦-٧ )

سەرتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی دامەزراندنی باخچەی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم ، کە یەکەم باخچە لە لایەن (جون فردریک ئۆبرلین--Jon-Fredric Oberlin) لە ساڵی ١٩٧٦ دامەزرا لە ناوچەی (ئەلیزاس لۆرین ) لە باکوری ڕۆژهەڵاتی فەڕەنسا ، ئامانجی (ئۆبرلین )بریتی بوو لە یارمەتیدانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە ڕیگەی پڕۆژەی هاوکاری کردنی منداڵان پەروەردە و چاودێری کردنیان لە سەنتەری منداڵان، کە دەیان ناڵاند بە دەست هەژاری و خراپی باری گوزرانی ئابوری و تەندروستییەوە ،گرنگیپێدانی(ئۆبرلین )دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێنج ساڵی یەکەمی منداڵ کە پێی وا بوو فەرامۆش کر دنی تەمەنی منداڵ لە قۆناغی پێش چونە خوێندنگە زەرەر دەگەیەنێت بە لایەنی ئاکاری و تەندروستی منداڵ بە هۆی سەرکەوتنی(ئۆبرلین)لە پرۆژەکەی هاوشێوەی ئەو ئەزمونە گوێزرایەوە بۆ ناوچەکانی تری فەڕەنسا و سویسرا (بابان و ئەوانی تر ،٢٠١٦، ٢١).

بەڵام زانای بەناوبانگ (فردریک فرۆبڵ-Friedrich Froebel ) بە یەکەم کەس دادەنرێت کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا ناوی باخچەی منداڵانی (Kindergarten) بەکار هێنا بۆ ئەم جۆرە دەزگا پەروەردەیانە ، چونکە یەکەم باخچەی منداڵانی لە ساڵی (١٨٣٧) لە ئەڵمانیا بۆ ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان ( ٣-٧) ساڵدایە کردەوە، هەروەها (راشل – Rashil ) و ( مارگریت مکمیلان – Margrite Makmilin ) لە ساڵی ( ١٨٦٠ بۆ ١٩٣١) دوو خوشک بوون باخچەیەکیان لە ساڵ(١٩٠٩) لە لەندەن دروست کردووە ئامانجی باخچەکەیان چاوەدێری کردنی منداڵانی هەژار و یارمەتی دانیان بوو لە لایەنی تەندروستی خۆ راکەوە (جەمیل،اخرون ،١٩٩٣، ١٢).

لە ساڵی ( ١٩٠٧) لە ئیتاڵیا لەسەر دەستی ( ماریا منتۆوسێۆری ) (ماڵی منداڵ ) دروستکرا بۆ ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٣بۆ٧) ساڵیدایە کە ئامانجەکەی بریتی بوو لە ئامادە کردنی ژینگەیەی پەروەردەی بۆ منداڵ و ( منتسۆری ) وا دەبینی کە منداڵێک لە ژێر فشار و زۆرداریدا پەروەردە بکرێت ئەوا منداڵێک دەبێت کە هەست و هۆش و کەسێتی لە دەست دەدات هەروەها لە سویسرا کۆمەڵێک لە زانا و پەروەردەکاران لەسەروی هەمویانەوە ( کلاربابد ) توانیان گەشە بدەن بە پەیمانگای پەروەردە لە شاری جنێف و ناویان نا پەیمانگای ( جان جاک ڕۆسۆ ) لە ساڵی (١٩١٤) پەیوەندیان کرد بە قوتابخانەی پەروەردەی منداڵانی تەمەن (٣-٧) ساڵی پاشان ڕێساکانی خۆیان والێکرد کە تەنها بنچینەیان بریتی بێت لە یاریە سەربەستەکان و دواتر ناویان نە ( ماڵی منداڵ ) (الکبیسی،٢٠٠٨، ٣٨-٣٩)

باخچەی منداڵان لە سەدەی نۆزدە لە ئەنجامی هەوڵی ( ڕۆبەرت ئۆینی ) بەریتانی و ( جێ ئاج بستالۆزی ) سویدی و ( فردریک فرۆبڵی ) ئەڵمانی و ( ماریا مۆنتسۆری ) ئیتاڵی دامەزار ، لە بەریتانیا شۆڕشی پیشەسازی بوو بە هۆی دروست بوونی باخچەی منداڵان بە پێی یاسا منداڵان بۆیان نەبوو ئیش بکەن لە کاتێکدا ئەندامانی تری خێزانەکەی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لە کارگەکاندا ئیشیان دەکرد و منداڵەکانیان لە یەکەم باخچەی منداڵان لە شاری ( نیولاتارکی ) سکۆتلاندا بە جێ دەهێشت کە لە لایەن ساڵی (١٨١٦ز) لە لایەن ( ڕۆبەرت ئۆین ) بۆ منداڵانی کرێکاری کارگەکەی دروست کرد بە مەبەستی چاودێری کردن و زیاتر گەشەدان بە لایەنی عەقڵی منداڵ لە ڕێگەی ئازادیدان بە ئەو منداڵانە ( عامر ،٢٠٠٨، ٢٣-٢٤) .

بە گشتی ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە یەکەم باخچەی منداڵان لە ساڵی (١٩١٣) لە لایەن ئەرمەنیەکانەوە لە بەغدا دامەزرا, کە قۆناغی باخچەی منداڵانی لە خوێندنی بنەڕەتی جیا کردەوە . لە ساڵی ( ١٩٢٦-١٩٢٧) بە شێوەیەکی فەرمی یەکەم باخچەی منداڵان لە شاری بەغداد دامەزرا (بابان و ئەوانی تر،٢٠١٦، ٢٥).

لە هەرێمی کوردستانیش و یەکەم باخچە لەشاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٥٣) بە ناوی (باخچەی منداڵانی سلێمانی ) کرایەوە، پاشان لە ساڵی( ١٩٧٥) باخچەی منداڵانی( پەپولە )دامەزرا ، دواتر باخچەی ساوایانی ( خۆماڵی ) لە ساڵی( ١٩٧٢ )لە کاتی خۆماڵی کردنی نەوتدا بوو کرایەوەو پاشان ناوکەی گۆڕا بۆ ( گوڵی نموونەی ) هەوەها باخچەی ساوایانی پەری لە ساڵی (١٩٧٣) کرایەوە و باخچەی ساوایانی (شادی ) لە ساڵی (١٩٩٢) کرایەوە ، لە دوای ڕاپەرین ژمارەی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی ( ٥) باخچە بوو بەڵام دوای ڕاپەڕین ژمارەی باخچەکان زیادی کرد ، هەروەها یەکەم باخچەی ئەهلیش لە شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٦) دامەزرا بە ناوی ( خۆشی سپایستون ) پاشان لە ساڵی (٢٠٠٧) دوو باخچەی ئەهلی دامەزارن بە ناوی ( جریوە ) و ( مێخەک ) پاشان لە ساڵی (٢٠٠٨-٢٠١٠) چەندین باخچەی تر کرایەوە بە ناوی ( بری سکول بای ، جوێنەر، ژووان ، گوڵاڵە سورە ، سەردەم ە، زاموا ، لالە١، لالە ٢) پاشان وردە وردە ژمارەی باخچەی ئەهلی و حکومیەکان زیادی کرد (عبداللە، ٢٠١٤،٢٦،-٢٧).

### 2: گرنگی باخچەی منداڵان:

باخچەی منداڵان کاریگەری زۆر ئەرێنی هەیە لەسەر تەندروستی و دەرخستنی توانا شاراوەکانی منداڵ و هانی بە کۆمەڵایەتی کردنی منداڵ دەدات بۆ تێکەڵبون لەگەڵ کۆمەڵگا و دروست کردنی هێزی خوێندن و بۆ قۆناغەکانی داهاتوو ، بۆیە ئەو منداڵانەی دەچنە باخچەی

منداڵان زیاتر ئامادەن بۆ قۆناغەکانی سەرتایی و ئامادەی ، باخچەی منداڵان هانی بەرەوە پێش بردنی جۆرەها ئەزمونی فێربوون و هونەری و چالاکی ئەکادیمی دەدات و منداڵەکان لە ڕێگەی بە ئەزمونکردنی زانست و زانیاری چالاکیەکان کۆمەڵێک بەهرە و توانای شاراوە وەک پەیوەندی کردن بە دەوروبەر و توانی چارەسەر کردنی کێشەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنە گرانەوە کار کردن بە گروپ و بیرکردنەوەی داهێنە رانە ، بە ئەوانی کار لە سەر دروستکردنی تاکێکی سەر کەوتوو دەکات لە ڕێگای ئەو سیستەمە پەروەردەیانەی دادەنرێت بۆ ئەوەی بە ئاستێکی بەرز پەرە بە بەهرەو تواناکانیان بدرێ (وشیار،٢٠٢٠،٥٧،-٥٦).

منداڵ لە پێش تەمەنی قوتابخانەوە دەچێتە باخچەی منداڵان و لەوێوە ئاشنا دەبێت بە کۆمەڵگایەکی نوێ و جیاواز لە ژینگەی ماڵ و خێزان ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی پاش ئەو قۆناغە بە شێوەیەکی سانا و ئاسایی یەکەم قۆناغی فێربوونی بەرنامە بۆداریژارو دەست پێ بکات پێویستە لەم قۆناغەدا منداڵ ڕابهێنرێت بۆ ژیانی بە کۆمەل و هاوکاری کردن و پابەند بوونی بە ڕێسا و یاسای دەوام کردن زوو ئامادە بوون لە پۆل (سەعاتچی، ٢٠١٩،،٣٢-٣٣).

منداڵ لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا تواناو ئامادە باشی داهێنەرانەی تیادایە کە وامان لێ بکات کە دانبنێین بە بە پێویستی برەوپێدانی ئەو توانایانەی ، کار بکەین بۆفێرکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ ئەوەی ببێت بە شێوازی ژیانی لە ئایندەدا ، بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە و سەرتاکانی لە تایبەتمەدی منداڵی باخچەی منداڵدا دەبینرێتەوە ، لە توانای منداڵی باخچەدا هەیە لە ڕێگەی چالاکی و یاریە جیاوازەکانەوە ئەو خەسڵەتانەی تێدا دەربکەوێت . ئەگەر بەشێوەیەکی وشیارانە ڕێنموونی بکرێت دەکرێت ببێتە پاڵپشت بۆ چاندنی تۆی بیرکدنەوەی داهێنەرانە لای منداڵ (بابان و ئەوانی تر ،٢٠١٩،٤٩).

باخچەی منداڵان فیربوون بۆ منداڵان دەرەخسێنێت کە پاڵنەر بێت بۆ دۆزینەوەو وەرگرتنی چەندین چەمک و شارەزای بنەڕەتی و کە یارمەتی منداڵەکە دەدات بۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگە وەرزشیەکان و پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر دروست کردنی پیەوەندی وەرزشی و هاوڕێیەتی و لێکگەیشتن و گفتوگۆکردن و گوزارشت کردن لە بۆچونی خود و وەرگرتنی بۆچونی کەسانی دیکە لە لایەکی دیکەوە باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پەرەپێدان بە لایەنە جۆربەجۆرەکانی گەشەی منداڵ ، بە تایبەتی لە قۆناغی منداڵیدا جا چ گەشەکردی جەستەی بێت یان گەشەی کۆمەڵایەتی یارمەتی منداڵ دەدات لە ڕووی یاری کردن لە گروپدا و سوککردنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان کە دواتر بەسەرماندا دێن ، هەروەها گەشە بە

سەربەخۆی منداڵ دەدات ئەویش بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەی کە ژینگەی باخچە هەیەتی بە بەراورد بە ژینگەی ماڵەوە (محمد،٢٠٠٤، ٣٨).

**3: ئامانجی باخچەی منداڵان:**

ئامانج لە باخچەی منداڵان بریتییە لە :

١-پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سەردەمیانە, لە ڕێگەی پەروەردە کردنی منداڵ بە خۆشەویستی.

٢-پێشکەش کردنی زانیاری جۆراوجۆر و ڕۆشنبیر کردنیان بە شێوازی پەروەردەی پێشکەوتووی گونجاو .

٣-پشت بەستنی منداڵ بە خۆی لە چارەسەرکردنی کێشە و گیرو گرفتەکانیان.

٤- ڕاستکردنەوی ڕەفتاری نادروستیان کە زۆر جار لە ئەنجامی ژینگەی خێزان و دەروەوە دروست دەبن و بوون.

٥- هەروەها ئامادە کردنی منداڵ بۆ قۆناغەکانی تری ژیان و قۆناغی قوتابخانە.

**بۆ زیاتر ڕونکردنەوە ئامانجەکان دەکرێت بە دوو بەشەوە :**

**یەکەم : ئامانجە گشتییەکانی باخچەی منداڵان:**

ئامانجە سەرەکییەکانی باخچەی منداڵان بریتییە لە گەشە پێکردنی ئاسای منداڵ پەرەپێدانی تواناکانی و کەسێتی لە هەموو لایەنەکانی ( جەستەی ، عەقڵی ، کۆمەڵایەتی، دەروونی ) واتە مەبەستی سەرکی باخچەی منداڵان ئەوەیە ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٤-٥) ساڵیدایە بە شێوەیەکی باش پەروەردە بکرێن بۆ قۆناغی پێش چونە قوتابخانە بەشێوەیەک کە کەسانی دەروون دروست و جەستە بەهێز بن بە سەرتاکانی داب و نەریتی کۆمەلایەتی و ئاکاری ئاشنا بکرێن و گەشە بە توانستە عەقڵیەکانیان بدرێت بە مەرجێک لە چوارچێوەی سیستەمی دیموکراسیدا بێت (قەرەچەتانی، ٢٠١٣،٢٠-٢٥).

**دووەم : ئامانجە تایبەتییەکانی باخچەی منداڵان:**

بە کورتی دەتوانین ئامانجە تایبەتییەکانی باخچەی منداڵان لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١-.پتەو كردنی لایەنی جەستەی منداڵ

٢- گەشەپێدانی لایەنی عەقڵی منداڵ

٣- پەرەپێدان بە لایەنی كۆمەڵایەتی و ئاكاری منداڵ

٤- بایەخ پێدان بە لایەنی هەڵچونی منداڵ و كونترۆڵ كردنیان بە گوێرەی توانا .

٥- لایەنی ئاینی منداڵ (قەرەچەتانی، ٢٠٢٠١٣،-٢٥).

باخچەی منداڵان گرنگی دەدات بە بەهای بنەڕەتی وەک ( پێکەوە ژیان ، پێکەوەگونجان ، چاوەدێری ،بەرپرسیارێتی ،ڕێز بۆ مرۆڤایەتی ،مافی جیاواز بوون ، یەكسانی مرۆڤ،بەرابەری ، ئازادی تاک ،لێبوردن ، یەكسانی نێوان زایەندی نێر و مێ ، هەروەها منداڵ پەروەردە دەكات بۆ دروست كردنی هاوڵاتییەكی یەكسان و كارەكانیان دەبێت بە پێی پرنسیپی یەكسانی زایەندی نیوان نێر و مێ بێت و كوڕو كچ هەمان دەرفەتیان هەبێت و هان بدرێن بۆ بەشداری لە چالاكییە گروپكارییەكاندا گرنگە كە لە باخچەی منداڵان بنەمای پتەو دابنرێت بۆ :

١- فێربوونی بەردەوام بە درێژای تەمەن .

٢- بەشداری دیموكراتیانەی چالاک لە كۆمەڵگە .

٣- هاوكاری و لێک تێگەیشتن لەگەڵ خێزان و دەوروبەر (ڕێكخراوی كۆمەک ،٢٠٠٩، ١١-١٠)

**4-3: ئەركی باخچەی منداڵان:** باخچەی منداڵان ئەم لایەنانەی لە خۆ گرتووە :

١-. لایەنی مرۆیی و كۆمەڵایەتی: هاوكارە بۆ خێزانەكان لە پەروەردەكردنی دروستی منداڵەكانیان.

٢- لایەنی گەشەپێدان كە ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

ا- بورای گەشەی و جەستەی و جوڵەی منداڵ

ب- بورای گەشەی ژیری منداڵ

ت- بواری گەشەی زمان منداڵ

ث- بواری گەشەی كۆمەلایەتی منداڵ

ح- بوورای گەشەی سۆز و هەڵچوون (موفتی،٢٠١٠، ٧-٨ ).

## تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

## ٢-٢-١: لیستی توێژینەوەکانی پێشوو:

**خشتەی ژمارە (٢)**

**لیستی توێژینەوەکانی پێشوو**

| ناوی توێژەر | ساڵی توێژینەوە | ناونیشانی توێژینەوە | جۆری توێژینەوە |
|---|---|---|---|
| رحاب فتحى عبدالسلام السيد | ٢٠٠٥ | فاعلية برنامج للأنشطة النفسحركية في تنمية بعض المهارات الأجتماعية لأطفال الروضة. | ماستەر نامە |
| ياسمين فتحى الصايغ | ٢٠١٠ | فاعلية برنامج قائم على لعب الأدوار في تنمية الذكاء الأجتماعي لطفل الروضة. | ماستەر نامە |
| اكرم محمود زاده | 2012 | بازى و مهارتهاى اجتماعى در كودكان پيش دبستانى در حين تعامل با همسالان | ماستەر نامە |
| منى جابر محمد رضوان | ٢٠١٢ | برنامج تدريبي في تنمية بعض المهارات الحياتية وعلاقتها بالكفاءة الأجتماعية لأطفال الروضة. | نامەی دکتۆرا |
| جوخه محمد سليم الصوفيه | ٢٠١٥ | فاعلية برنامج تدريبى في تنمية بعض المهارات الأجتماعية لدى عينة من أطفال ما قبل المدرسة. | ماستەر نامە |

## ٢-٢-٢: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:

**خشتەی ژمارەی (٣)**

**خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو**

| ناوی توێژەر و ساڵ و شوێنی | ئامانجی توێژینەوە | میتۆد و نموونەی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەو | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|

| توێژینەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| رحـاب فتحـي عبدالسلام السيد، ٢٠٠٥،ميسر | بەئەنجـام گەیانـدنی پرۆگرامێکـی چـالاک بـۆ هـاوجولەیی لە گەشـەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە. | ئەزمـوونی و جێبەجێکاری، بریتییە لە (٤٠) منـداڵی باخچە کە دابەشـکراوەتە سـەر دوو کۆمەڵ:کۆمەڵەی یەکەم (تاقیکـاری) ،کـۆمەڵەی دووەم (جێبەجێکاری) | ئەم تـوێژینەوەیە کـۆمەڵێ کەلـوپەلی بەکارهێنـاوە کە لە(پێـوانەی جودانف هـاریس بـۆ زیرەکـی، پێـوانەی محمـد بیـومی خلیـل بـۆ ئاسـتی کـۆمەلایەتی و ئـابوری و رۆشنبیری). | لە ئەنجامـدا کۆمەڵێـک گۆرانکـاری، لەوانە: (تەمەن، زیرەکی، ئاستی کۆمەڵایەتی و ئـابوری و کـۆمەڵایەتی) کراوە. |
| یاسمین فتحی الصايغ،٢٠١٠،مەيسر | ئامانجی بریتییە لە:<br>١) گەشـەپێدانی زیرەکـی لای منداڵانی باخچە.<br>٢) ئامـادەکردنی پرۆگرامێـک لەسەر رۆڵ بینین لە یارییەکان بۆ گەشـەپێدانی زیرەکـی کـۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە.<br>٣) بەدەسـتهێنانی توانـا لەلای منداڵان لەسـەر درککردنـی فکرەو کـارلێکبوون لەگەڵ ئەوانـی تـرداو توانـای چارەسـەری کێشـەکانی کـۆمەڵایەتی لەمیانەی پرۆگرامـی پێشنیارکراودا.<br>٤) بەدەسـتهێنانی تـوێژینەوەیەکی پەیوەسـتدار لەنێـوان هەڵسـورانی یـاری و زیرەکـی کـۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە. | ئەزمـوونی و جێبەجێکـاری، ئەم توێژینەوەیە نموونەی بنچینەیی لە منداڵانی بـاخچە (ئاسـتی دووەم) وەرگرتـووە، کە دابەشکراون بۆ:<br>(٣٠) منـداڵ بـۆ تاقیکـاری وەرگیـراو لە بـاخچەی (ولیـدی سەرەتایی).<br>(٣٠) منـداڵ بـۆ جێبەجێکـاری لە باخچەی (سەنبلاوینی تاقیکاری بۆ زمان). | پێوانەی زیرەکی کـۆمەڵایەتی وێنەکـراو بـۆ منـداڵانی بـاخچە کە لە ئامـادەکردنی توێژەرە. | لە ئەنجامدا تەندروستی گروپی یەکەم بەدەستهێنراوە، کە خـالی جیـاوازی بنەڕەتـی ئامـاری روون بوویەوە، لەئاستی ٠،٠١ لەنێوان ئاستی وەسەت نمرەی منداڵەکانی کۆمەڵەی تاقیکاری لەپێشوویی و داهـاتوویی بـۆ پێـوانەی زیرەکـی کـۆمەڵایەتی وێنەکراو بە ئاراستەی پێشووی پلەبەندکراوە.<br>لە ئەنجامی گروپی دووەمیشدا تەندروستی بەدەستهێنراوە ، کە خالی جیاوازی بنەڕەتی ئاماری روون بوویەوە، لەئاستی ٠،٠١ لەنێوان ئاستی وەسەت نمرەی منـداڵەکانی کـۆمەڵەی جێبەجێکـاری لەپێـوانەی داهـاتوویی لەسـەر پێـوانەی زیرەکی کۆمەڵایەتی وێنەکراو کە گونجـاو بێـت بـۆ کـۆمەڵەی تاقیکاری. |
| اکـرم محمـود زادە،٢٠١٣،ئێران | ئامـانجی بـریتییە لە:١-. ناسـینی یـارییە جـۆر بەجۆرەکـان لە لای منداڵانی بـاخچە و هەنگاونـان بـۆ هەڵسـوکەوت کـردن لەگەڵ گەورە ساڵان لە باخچەی منداڵان<br>٢- دیـاری کردنـی نمـوونە زاڵ و باوەکـان لە یـاری نێـوان منـداڵی کوڕو کچ<br>٣- دیاریکردنی جۆری لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لە لای منداڵی کوڕ و کچ لە کاتی یاریدا | ئەزمونی، وەرگرتنـی (٣٧) منـداڵی بـاخچەی منداڵان کە پێـک هـاتبون لە (١٦ کـچ و ٢١ کـوڕ ) لە دوو نـاوەدی بـاخچەی منـداڵان لە کەرەج لە تـاران کە بە شێوەیەی ڕێکەوت هەڵبژێردراون | سـود لە پێـوانەی ریزبەنـدی کردنـی بەراوردکـاری لێهـاتوویە کۆمەڵایەتییەکـان و پێـوانەی بنینـی یاریی بۆجێگیری رەفتـاری لای منـداڵی بـاخچە وەرگیراوە | لە ئەنجامـدا چەنـدین ئەنجـامی گرنـگ دەرکەوتـووە سـەبارەت بە پەیوەنـدی یـاری بە گەشـەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای کوڕ و کچ<br>هەروەهـا جـۆری ئـارەزووی کوڕ و کچ بۆ جۆری یارییەکان و بەشداری کردن تێدا .<br>هەروەهـا کـاریگەری ئەنجامـدانی یـاری لە نێـوان منداڵ و گەوروە ساڵاندا . |
| منـی جابر محمد رضوان،٢٠١٢، | ئامـانجی بایەخـدان بە ( شـوێنی خـۆراک - ناوەنـدی پاکوخـاوێنی - | ئەزمـوونی و جێبەجێکـاری | تـوێژەر پێـوەری بەهرەکانی ژیانی | ئامـانجی بایەخدان بە ( شـوێنی خۆراک - ناوەندی پاکوخاوێنی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| میسر | جل و بەرگ و - ناوەندی سیستەم ) و لێهاتوویی کارلێکی کۆمەڵایەتی ( شارەزایی هاوڕێیەتی - هاوبەشی کردنی لێهاتووییەکان - بەرپرسیارێتی – شارەزایی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان) لە ڕووی تەمەن و زیرەکییەوە. | ،نموونەی منداڵانی باخچەی منداڵانی ( 4 - 6 ) ساڵ لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری ( 120 ) منداڵی بەکار هێنا. | وێنەکراو ، کارتی تێبینی ( وێنەی دایک ) و بەرنامەیەکی ڕاهێنان لە لە لێهاتووییەکانی کۆمەڵایەتی و ژیاندا ئامادەی کردووە. | - جل و بەرگ و - ناوەندی سیستەم ) و لێهاتوویی کارلێکی کۆمەڵایەتی ( شارەزایی هاوڕێیەتی - هاوبەشی کردنی لێهاتووییەکان - بەرپرسیارێتی – شارەزایی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان) لە ڕووی تەمەن و زیرەکییەوە. |
| جوخه محمد سليم الصوفيه،٢٠١٥، عمان | ئامانجی گشتی توێژینەوەکە: (گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتییە بۆ منداڵانی باخچە).<br>ئامانجە لاوەکییەکان:<br>١- گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی (هاوسۆزی) لەگەڵ کەسانی تر.<br>٢- گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی (دروستکردنی پەیوەندی) لەگەڵ کەسانی تر.<br>٣- گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی (هاوکاری) لەگەڵ کەسانی تر. | ئەزموونی بریتییە لە (٢٠) منداڵی هەڵبژێردراو و دیاریکراو، کە زیرەکیان لە نێوان (٢٧-٣٨)نمرە دەبێت، کە بەپێی تاقیکردنەوەی وێنەیی بۆ زیرەکی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە،٢٠ منداڵەکان دابەشکراون بۆ<br>منداڵانی کور (10-n1)<br>منداڵانی کچ (10-n2) | ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە پێوانەی زیرەکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە کە قطامی و یوسف لە ساڵی ٢٠١٠ ئامادەیان کردووە، بۆ پێوانەی سێ لە لێهاتووی کۆمەڵایەتی (هاوسۆزی، دروستکردنی پەیوەندی، هاوکار) لە کاتی خوێندندا دیاریکراوە | لە ئەنجامدا دەرکەوتنی جیاوازی لە لێهاتوویی (هاوسۆزی، دروستکردنی پەیوەندی، هاوکار) لە لای منداڵانی باخچە لە پێوانەیی ئێستاو ڕابردوو، کە بەهۆی پرۆگرامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە. |

## 2-٢-٤: شیکاری بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

لە میانی ئەم خاڵانەی خوارەوە دا، بەراوردی توێژینەوەی ئێستا بە توێژینەوەکانی پێشوو دەکرێت بە مەبەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەندی و لێکچوون و جیاوازی لە نێوانیاندا:

### ٢-٢-٤-١: سەبارەت بە شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە:

توێژینەوەی ئێستا لە شاری سلێمانییە، هەر یەکە لە توێژینەوەکانی تر ،السید (٢٠٠٤) لە مصر ، الصایغ (2010) لە مصر، محمود زادە (٢٠١٢) لە ئێران ، رضوان،(2012)لە مصر، الصوفیە(2015)،عمان .

### ٢-٢-٤-٢: توێژینەوەکان بە گشتی لە ڕووی ئامانجەوە:

توێژینەوەی ئێستا بریتییە لە دانانی پێوەرێک بۆ دیاریکردنی لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری ( مێژوو ,جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی ) باخچە.دانانی پڕۆگرامێکی پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری ( مێژوو ,جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی ) ئاستی دووەم ,تەمەن پێنج ساڵان .

توێژینەوەکانی تر بونیادنانی پڕۆگرامە بۆ باخچەی منداڵان، وەک: توێژینەوەی السید (٢٠٠٤)، بەئەنجام گەیاندنی پڕۆگڕامێکی چالاک بۆ هاوجوڵەیی لە گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە. الصایغ (2010)، ئامانجی بریتییە لە:ئامادەکردنی پڕۆگڕامێک لەسەر ڕۆڵ بینین لە یارییەکان بۆ گەشەپێدانی زیرەکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچەو بەدەستهێنانی توانا لەلای منداڵان لەسەر درککردنی فکرەو کارلێکبوون لەگەڵ ئەوانی ترداو توانای چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵایەتی لەمیانەی پڕۆگڕامی پێشنیارکراودا، بەدەستهێنانی توێژینەوەیەکی پەیوەستدار لەنێوان هەلسوڕانی یاری و زیرەکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە. محمود زادە (٢٠١٢)،ئەنجامدانی توێژینەوەیەکە بۆ ناسینی یارییە جۆر بەجۆرەکان لە لای منداڵانی باخچە و هەنگاونان بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەل گەورە ساڵان لە باخچەی منداڵان و دیاری کردنی نموونە زاڵ و باوەکان لە یاری نێوان منداڵی کوڕ و کچ ودیاریکردنی جۆری لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لە لای منداڵی کوڕ و کچ لە کاتی یاریدا. رضوان،(2012)، ئامانجی بایەخدان بە ( شوێنی خۆراک - ناوەندی پاکوخاوێنی - جل و بەرگ و - ناوەندی سیستەم ) و لێهاتوویی کارلێکی کۆمەڵایەتی ( شارەزایی هاوڕێیەتی - هاوبەشی کردنی لێهاتووییەکان - بەرپرسیارێتی – شارەزایی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان) لە ڕووی تەمەن و زیرەکییەوە لای منداڵانی باخچەی منداڵان .الصوفیە(2015،گەشەپێدانی لێهاتووی

کۆمەڵایەتییە بۆ منداڵانی باخچە)،گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی (هاوسۆزی) لەگەڵ کەسانی تر، گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی (درووستکردنی پەیوەندی) لەگەڵ کەسانی تر،گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی (هاوکاری) لەگەڵ کەسانی تر.

**٢-٢-٤-٣: لەڕووی میتۆدی توێژینەوە:**

لە توژینەوەی ئێستا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە. توێژینەوەکانی پێشوو میتۆدی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە . توێژینەوەی السید (٢٠٠٤)ئەزموونی و جێبەجێکاری بەکارهیناوە ،الصایغ(2010) ئەزموونی و جێبەجێکاری، محمودزادە(٢٠١٢)ئەزموونی، رضوان،(2012) ئەزموونی و جێبەجێکاری،الصوفیە(2015) ئەزموونی و جێبەجێکاری بەکار هێناوە.

**٢-٢-٤-٤: لەڕووی قەبارەی کۆمەڵگە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێستا لە منداڵانی (٥)ساڵی واتە ئاستی دووەم، لە باخچەکانی حکومی و ناحکومی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە سنوری سەنتەری شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) پێکهاتووە , نموونەی توێژینەوەکە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی ( حکومی و ناحکومی ) لە هەر دوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەگرێتەوە کە بریتییە لە ( ١١٢٧ ) مامۆستای باخچەی منداڵان  کە لە کۆی ئەو ژمارەیە (٣٦٦)مامۆستامان وەرگرتوە لە سەرجەم باخچەکاندا.

السید (٢٠٠٤)بریتییە لە (٤٠) منداڵی باخچە کە دابەشکراوەتە سەر دوو کۆمەڵ:

کۆمەڵەی یەکەم (تاقیکاری)کۆمەڵەی دووەم (جێبەجێکاری). الصایغ(2010) ئەم توێژینەوەیە نموونەی بنچینەیی لە منداڵانی باخچە (ئاستی دووەم) وەرگرتووە، کە دابەشکراون بۆ:(٣٠) منداڵ بۆ تاقیکاری وەرگیراو لە باخچەی (ولیدی سەرەتایی)و(٣٠) منداڵ بۆ جێبەجێکاری لە باخچەی (سەنبلاوینی تاقیکاری بۆ زمان)، محمود زادە (٢٠١٢)وەرگرتنی (٣٧) منداڵی باخچەی منداڵان کە پێک هاتبوون لە (١٦ کچ و ٢١ کوڕ ) لە دوو ناوەدی باخچەی منداڵان لە کەرەج لە تاران کە بە شێوەیەی ڕێکەوت هەڵبژێردراون .،رضوان،(2012) نموونەی منداڵانی باخچەی منداڵانی ( 4 - 6 ) ساڵ لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری (120) منداڵی بەکار هێنا،الصوفیە(2015)، بریتییە لە (٢٠) منداڵی هەڵبژێردراو و دیاریکراو، کە زیرەکیان لە نێوان (٢٧-٣٨)نمرە دەبێت، کە بەپێی تاقیکردنەوەی وێنەیی بۆ زیرەکی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە،٢٠) منداڵەکان دابەشکراون بۆمنداڵانی کور (10-n1)،منداڵانی کچ (10-n2 ).

**٢-٢-٤-5: لەڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:**

لەتویژینەوەی ئیستا ئامرازی :

١-فۆرمی ڕاپرسی : بە مەبەستی دیاریکردنی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) .

٢- پرۆگرامی پێشنیارکراوە : بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) بەکارهێنراوە.

بە شێوەی گشتی راپرسی و فۆرمی تێبینی و پیوانە ئامادەکراوەکانیان بەکارهێناوە : السید (٢٠٠٤) ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێ کەلوپەلی بەکارهێناوە کە لە(پێوانەی جودانف هاریس بۆ زیرەکی، پێوانەی محمد بیومی خلیل بۆ ئاستی کۆمەلایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری)، الصايغ (2010) پێوانەی زیرەکی کۆمەڵایەتی وێنەکراو بۆ منداڵانی باخچە کە لە ئامادەکردنی توێژەرە.، محمود زادە (٢٠١٢)سود لە پێوانەی ڕیزبەندی کردنی بەراوردکاری لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان و پێوانەی بنینی یاریی بۆجێگیری رەفتاری لای منداڵی باخچە وەرگیراوە .،رضوان،2012) توێژەر پێوەری بەهرەکانی ژیانی وێنەکراو ، کارتی تێبینی ( وێنەی دایک ) و بەرنامەیەکی ڕاهێنان لە لە لێهاتووییەکانی کۆمەڵایەتی و ژیاندا ئامادە کردووە. نموونەکە لە ڕووی تەمەن و زیرەکیەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەیەکی نهێنی هاوڕەگەز بوو و دواتر توێژەر پێوانەی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی لە پێش و دوای بەکارهێنانی بەرنامەکە جێبەجێ کرد، الصوفيه (2015)، ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە پێوانەی زیرەکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە کە قطامی و یوسف لە سالی ٢٠١٠ ئامادەیان کردووە، بۆ پێوانەی سێ لە لێهاتووی کۆمەڵایەتی (هاوسۆزی، درووستکردنی پەیوەندی، هاوکار) لە کاتی خوێندندا دیاریکراوە.

**٢-٢-٥: ئاستی سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر لە چەند ڕوویەکەوە توانی سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت وەک :

١-سوود وەرگرتن لە چۆنیەتی ئامادەکردنی پێوانەی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان.

٢-سوود وەرگرتن لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئامرازەکانی ڕاپرسی.

٣-بۆ زیاتر بابەتی بوونی توێژینەوەکە و سوود وەرگرتن لە هەنگاوەکانی توێژینەوەکانی پێشوو.

٤-سوود وەرگرتن لە چوارچێوەی تۆری تویژینەوەکانی پێشوو .

٥-سود وەرگرتن لە ڕاڤە و شیکردنەوەی داتاو زانیاری ئامارەکانی توێژینەوەکانی پێشوو و چۆنیەتی دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری ئامڕازەکانی توێژینەوەکە .

٦- سوود وەرگرتن لە تویژینەوەکانی پێشوو لەڕووی ئامادەکردن و بنیادنانی پڕۆگرام بۆ باخچەی منداڵان.

# بەشی سێیەم
# ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

## 3-1: میتۆدی توێژینەوەکە:

## ٣-٢: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

## ٣-٣: نموونەی توێژینەوەکە

## ٣-٤: ئامڕازەکانی توێژینەوە:

### ٣-٤-١: فۆڕمی ڕاپرسی :

أ-دروستکردنی فۆڕمی ڕاوەرگرتنی سەرتایی

ب-ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی

ج-ڕاستیتی فۆرمی ڕاپرسی

٢-جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی

٣-جێبەجێکردنی فۆڕمی ڕاپرسی

### ٣-٤-٢: پرۆگرامی پێشنیارکراو

## ٣-٥:پەرتووکی پڕۆگرامی پێشنیارکراو

## ٣-٦: ئامڕازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

# بەشی سێیەم

# ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

### 1-3: میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوەبریتییە: لە بەسەرکردنەوە و پەی پێبردنی ڕێکخراوی ڕاستییە زانستییەکان، بە ڕەچاوکردنی شێواز و بەرنامەی زانستی دیاریکراو، بە مەبەستی دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستیەکەی یان گۆڕینی یان یان زیادکردنی تازە بۆی (علی،٢٠١٠،١١).

میتۆدی توێژینەوە بریتییە: لە بەکارهێنان و گرتنەبەری ڕێگا و شێوازی زانستی بۆ گەیشتن بە ڕاستییە نوێیەکان و سەلماندنیان، لە پێناو دەوڵەمەندکردن و گەشەکردنی مەعریفەی مرۆڤایەتیدا (بۆکانی ،٢٠١٦، ٣٥).

بە پێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنرا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

### ٣-٢: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە : لە سەرجەم ئەو تاکانە (مرۆڤ، دامەزراوە، بەرنامەی تەلەفیزۆنی، گۆڤار، شمەک ...تاد) کە لە خەسڵەتی تیبینیکراودا هاوبەشن. لە توێژینەوەی زانستیدا پێوەر بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوە، بریتییە لەبوونی خەسڵەتێکی هاوبەش لە نیوان تاکەکانیدا کە شایەنی تێبینی کردن بێت (بۆکانی ،٢٠١٦، 125).

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە مامۆستایانی باخچەکانی ( حکومی و ناحکومی ) ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە سنوری سەنتەری شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) پێکهاتووە بریتییە لە (١١٢٧) مامۆستا لە (٧٤) باخچەی منداڵان. کە تیدا لە ئەنجامی ڕاپرسییەک کە لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی لە هەر سێ بواری ( لێهاتووی مێژوو ، لێهاتووی جوگرافی ، لێهاتووی پەروەردەی نیشتیمانی) ئاڕاستەی سەرجەم مامۆستایان لە باخچەکانی حکومی و ناحکومی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە سنوری سەنتەری شاری سلێمانی کرا، وەک لە خشتەی ژمارە (٤) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| باخچەی حکومی | باخچەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا | باخچەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات |
|---|---|---|
| ٣٥ | ٢٢ | ١٣ |
| باخچەی ناحکومی | باخچەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا | باخچەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات |
| ٣٩ | ٣١ | ٨ |

### 3-٣: نموونەی توێژینەوەکە:

نمونەی توێژینەوە بریتییە: لە بەشێک لەو کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایەو نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات (بۆکانی ،٢٠١٦، ١٢٦).

نموونەی توێژینەوەکە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی ( حکومی و ناحکومی ) لە هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، (٣٦٦) مامۆستامان وەرگیراوە لە سەرجەم باخچەکاندا کە دەکاتە ڕێژەی سەدا (٣٢,٤٧%)ی نموونەی وەرگیراو لە خشتەی ژمارە (٥،٦،٧) سەرجەم داتاکان خراونەتە ڕوو. نمرەی بەدەستهاتوو لە پرسیارەکانی ئاڕاستەکراو بۆ مامۆستایانی منداڵانی باخچە لە هەرسێ بواری لێهاتووی کۆمەڵایەتی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی)، کە بە شێوەیەکی تایبەت وەرگیراوان؛ تیایدا (٢١) مامۆستا لەڕەگەزی نێر، ( ٣٤٥) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ.

**خشتەی ژمارە(٥)**

**ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز:**

| ڕەگەز | نێر | مێ | تێکرا |
|---|---|---|---|
| **ژمارەی مامۆستا** | **٢١** | **٣٤٥** | **٣٦٦** |

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا:**

| تێکرا | ڕۆژئاوا | ڕۆژهەڵات | پەروەردە |
|---|---|---|---|
| ٥٦ | ٣٨ | ١٨ | ژمارەی باخچە |

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی حکومی و ناحکومی:**

| تێکرا | ناحکومی | حکومی | جۆری باخچە |
|---|---|---|---|
| ٥٦ | ١٩ | ٣٧ | ژمارەی باخچە |

بۆ وەرگرتنی ژمارەو زانیاری و داتاکان تا وەکو داتایەکی ورد و دروست دەست بکەوێت پشت بە داتاو ئامارو زانیارییەکانی هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەستراوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی لە پاشکۆی ژمارە (١) ئاماژەی پێکراوە.

**٣-٤: ئامڕازەکانی توێژینەوە:**

ئامانجەکانی توێژینەوەی ئێستا بریتییە لە دیاریکردنی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) بۆ منداڵانی باخچەی تەمەن (٥) ساڵ ئاستی دووەم لە باخچەی منداڵاندا، لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان و پێشنیازکردنی پرۆگرامێک بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە . ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە ، کە توێژەر پێویستی بە زیاتر لە ئامڕازیک هەیە، هەر بۆیە ئامڕازی توێژینەوەکە بۆ دوو بەش دابەش دەکرێت :

**٣-٤-١: فۆرمی ڕاپرسی :**

بە مەبەستی دیاریکردنی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) .

**فۆڕمی ڕاپرسی :** یەکێکە لە گرنگترین ئامڕازەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە . ئەم ئامرازە بریتییە لە کۆمەڵێک بڕگە و پرسیار کە خودی بەرتوێژ بە بێ یارمەتی توێژەر وەڵامیان دەداتەوە ، لەرێگەی پۆستەوە بنێردرێت بۆ کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە یاخود ڕاستەوخۆو ڕووبەڕوو، توێژەر بیگەیەنێتە دەستیان، کەواتە ئامادە بوونی توێژەر مەرجێک نیە هەر وەک لە چاوپێکەوتندا پێویستە . لەم ئامڕازەدا داتا و زانیاری لەبارەی هەست و نەست ، پاڵنەرەکانیان ، دیدوبۆچون و ، بیروباوەڕ و حەزوو ئارەزووی تاکەکەسەکان وەردەگیرێت (بۆکانی ،٢٠١٦ ، ١٥٦).

پاش ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکە فۆرمی ڕاپرسی بە باشتر زانرا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەو لە دیاریکردنی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) لە لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە بە هۆیی ئەو ئەزمون و شارەزاییە زۆرەی کە مامۆستایانی باخچە دەربارەی منداڵانی باخچە هەیانەو ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. پاشکۆی ژمارە(٢).

### ١: دروست کردنی فۆڕمێکی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی :

سەرتا فۆرمیکی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی کراوە دروستکرا بە مەبەستی دیاریکردنی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) بۆ منداڵانی باخچەی تەمەن (٥) ئاستی دووەم و کە لەم ڕێگەیەوە لە لایەن مامۆستایان ، سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی باخچەی منداڵان ، شارەزایان و پسپۆڕان لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان دیاریکرا، پاشکۆی ژمارە (٤). هەروەها بە سود وەرگرتن لە پەرتووکی بریار لێدراوی خوێندنی سالی ( ٢٠١٩) ، چاپی سێیەم ، حکومەتی هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە ئاستی دووەم.

### أ: نموونەی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی :

ڕێژەی ( ٤٧,٣٢%)، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆی گشتی (مامۆستایانی باخچەی حکومی و ناحکومی ) لە هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا ناوەندی شاری سلیمانی وەرگیراوە، ژمارەیان (٣٦٦) مامۆستایە لەوانەش (٢١) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٣٤٥) لە گەزی مێ بوون لە هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا

ناوەندی شاری سلیمانی باخچە حکومییەکان و ناحکومییەکان، (١٩) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٢٦٥) لە ڕگەزی مێ بوون لە هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناوەندی شاری سلیمانی باخچە حکومییەکان، هەروەها (٢) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٨٠) لە گەزی مێ بوون لە هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناوەندی شاری سلیمانی باخچە ناحکومییەکان، وەک لە خشتەی ژمارە (٨) ڕوونکراوەتەوە .

**ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا (حکومی و ناحکومی)**

**خشتەی ژمارە (٨)**

| جۆری باخچە | ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا | | |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆی گشتی |
| **حکومی** | ١٩ | ٢٦٥ | ٢٨٤ |
| **ناحکومی** | ٢ | ٨٠ | ٨٢ |
| **کۆی گشتی** | ٢١ | ٣٤٥ | ٣٦٦ |

**ب: ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی :**

بۆ ئامادە کردنی فۆرمی ڕاپرسی سود لە چەندین سەرچاوە وەرگیراوە لەوانەش:-

١- سود وەر گرتن لە فۆرمەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، بۆ نموونە: (محمود،٢٠٢١)،ئەحمەد،٢٠١٦ )

٢- گفتوگۆ لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دەربارەی دیاریکردنی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا،

پەروەردەی نیشتیمانی) و گەشەپێدانی لێهاتووییەکانیان .

٣- گفتوگۆ لەگەل بەڕێوەبەر و مامۆستایانی باخچەی منداڵان و پسپۆران و شارەزایانی بواری دەروونی و پەروەردەیی بۆ گەشەپێدانی هەر سێ بواری (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) لای منداڵانی باخچە .

٤- سود وەرگرتن لە پەرتووکی بڕیار لێدراوی خوێندنی ئاستی یەکەم و دووەمی باخچەی منداڵان و ڕێبەری مامۆستای باخچەی منداڵان کە لە لایەن وەزارتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانراوە بۆ نموونە ( حمید و ئەوانی تر ، ٢٠١٨) ،حەمید و ئەوانی تر ٢٠١٩، ) ، لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٨) (موفتی ، ٢٠١٠)

٥- ڕاوەرگرتنی سەرەتایی فۆرمێکی بۆ ڕاوەرگرتنی سەرەتایی ئامادەکرا، فۆرمەکە پرسیارێکی سێ لایەنە لە خۆ گرتبوو لە هەر سێ بواری (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) و گەشەپێدانی لێهاتووییەکانیان بۆ منداڵانی تەمەن (٥) ساڵ ئاستی دووەم لە باخچەی منداڵان . داوایان لێ کرا بوو سەرەنج و پێشنیاز و تێبینیەکانیان سەبارەت بە (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) بخەنە ڕوو .بڕوانە پاشکۆی (٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/١)، فۆڕمی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی دابەش کرا بەسەر نموونەی ڕاوەرگیراوە سەرەتاییەکەدا ، پاشان کاتێکی تەواویان پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ، کە سێ هەفتە دەبوو ،لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٢١) سەرجەم فۆڕمەکان کۆکرانەوە و زانیارییەکان بەتاڵکرانەوەو سودی لێوەرگیرا ، لە ڕێگەی سەرجەم ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی ئەنجام درا ، لە پێناو ئامادە کردن و دارشتنی ئامرازێکی ڕاپرسی ، سەرئەنجام فۆڕمێکی سەرتایی هاتە بەرهەم . بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٣) کە لە سێ بواری (٣٦) بڕگەی پێکهاتووە هەڵبژێردران لە ئەنجامی زۆرترین دووبارە بوونەوەو بەراوردکردنی بە یەکەو وانەکانی کتێبی بڕیارلێدراوی ئاستی دووەمی باخچەی منداڵان، وەک لە خشتەی ژمارە (٩) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (٩)**

**بوارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی لە شێوە سەرەتاییەکەی پێش چاککردن**

| ژ | بواری لێهاتوویەکان | ژمارەی برگەکان |
|---|---|---|
| ١ | لێهاتوویيە كۆمەڵايەتييەكانی (مێژوویی) | ١٠ |
| ٢ | لێهاتوویيە كۆمەڵايەتييەكانی (جوگرافیا) | ١٠ |
| ٣ | لێهاتوویيەكۆمەڵایەتییەكانی(پەروەردەی نیشتیمانی) | ١٦ |

| ٣٦ | کۆی گشتی |
| --- | --- |

**ج: ڕاستێتی فۆرمی ڕاپرسی:**

مەبەست لە ڕاستێتی هەر ئامرازێک ئەوەیە ، ئەو ئامرازە تا چەند توانای پێوانە کردنی ئەو تایبەتمەندییە یان ئەو دیاردەییەی هەیە، کە لە پێناویدا ئامادە کراوە (الروسان،١٩٩٩، ٣١) (الجلبی ،٢٠٠٥، ٨٤). بۆ دەرخستنی ڕاستی هەر ئامرازێک دەبێت ئامرازەکە بخریتە بەردەستی پسپۆڕ و شارەزایانی بوارەکە و بڕیاردەران ، بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر بڕگەکانی ،توێژەر بە مەبەستی زانستی بوونی فۆڕمەکە ودیاریکردنی ڕاستی ئامڕازەکە و کە تا چەند بڕگەکانی بە وردی و ڕوونی و ڕەوانی داڕێژراون و لە توانایان دا هەیە پێوانەی (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) بکەن، بۆ ئەم مەبەستە فۆڕمی ڕاپرسیەکە خرایە بەردەستی ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پەروەردە و دەروناسی و پێوانەو هەڵسەنگاندن کە ژمارەیان (١٣ ) پسپۆڕی خاوەن ئەزمون بوون ، بڕوانە پاشکۆی (٤) .

کۆدەنگی نێوان پسپۆڕەکانی بۆ دیاریکردنی ئاستی شیاوی بڕگەو لێهاتوویەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە وەرگرگیرا، واتە ( ١١دەنگ لە ١٣ دەنگ ) ی پسپۆڕەکانی وەک نزمترین ئاست بۆ هەڵبژاردن و پەسەند کردنی هەر بوار و بڕگەیەک لە بڕگەکانی فۆڕمەکەی وەرگیرا، ڕێژەکەی دەکاتە (٨٤,٦%)ی کۆدەنگی پسپۆڕەکان. پاش ڕاوبۆچوون و تێبینی و سەرنج و پێشنیازی پسپۆڕان و شارەزایان سەبارەت بە لابردن و گۆڕانکاری هەندێک بڕگەو لێهاتووی و وشە و بوارو و چاککردنی هەندێکی تری لە لایەنی زمانەوانی و ڕێکخستن و دابەش کردنی لێهاتوویەکان بەسەر بوارەکاندا ئەنجامدار ، توێژەر دەستی کرد بە سەر لە نوێ داڕشتنەوەی فۆڕمەکەو چاکردن و ڕێکخستن گۆڕانکاری کردن بەو شێوەی پسپۆران گۆڕانکاری چاکسازییان تێدا کرد بوو. هەروەها (٢) بڕگە لە بواری ( لێهاتووییەکانی پەروەردەی نیشیمانی ) لابران ، واتە گشت بڕگە لابراوەکان گەیشتە (٢) بڕگە کە بڕگەی ژمارە (٣٥-٣٦) بوون پاشکۆی ژمارە(٣). کەواتە بڕگەکان بەو شێوەیە داڕێژرایەوە وەک لە پاشکۆی ژمارە (٥) خراوەتە ڕوو، وەک لە خشتەی ژمارە(١٠) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**بوار و ژمارەی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی پاش چاککردن**

| ژ | بواری لێهاتوویەکان | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ١ | لێهاتوویيە كۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی) | ١٠ |
| ٢ | لێهاتوویيە كۆمەڵایەتییەکانی (جوگرافیا) | ١٠ |
| ٣ | لێهاتوویيە كۆمەڵایەتییەکانی(پەروەردەی نیشتیمانی) | ١٤ |
| | کۆی گشتی | ٣٤ |

**2: جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی:**

جێگیری واتە نەگۆڕی و وردی پێوەرەکە و بەدەستهێنانەوەی هەمان ئەنجام یان زۆر نزیک لەو ئەنجامە، لە کاتی دوبارە پیادە کردنەوەیدا (النبهان ،٢٠٠٤، ٢٢٩).

مەبەست لە جێگیری ئەوەیە کە دەبێت هاوشێوە بونێکی نزیک هەبێت لە ئەنجامەکاندا کاتێک ئامڕازەکە دوبارە پیادە دەکرێتەوە بەسەر هەمان کەسانە لە هەمان بارودۆخدا (سمارون ،١٩٨٩)، ل:١٢٠)، بۆ دۆزینەوەو زانینی ڕادەی جێگیری چەند ڕێگەیەک هەیە یەکێک لەوانە دوبارە دابەشکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسیە بەسەر هەمان کەسی وەرگیراو(دووبارە تاقیکردنەوە) پاش دوو هەفتە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەڵبژێردرابوون کە ژمارەیان (٢٥ ) مامۆستایە.

بۆ ڕادەی جێگیری ئامرازی پێوەرەکە، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن جێگیری (پیرسۆن) بەکارهێنراوە، ئەنجامی ڕادەی جێگیری ئامڕازەکە

گەیشتە(٨٥%)بەم نمرەیە بۆمان دەردەکەوێت، پێوەری توێژینەوەکە جێگیرە پاشکۆی ژمارە (٥)
.

**٣: جێبەجێکردنی فۆڕمی ڕاپرسی:**

دوای ئەوەی سەرجەم ڕێکارییەکان لە ئامادە کردنی فۆڕمی ڕاپرسییەکە ، هەر لە ڕاوەرگرتنی سەرەتای دانادنی بڕگەکان و دڵنیا بوون لە ڕاستێتی و جێگیری ڕوونی بڕگەکان لە ڕووی زانستی و زمانەوانیەوە بە کۆتا هات، دەرکەوت فۆڕمی ڕاپرسیەکە بە شێوەیەکی زانستی داڕێژراوە دەتوانرێت بۆ دیاریکردنی پێوانەی (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) بەکاربهێنرێت. بە مەبەستی بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە ئەم هەنگاو و ڕێکارییانەی خوارەوەی گیرایەبەر :

١- دیاریکردنی شوێنی باخچەی منداڵان. لەگەڵ وەرگرتنی ژمارەی بەڕێوەبەری باخچە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی باخچەکان کە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا ناویان هاتووە.

٢- وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بە نوسراوی فەرمی، لە پاشکۆی (١) ئاماژەی پێکراوە بۆ سەردانی کردنی باخچەکان و گەیاندنی فۆڕمی ڕاپرسی بە دەستی مامۆستایانی باخچە .

٣- دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی پەیوەندیمان کرد بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەی و بەڕێوبەری باخچەکان بە مەبەستی گەیاندی فۆڕمی ڕاپرسییەکان لە ڕێگەی دەست و بە شێوەی ئۆنلاین و ڕێکخستنی کاتی سەردانەکان .

٤- پاش دیاریکردنی کات و ڕێکخستنی کارەکان توانرا فۆڕمی ڕاپرسیەکان بگەیەنرێتە مامۆستایانی باخچەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە .

٥- دانانی فۆڕمی ڕاپرسی لە گروپی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبەرانی باخچەکانی ناوەندی شاری سلێمانی حکومی و ناحکومی بە شێوەی ئۆنلاین لە لایەن سەرپەرەشتیارنی پەروەردەی کە سەنگ و قورسای زیاتری دەبەخشی بە فەرمی بونی کارەکەمان سەرەڕای نوسراوی فەرمی بۆ ئەم لایەنەش زیاتر پاراستنی مامۆستایان لەبەر چاو گیراوە لە نەخۆشی پەتای کۆرۆنا .

٦- دانانی فۆڕمی ڕاپرسی لە گروپی ئەلیکترۆنی مامۆستایانی باخچەکانی ناوەندی شاری سلێمانی حکومی و ئەهلی بە شێوەی ئۆنلاین لە لایەن بەڕێوەبەرانی باخچەکانەوە کە سەنگ و

قورسای زیاتری دەبەخشی بە فەرمی بونی کارەکەمان. سەرەڕای نوسراوی فەرمی، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تەندروستی و لەبەر چاو گرتنیان لە نەخۆشی پەتای کۆرۆنا .

٥- ماوەی نێوان ڕێکەوتی (٢٠٢١/٥/٢٠) تا وەکو ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٣) فۆرمی ڕاپرسی گەیەنرایە سەرجەم باخچەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە مەبەستی پڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و دەستنیشان کردنی پێوانەی (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی). پاشکۆی ژمارە (٦).

**٣-٤-٢: پرۆگرامی پێشنیارکراو:**

بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) .

**1: ڕێکارییەکانی دانانی پرۆگرامی خوێندنی پێشنیارکراو :**

بەو پێیەی ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە دانانی پرۆگرامی خوێندنی پیشنیازکراوە بۆ گەشەپێدانی سێ لە لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) بۆ منداڵانی باخچەی تەمەن (٥)ساڵ ئاستی دووەم، توێژەر پرۆگرامی خوێندنی پیشنیازکراو پێشکەش دەکات تاوەکو ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی و گرنگ و پڕ بایەخ بۆ گەشەپێدانی ئەو لایەنانەی کە ئاماژەی بۆ کراوە .

بە سود وەرگرتن لە نموونە بەناوبانگەکانی کە پێشتر ئامادەکراون لە لایەن پسپۆڕان وتوێژەرانی ولاتان بە تایبەتی نموونەی ( مۆریسۆن و ڕۆس و کەمپ ) کە بە (M R K) ناسراوە نموونەکەش پێکدیت لە (٩) هەنگاو وەک ئەوەی لە هێڵکاری ( ٣) دا هاتووە .

## نموونەی دیزاینی ( مۆریسۆن و ڕۆس و کەمپ )

## هێڵکاری ژمارە (٣)



**نموونەی دیزاینی ( مۆریسۆن و ڕۆس و کەمپ ) (Kemp, J.E., Morrison, 1996, 2 )**

**٢ : هەنگاوەکان جێبەجێکران بەم شێوەی خوارەوە :**

**أ: ئامانجی پڕۆگرامەکە:**

**- ئامانجی گشتی پڕۆگرامەکە:**

گەشەسەندنی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لەلای منداڵانی باخچە واتە منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە.

**- ئامانجی تایبەتی پڕۆگرامەکە:**

1- گەشەسەندنی لێهاتوویی مێژوو لەلای منداڵانی باخچە.
2- گەشەسەندنی لێهاتوویی جوگرافیا لەلای منداڵانی باخچە.
3- گەشەسەندنی لێهاتوویی پەروەردەی نیشتیمانی لەلای منداڵانی باخچە.

**٢ : چوارچێوەی تیۆری پڕۆگرامەکە:**

پڕۆگرامی پێشنیارکراوی ئەم توێژینەوەیە پشت بە پڕۆگرامی تیۆری ( مۆریسۆن و ڕۆس و کەمپ ) دەبەستێت، کە لە بەشی دووەم ئاماژەی پێکراوە، بە مەبەستی پەرەسەندن و گەشەسەندنی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی)یە.

**٣ : پێکهاتەی پڕۆگرامەکە:**

**أ: ئامانجە گشتییەکان:**

ئامانجی ئەم پڕۆگرامە مەبەستی پەرەسەندن و گەشەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) بۆ منداڵانی باخچەی تەمەن (٥)ساڵ ئاستی دووەم، لەبەر ڕۆشنایی پێداویستییە پەروەردەییەکانیان و پاڵپشت بە خوێندنەوەی چەندین سەرچاوەو

توێژینەوەی پێشووی بوارەکە سەرەتا ئامانجەگشتییەکانی هەر سێ بابەتەکەداڕێژرا، کە پێکهاتووە لە (٣٤) ئامانج ، پاشکۆی ژمارە (٨)، وەک لە خشتەی ژمارە(١١) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (١١)**

**ئامانجە گشتییەکان**

| ژ | بوار | ئامانجە گشتییەکان | ڕادەی شیاوی % |
|---|---|---|---|
| ١ | مێژوو | مندالٚ کاتەکانی وەک :<br>( خەوتن ، لە خەو هەستان و ژەمەسەرەکییەکان) دەزانێت. | 100% |
| ٢ | | مندالٚ ئاشنایە بە هۆیەکانی گواستنەوەی کۆن و نوێ وەک: (ئاژەل ، گالیسکە ، ئۆتۆمبێل ، فرۆکە ، شەمەندەفەر و کەشتی). | 100% |
| ٣ | | مندالٚ ئاشنایە بە شوێنەوارە ناسراوەکانی کوردستان. وەک (قەلآی هەولێر ، سەرای سلێمانی، پردی دلال لە زاخۆ و قەلآی کەرکوک ، قەلآی شیروانە ،ئەشکەوتی هەزار مێرد و ئەشکەوتی شانێدەر) | 100% |
| ٤ | | مندالٚ ئاشنایە بە بۆنەکانی وەک: (ڕۆژی لە دایک بوون، ڕۆژی مامۆستا و ڕۆژی دایک). | 100% |
| ٥ | | مندالٚ ئاشنایە بە تایبەتمەندییەکانی خۆی. | 100% |
| ٦ | | مندالٚ ئاشنایە بە جەژنە نەتەوەییەکان و ئاینییەکانی وەک: (جەژنی سەری سالٚی کوردی جەژنی نەورۆز ، جەژنی سەری سالٚی کۆچی ، جەژنی سەری سالٚی زاینی ، جەژنی قوربان، جەژنی ڕەمەزان و جەژنی ئێزیدی). | 100% |
| ٧ | | مندالٚ ڕۆژەکانی هەفتە دەزانێت. | 100% |
| ٨ | | مندالٚ جل و بەرگی ڕەسەنی نەتەوەکانی وەک: (کورد ، عەرەب و تورکمان) دەناسێتەوە. | 100% |
| ٩ | | مندالٚ قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ وەک: (مندالی، گەنج و پیر) دەزانێت. | 85.71% |
| ١٠ | | مندالٚ جیاوازی لە نێوان دوێنی و ئەمڕۆ و سبەی دەزانێت. | 71.42% |
| ژ | بوار [illegible] | ئامانجە گشتییەکان | ڕادەی شیاوی % |
| 12 | [illegible] | مندالٚ جیاوازی ڕاست ، چەپ سەرەوە، خوارەوە ، ناوەوەو دەرەوە دەکات . | 85.71% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 13 | | منداڵ ناوی وەرزەکان دەزانێت. | 100% |
| 14 | | منداڵ سەرچاوەکانی ئاو وەک: (باران ، بەفر ، بیر ، ڕووبار ، تاڤگە ، دەریا ) دەزانێت. | 100% |
| 15 | | منداڵ نەخشەی هەرێمی کوردستان دەناسێتەوە لە ناو نەخشەی چەند وڵاتێکی تر. | 100% |
| 16 | | منداڵ سروشتی هەرێمەکەی وەک: (چیا ، گرد دۆڵ، دەشت ،کێڵگە، ڕوبار، دارستان، دەریاچە ) دەناسێتەوە . | 100% |
| 17 | | منداڵ ئاڵای وڵاتەکەی دەناسێتەوە و رەنگەکانی دەزانێت. | 100% |
| 18 | | منداڵ ڕێگای ئاسمانی ، وشکای و دەریای لە یەکتری جیا دەکاتەوە . | 100% |
| 19 | | منداڵ ناوی هەرێمەکەی و پارێزگاکانی دەزانێت دەزانێت. | 100% |
| 20 | | منداڵ ژینگەی ژیانی زیندەوەرەکانی وەک: (شێر لە دارستان ، ماسی لە دەریا) دەزانیت. | 100% |
| 21 | | منداڵ پەیوەستە بە خێزانەوە . | 100% |
| 22 | | منداڵ پاک و خاوێنی خۆی و باخچەکەی وژینگە دەپارێزێت. | 100% |
| 23 | | منداڵ پارێزگاری لە کەلوپەل و ژینگەی باخچەکەی دەکات . | 100% |
| 24 | | منداڵ حەزی بە جل و بەرگی ڕەسەنی کوردی دەکات و ڕۆژی جل و بەرگی کوردی بەلاوە گرنگە . | 100% |
| 25 | | منداڵ لە ناو چەند سروودێکی نیشتیمان سروودی نیشتیمانی وڵاتەکەی دەناسێتەوە . | 100% |
| 26 | | منداڵ خۆشویستی بۆ شار و وڵاتەکەی هەیە | 100% |
| ژ | بوار | **ئامانجە گشتیەکان** | **ڕادەی شیاوی %** |
| 27 | پەروەردەی نیشتیمانی | منداڵ گرنگی بە زمانی دایک دەدات و لە زمانەکانی تر جیای دەکاتەوە | 100% |
| 28 | | منداڵ لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان بەشداری دەکات و هاوکار دەبێت لە کاروباری رۆژی ئاڵا. | 100% |
| 29 | | منداڵ ئاشنای بە بەرگریکارانی وڵات ( پێشمەرگە ) هەیە | 100% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 100% | منداڵ رێز لە یاساکانی باخچە دەگرێت و پابەند دەبێت | | 30 |
| 100% | منداڵ ئەرکەکانی کارمەندانی پۆلیسی هاتوچۆ بەرز دەنرخێنێت | | 31 |
| 100% | منداڵ لە هەڵمەتی خیرخوازی باخچەکەی بەشدار دەبێت وەک کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ هەژاران و کەم توانایان . | | 32 |
| 85.71% | منداڵ گرنگی بە مۆسیقا و گۆرانی منداڵانەی کوردی دەدات | | 33 |
| 100% | منداڵ حەزی بە سەردانی مۆزەخانەی نیشتیمانی هەیە | | 34 |

پاشان هەستا بە داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان بە پێی پۆلێنی بلوم،کراسۆڵ و هاوڕێیەکانی و سیمپسۆن بۆ هەر یەک لە سێ بابەتەکە بە مەبەستی پەرەپێدانی لێهاتووییەکانیان . کە لەخشتەی ژمارە (١٠) ڕوونکراوەتەوە.

**٢: ئامانجی فێرکاریی ڕەفتاری:**

دیاریکردنی ئامانجە فێرکارییەکان یەکێکە لە کارە گرنگ و بنەما سەرەکییەکانی وانەوتنەوە و پرۆگرام، هەوڵدرا ئامانجە فێرکارییەکان بۆ هەر یەکەیەکی بابەتی پرۆگرامەکە دابڕێژرێت. داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان بە پێی پۆلێنی بلوم بۆ هەر یەک لە سێ بابەتەکە بە مەبەستی پەرەپێدانی لێهاتووییەکانیان (پاشکۆی ٩). ئامانجی ڕەفتاری ڕوونکراوەتەوە.

بەڵام بۆ دڵنیای لە ڕاستی و دروستی دراشتنی ئەو ئامانجانە لە ڕووی زمانەوانی و زانستیەوە ، نمایش کران بەسەر بژاردەیەک لە مامۆستایانی پسپۆر و شارەزا لە بوارەکانی ڕیگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەلسەنگاندن و دەروونناسی و بابەتەکۆمەڵایەتییەکان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی باخچەی منداڵان، کە ژمارەیان (٤٣)شارەزا بوو (پاشکۆ٧ ) لە ریگەی راپرسیەکی داخراوی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە (پاشکۆی ٩) . بە پێی بۆچونیان هەندیک گۆرانکاری کرا بەسەر ئامانجەکان لە ڕووی چاکسازی زمانەوانی و پۆلین کردنی ئاست یان خود لابردن ، لە کۆتایدا ئامانجەکان جیگیر بوون. لەخشتەی ژمارە (١٢) وردەکارییەکان خراوەتە ڕوو ، جێی ئاماژەیە ڕیژەی ( ٨٠% ) بەرەوە سەرەوە پەیڕەو کرا بۆ پەسەندکردنی هەر بڕگەیەک.

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**ئامانجی( فێرکاری گشتی و ڕەفتاری) لێهاتووییەکانی کۆمەڵایەتی (مێژوو ،جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی به شێوەی کۆتایی:**

| ناوی بوار | ژمارەی ئامانجی فێرکاری گشتی | | | کۆ | ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زانیاری | دەروونجوڵەی | ویژدانی | | یادهاتنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | |
| مێژوو | 48 | - | 5 | 53 | 42 | 5 | 1 | 48 |
| جوگرافیا | 49 | 2 | 3 | 54 | 32 | 13 | 4 | 49 |
| پەروەردەی نیشتیمانی | 41 | 5 | 7 | 53 | 26 | 5 | 10 | 41 |
| کۆ | 138 | 7 | 15 | 160 | 100 | 23 | 15 | 138 |

**٣: تایبەتمەندییەکان:**

تایبەتمەندییەکان پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەم لایەنانەی خوارەوە هەیە :

١-. دیاریکردنی تەمەنی منداڵانی باخچە که پرۆگرامەکە بۆ منداڵانی (٥)ساڵ ئاستی دووەم پێش چونە قوتابخانە دیاریکرا.

٢- ژمارەی منداڵانی باخچەکانی حکومی و ناحکومی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە سنوری سەنتەری شاری سلێمانی.

٣- قۆناغی خوێندن باخچەی منداڵان ئاستی دووەم پیش چونە قوتابخانە.

بابەتی خوێندن: لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی).

4- لێهاتووییەکانی منداڵ: ئەو لێهاتوییە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە کە بە پێ ڕاپرسی لە روانگەی مامۆستایانەوە دیاریکراوە.

**٤: شیکردنەوەی ناوەڕۆک:**

لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی پرۆگرامی خویندنی باخچەکان ئاستی دووەم بە مەبەستی دیاریکردنی خویندنی لێهاتووییەکۆمەیەتییەکان لە هەر سێ بواری (مێژوو، جوگرافیا ،پەروەردەی نیشتیمانی ) بە شێوەیەکی زانستی و هاوچەرخ و مۆدێرن کە بگونجیت لە گەڵ تەمەن و ئاست و توانای منداڵانی تەمەن (پێنج )ساڵ هەستا بە دیاریکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکانی ( مێژوو ،جوگرفیا و پەروەردەی نیشتیمانی ) بە پێی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

١-گەڕان بە دوای پرۆگرامەکانی خویندنی باخچەی منداڵان لە باخچەی منداڵانی حکومی و ناحکومی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق و ووڵاتانی دراوسی و ووڵاتە بیانییەکان بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری و شێوازی داڕشتن و ئامادە کردنی پەرتووکی خویندن و رێبەری مامۆستا ریگا و شێوازە مۆدیرنەکانی گەشەپیدانی لێهاتوویيە کۆمەڵايەتییەکان .

٢- سەرنجدان لە پەرتووکی خوێندنی ئاستی یەکەم (٤) ساڵی وئاستی دووەمی(٥) ساڵی باخچەی مندالان کە لە لایەن لیژنەیەک لە وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە.

٣- سەردانی کردنی مەیدانی بۆ باخچە حکومی و ناحکومەییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرپەرشتیارانی

پەروەردەی باخچەکان و بەڕیوەبەر و مامۆستا و منداڵانی باخچە .

٤- گفتوگۆکردن لەگەڵ دایک و باوکی منداڵان و وەرگرتنی ڕاو بۆچونیان .

٥- ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان و بە ڕاویژکردن لەگەڵ شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەکەو مامۆستایانی باخچە .

٦- سەرەنجدان لە سەرچاوەو توێژنەوەکانی پێشوو پەیوەست بەم پسپۆرییە ، بە مەبەستی دەستخسنی بیرۆکە و پلان بۆ دارشتنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خویندنی باخچەی منداڵان تەمەن پێنج ساڵ ئاستی دووەم .

**١: ڕێکخستنی ناوەڕۆکی فێرکاری بابەتەکانی پرۆگرامەکە:**

لە رۆشنای برگەکانی پێشووتر دەستکرا بە دیاریکردنی ناوەڕۆکی هەر سێ بابەتەکە بە وردی و بە پێی ئامانجە گشتی و ئامانجە فێرکارییە ڕەفتارییەکانیان ، توێژەر گرنگی داوە بە ئامادەکردنی ناوەڕۆکێک کە لەخزمەت پەروەردەکردنی منداڵانی باخچەدا بێت لە ڕووی تێۆری و پراکتیکیەوە و بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی فەڕمی و سەرچاوەی ناوخۆی و بیانی و ڕاپرسی و تیشک خستنە سەر شیوازەکانی فیرکردنی سەردەم و بە بەکارهینانی چەندین هۆکاری فیرکردن کە کار لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان و ڕیزبەندی کردنی بە (٣٤) وانە و لە ریگەی ڕاپرسیەوە نمایش کردنی بەسەر بژاردەیەک لە شارەزایان و پسپۆرانی بوارەکە (پاشکۆ٧) لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخرا و ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە پاشکۆ (١٠-١١) بە ئامانجە هەڵبژاردنی ناوی بابەت و ڕیزبەندی

کردنی بابەتەکان بە سەر هەر سێ بوارەکەدا و دیاریکردنی ناوەڕۆک کە پێکدێت لە چەندین چالاکی ( شیعر ، سروود ، گۆرانی ، چیرۆک ، وێنە (گەیاندنی وێنەی ژمارەی، ڕەنگ کردنی وێنەی ئامادەکراو، دروست کردنی وێنە ، نیشاندانی وێنەی فلاش کارت ،گفتوگۆکردن لەسەر وێنە، پرسیار و وەڵام ،شانۆ ،ڤیدۆی فێرکاری ، یاری منداڵان ، گەشتی

زانستی ، چارەسەری کیشە و بوکەڵە ) .

ا-بەستنەوەی ناوەڕۆکی وانەکان بە ئامانجە فیرکارییە گشتی و ڕەفتارییەکان .

ب- ڕێکخستنی ناوەڕۆکی بابەتەکان لەسەر بنەمای دەروونی واتە لە گشتەوە بۆ بەش ، لە ئاسانەوە بۆ گران لە ساکارەوە بۆ ئاڵۆز .

پ- ریکخستنی بابەتەکان بە شێوەی ئەلقەی زنجیرەیی تەواوکاری .

ت- گونجاو بێت لەگەڵ تەمەن و ئاست و تایبەتمەندی منداڵانی تەمەن پێنج ساڵ ئاستی دووەمی باخچە .

ج-بە جۆرێک بێت کە مامۆستایانی باخچەی منداڵان سودی لێ ببینن وەک سەرچاوەو ڕیبەری بۆ وتنەوەی لیهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان و منداڵانیش سودی لێ ببین وەک چالاکی و فێربوون .

بۆ دڵنیا بوون لە ڕادەی شیاوی ڕیکخستن و پلەبەندی ناوەڕۆکی بابەتەکان ،نمایشکران بەسەر بژاردەیەک لە پسپۆڕانی بواری باخچەی منداڵان ، ڕیگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن و پەروەردەیی و دەروونا‌سیدا (پاشکۆ٧)دا لە ریگەی ڕاپرسییەکی داخراوی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە،لە ڕۆشنای بۆچونەکانیان چەند چاکسازییەک لە ناوەڕۆکی بابەتەکان و کەمکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان و ڕاستکردنەوەی زمانەوانی بە ئەنجام گەیەندرا، وەک لە خشتەی ژمارە(١٣،١٤) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**پلەبەندکردنی ناوی وانەکان**

| ڕادەی شیاوی % | پلەبەندکردنی ناوی وانە | ژ |
|---|---|---|
| 100% | **وانەی مێژوو** | |
| 100% | کات | ١ |
| 100% | هۆیەکانی گواستنەوەو هاتوچۆی کۆن و نوێ | ٢ |
| 100% | شوێنەوەراەکان | ٣ |
| 100% | بۆنەکان | ٤ |
| 100% | خودناسی منداڵ | ٥ |
| 100% | جەژن | ٦ |
| 100% | ڕۆژەکانی هەفتە | ٧ |
| 100% | جل و بەرگی نیشتیمانی | 8 |
| 100% | قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ | 9 |
| 100% | تێپەڕبوونی کات (جیاوازی کات) | 10 |
| 100% | وانەی جوگرافیا | |
| 100% | شەو و ڕۆژ | 11 |
| 100% | ئاڕاستەکان | 12 |
| 100% | وەرزەکان | ١٣ |
| 100% | سەرچاوەکانی ئاو | ١٤ |
| 100% | نەخشەی هەرێمی کوردستان | ١٥ |
| 100% | سروشتی هەرێمی کوردستان | ١٦ |
| 100% | ئاڵای کوردستان | ١٧ |
| 100% | ڕێگاکانی گواستنەوە | ١٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 100% |
| ٢٠ | ژینگەی زیندەوەران | 100% |
| | وانەی پەروەردەی نیشتیمانی | 100% |
| ٢١ | خێزان | 100% |
| ٢٢ | پاک و خاوێنی | 100% |
| ٢٣ | بەرپرسیارێتی منداڵ لە باخچە | 100% |
| ٢٤ | ڕۆژی جل و بەرگی کوردی | 100% |
| ٢٥ | سروودی نیشتیمانی | 100% |
| ٢٦ | خۆشەویستی نیشتیمان | 100% |
| ٢٧ | زمانی دایک | 100% |
| ٢٨ | هاوکاری | 100% |
| 29 | پیشە | 100% |
| **ژ** | **پلەبەندکردنی ناوی وانە** | **ڕادەی شیاوی %** |
| 30 | ڕێزگرتن | 100% |
| ٣١ | یاساکانی هاتوچۆ | 100% |
| ٣٢ | کاری خێرخوازی و خۆبەخشی | 100% |
| ٣٣ | هونەری کوردی | 100% |
| ٣٤ | مۆزەخانەی نیشتیمانی | 100% |

## خشتەی ژمارە (١٤)

## ڕێکخستنی ناوەڕۆکی وانەکان

| ژ | ناوەڕۆک | ڕادەی شیاوی % |
|---|---|---|
| ١ | شیعر | 100% |
| ٢ | سروود | 100% |
| ٣ | نمایش کردنی گۆرانی منداڵان | 100% |
| ٤ | چیرۆک | 100% |
| ٥ | گەیاندنی وێنەی ژمارەی | 100% |
| ٦ | ڕەنگ کردنی وێنەی ئامادەکراو | 100% |
| ٧ | نیشاندانی وێنەی فلاش کارت | 100% |
| 8 | دروست کردنی وێنە | 100% |
| 9 | گفتوگۆکردن لەسەر وێنە | 100% |
| 10 | پرسیار وەڵام | 100% |
| 11 | شانۆی منداڵ | 100% |
| 12 | ڤیدۆی فێرکاری | 100% |
| ١٣ | یاری منداڵان | 100% |
| ١٤ | گەشتی زانستی | 100% |
| ١٥ | چارسەری کێشە | 100% |
| ١٦ | بوکەڵە | 100% |

شیکردنەوەی پیکهاتەی ناوەڕۆکی بابەتەکە بۆ ڕەگەزە سەرەکییەکان و بابەت و یەکەکان بۆ ئەم مەبەستە توێژەر گرنگی بە بنەما سەرەکییەکانی لایەنی لێهاتووی و زانیاری بابەتە فیرکارییەکانی پرۆگرامە فیرکارییەکانداوە لەم ڕەگەزانەی خوارەوە پێک هاتوون .

**٢: یەکەکان :**

یەکەکانی پرۆگرامەکە لە (٣٤ ) یەکە پێکهاتووە کە هەر یەکەیەکی گشتی پرۆگرامەکە لە چەندین یەکەی وانەوتنەوەی لاوەکی پێکهاتووە کە لە پەیوەستن بە یەکە گشتیەکانەوە.

**٣: چەمک و زاراوەکان :**

دیاریکردنی زاراوەی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لەلای منداڵانی باخچەی منداڵان یارمەتی مامۆستا دەدات تا زیاتر کار لەسەر گەشەسەندنی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان بکات و یارمەتی منداڵ دەدات کە لایەنی گەشەی عەقڵی پەرەبستێنێت و گەیاندنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی زانستی بێت ، چەمک و زاراوەکان بە شێوەی جۆراو جۆر بۆ لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) بە پێی جۆری بابەت و ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە دابەش بوون .

**٤: ڕاستی بیرۆکەکان :**

بیرۆکەکانی پرۆگرامەکە گرنگی بە باس کردنی کۆمەڵێک ڕاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکانی (مێژوویی، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) دەدات کە دەوڵەمەند بە زانیاری جۆراو جۆر گونجاو بۆ ئاستی منداڵانی باخچەی منداڵان کە کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوەی منداڵ .

**٥: گشتاندن و بەستنەوە :**

بەستنەوەو گەیاندنی بابەت و بیرۆکە و زانیارییەکان و پەیوەست کردیان بەیەکتریەوە گرنگی بەسەرجەم لایەنەکان باشتر بەیەک بستنەوەی و لە پرۆگرامە فێرکاریەکەدا .

**٦: چالاکی و ڕاهێنان :**

بەکارهێنانی چەندین چالاکی و ڕاهێنانی جۆراو جۆر گونجاو بۆ ئاستی منداڵانی باخچەی تەمەن (٥) ساڵ ئاستی دووەم لە بواری لیهاتوویيەکۆمەڵایەتییەکان کە مامۆستا لەم ڕێگەیەوە هەڵسەنگاندن بۆ منداڵان دەکات و لە هەمان کاتدا منداڵ چێژ لە چاڵاکییەکان وەردەگرێت ئەو چالاکی و راهێنانە بە شێوەی گونجاو بەسەر وانە و یەکەکان دابەش بوون لە پرۆگرامە فیرکارییەکەدا .

**٧: وێنەکان فۆتۆکان :**

بەکارهێنانی چەندین وێنەو فۆتۆو هێڵکاری و خشتە بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن .

**٨: لێهاتووییەکان :**

بەدەستهێنانی لێهاتوویەکان و گەشەسەندنی لای منداڵانی باخچە لە ریگە دیاریکردنی ئامانجەکانەوە کە لە ئەنجامی بڕگەکان کە(٣٤) بڕگە بوو،پاشکۆی ژمارە(٦) بەدەستهاتوون و کار لەسەر گەشەسەندنیان لە پرۆگرامە فیرکارییەکەدا کراوە بە ریگە و شێوازی زانستی جۆراو جۆر .

**5- چاڵاکییەکانی فێرکردن ( ڕێگاکانی وانەوتنەوە):**

لە ڕۆشنایی تایبەتمەندی ناوەڕۆکی وانەکان و تایبەتمەندی باخچەی منداڵان و ئاست و تەمەنی منداڵ و پاڵپشت بە چەندین سەرچاوەو توێژینەوەی جۆراوجۆر لەسەر ڕێگاو شێوازو ستراتیجەکانی وانەوتنەوە ، (٩) ڕێگای وانەوتنەوەی گشتی لەگەڵ (١٦) ڕێگای وانەوتنەوەی تایبەت بە باخچەی منداڵان و (٩) شێوازی وانەوتنەوەی گشتی و (٤) ستراتیجی وانەوتنەوە ، بۆ هەڵبژاردنی ئەم ڕیگاو شێواز و ستراتیجیانەی کە پێویستن بۆ وتنەوەی بابەتی لێهاتوویيەکۆمەڵایەتییەکان لە باخچەی منداڵاندا لە ڕووی تایبەتمەندی ناوەڕۆکی وانەکان و چاڵاکییەکان و لە باخچەی منداڵان دیاریکرا ،لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە نمایشکرا بەسەر بژاردەیەک لە مامۆستایانی بواری ڕێگاکانی وانەتنەوە و دەروونناسی و پەروەردەی (پاشکۆ: ٧)، تێیدا سەرجەمیان لە لایەن پسپۆڕانەوە هەڵبژێردران و بەشیاو دانران و (١)ڕێگیەکیش زیاد کرا لە پاشکۆی (١٢)، لە خشتەی ژمارە (١٥) ڕوونکراوەتەوە :

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**ڕێگاو شیواز و ستراتیجەکانی وانە ووتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامەکە لەلایەن پسپۆڕان**

| ڕادەی شیاوی % | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | |
|---|---|---|
| | ڕێگای وانەوتنەوەی گشتی | ژ |
| 100% | ڕێگای وانە بێژی | ١ |
| 100% | ڕیگای گفتوگۆ | ٢ |
| 100% | ریگای لەبەشەوە بۆ گشت | ٣ |
| 100% | ڕیگای لە گشتەوە بۆ بەش | ٤ |
| 100% | ریگای گروپ | ٥ |
| 100% | ڕێگای بەڵگەو دیکۆمێنت | ٦ |
| 100% | ڕێگای پێشکەش کردنە کردارییەکان (العروض العلمیە ) | ٧ |
| 100% | ڕیگای ڕێنمای ئاڕاستەکراو | ٨ |
| 100% | ڕیگای ترفیهی فێرکردن ( التعلیم الترفیهی ) | ٩ |
| | ڕێگای وانەوتنەوەی تایبەت بە باخچەی منداڵان | ژ |
| 100% | ڕێگای چارەسەری کێشە | ١ |
| 100% | ڕێگای گەشتی زانستی | ٢ |
| 100% | ڕیگای چیرۆک | ٣ |
| 100% | ڕیگای نمایش کردن | ٤ |
| 100% | ڕیگای نواندنی ڕۆڵەکان | ٥ |
| 100% | ڕێگای یاریکردن | ٦ |
| 100% | ڕێگای نواندنی شانۆی | ٧ |
| 100% | ریگای شانۆی بۆکەڵە | ٨ |
| 100% | ڕیگای فێربوون بە لاسایکردنەوە | ٩ |
| 100% | ڕیگای پرسیا رو وەڵام | ١٠ |
| ڕادەی شیاوی % | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | ژ |
| 100% | ریگای فیدۆی فیرکار ی | ١١ |
| 100% | ڕێگای پێشەوایەتی | ١٢ |
| 100% | ڕێگای گۆرانی | ١٣ |
| 100% | ڕیگای سروود | ١٤ |
| 100% | ڕێگەی شارەزاییە دەستی و هونەرییەکان | ١٥ |
| 100% | ڕێگای وێنە | ١٦ |
| | شێوازی وانەوتنەوەی گشتی | ژ |
| 100% | شێوازی ڕاستەوخۆ | ١ |
| 100% | شێوازی ناڕاستەوخۆ | ٢ |
| 100% | شێوازی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان التغذیة الراجعة (فیدباک) | ٣ |
| 100% | شیوازی دوبارە کردنەوە | ٤ |
| 100% | شیوازی گروپ | ٥ |
| 100% | شێوازی پیاهەڵدان و ڕەخنە ئامێز (المدح و النقد ) | ٦ |
| 100% | شێوازی کێبڕکێی تاکە کەسی (التنافس الفردی ) | ٧ |
| 100% | شێوازی پەرۆشی مامۆستا | ٨ |
| 100% | شێوازی ڕونی پیشکەش کردن و ڕونی خستنەڕوو | ٩ |
| | ستراتیجی وانەوتنەوە | ژ |
| 100% | گەشە پێدانی لێهاتوییەکۆمەڵایەتییەکان | ١ |
| 100% | گەشەپیدانی لیهاتووی مێژوو | ٢ |
| 100% | گەشەپێدانی لیهاتووی جوگرافیا | ٣ |
| 100% | گەشەپێدانی لێهاتووی پەروەردەی نیشتیمانی | ٤ |

### ٦: سەرچاوەکانی فێربوون ( هۆکارەکانی فێرکردن)

سەبارەت بە سەرچاوەکانی فێربوون (هۆکارەکانی فێرکردن ) نێو پرۆگرامەکە بە لەبەر چاو گرتنی وانەو بابەتەکان و ئامانجەکان چەندین هۆکاری فێرکردن بەکارهێنراوە کە بە پێی بابەت و بوار وانەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت ،دابەش کردنی بەسەر مامۆستایانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو ،پەروەردە و دەروونناسی و وەرزشی و هونەری وزمانەوانی و ئەدەبیات و شارەزایان بە پێی بوارەکە ، لە ئەنجامدا سەرجەمیان هەڵبژێردران بە ریژەی (100%) کە لە پاشکۆکانی (١٣) بۆ هەر وانەیەک دیاریکران و لە خشتەی ژمارە (١٦) ڕوونکراوەتەوە .

**خشتەی ژمارە (١٦)**

**دیاریکردنی سەرچاوەکانی فیربوون(هۆکارەکانی فێربوون ) لە لایەن پسپۆڕانەوە**

| ژ | سەرچاوەکانی فیربوون(هۆکارەکانی فێربوون ) | ڕادەی شیاوی % |
|---|---|---|
| ١ | خوێندنەوەی شیعر | 100% |
| ٢ | سروود | 100% |
| ٣ | نمایش کردنی گۆرانی منداڵان | 100% |
| ٤ | چیرۆک | 100% |
| ٥ | گەیاندنی وێنەی ژمارەی ، خاڵ و هێڵ | 100% |
| ٦ | ڕەنگ کردنی وێنەی ئامادەکراو | 100% |
| ٧ | نیشاندانی وێنەی فلاش کارت | 100% |
| 8 | دروست کردنی وێنە | 100% |
| 9 | گفتوگۆکردن لەسەر وێنە | 100% |
| 10 | پرسیار وەڵام | 100% |
| 11 | شانۆی منداڵ | 100% |
| 12 | ڤیدۆی فێرکاری | 100% |
| ١٣ | یاری منداڵان | 100% |
| ١٤ | گەشتی زانستی | 100% |
| ١٥ | چارسەری کێشە | 100% |
| ١٦ | بوکەڵە | 100% |

### ٧: ئامڕازە یارمەتیدەرەکان ( ئامڕازەکانی فێرکردن )

بەکارهێنانی ئامڕازە فێرکارییەکان بە پێی سروشتی وانەکەو بەدیهێنانی ئامانجەکان، ئامڕازە یارمەتیدەرەکان و کەرستە و هۆیەکانی فێرکردن یامەتیدەری باش و گرنگن بۆ گەیاندنی پەیامەکان و گەشەسەندنی لێهاتوویە کۆمەلایەتییەکان ڕونکردنەوەی زیاتری یەکەو بابەت و وانەکان و بە بەشێکی سەرەکی و گرنگی پرۆگرام و وانەوتنەوە دادەنرێت لە پرۆسەی فیرکردن و توێژەر گرنگی بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە خزمەتگوزارییە یارمەتیدەرانە و ئامراز و هۆیەکانی گواستنەوە داوە کە کاریگەری هەیە لە بەرەو پێشچوونی پرۆسەی فیربوون بۆ زانینی ڕادەی

شیاوی ئەم ئامڕازی یارمەتیدەر ( ئامڕازەکانی فێرکردن )توێژەر لە ریگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە (پاشکۆ ١٤) نمایشکرد بەسەر پسپۆڕان ، شارەزایان ، بواری باخچەی منداڵان و ڕێگاکانی وانەوتنەوەو ، پەروەردەی و دەروونناسی ،پاشکۆ ٧) لە ئەنجامدا سەرجەمیان پەسەند کران، وەک لە خشتەی ژمارە (١٧) ڕوونکراوەتەوە :

**خشتەی ژمارە (١٧)**

**دیاریکردنی ئامڕازی یارمەتیدەر (ئامڕازەکانی فێرکردن) لەلایەن پسپۆڕان**

| ژ | خزمەتگوزاری یارمەتیدەر ( ئامڕازەکانی فێرکردن ) | ڕادەی شیاوی% |
|---|---|---|
| ١ | شیعری منداڵان | 100% |
| ٢ | سروود تایبەت بە منداڵان | 100% |
| ٣ | گۆرانی منداڵان | 100% |
| ٤ | چیرۆکی منداڵان | 100% |
| ٥ | گەیاندنی وێنەی ژمارە،خاڵ و هێڵ | 100% |
| ٦ | وێنەی جۆراو جۆر | 100% |
| ٧ | شانۆی منداڵ | 100% |
| 8 | کۆمپیوتەر | 100% |
| 9 | وایت بۆرد | 100% |
| 10 | داتاشۆ | 100% |
| 11 | شانۆی منداڵ | 100% |
| 12 | ڤیدۆی فێرکاری | 100% |
| ١٣ | یاری منداڵان | 100% |
| ١٤ | کەل و پەلی گەشتی زانستی | 100% |
| ١٥ | ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ | 100% |
| ١٦ | بوکەڵە | 100% |
| ١٧ | کەل و پەلی تایبەت بە بابەتەکان | 100% |
| ١٨ | جل و بەرگی تایبەت بە وانەکان | 100% |
| ١٩ | پێنوسی ڕەنگاو ڕەنگ | 100% |
| ٢٠ | ئامێری ڕیکۆردی دەنگ | 100% |
| ٢١ | کاغەز و کارتۆن بۆ چالاکی | 100% |
| ٢٢ | ئامێری امپلیفایر | 100% |

**٨:دیاریکردنی چالاکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە:**

ئامادەکردنی چەندین چالاکی جۆراوجۆر بۆ مامۆستا و منداڵ لە میانەی وانەوتنەوەو چالاکییەکان لە نێو باخچە و دەرەوەی باخچە بۆ زانینی ڕادەی شیاوی ئەم چالاکییانە لە ریگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە (پاشکۆ ١٥) نمایش کرا بەسەر شارەزایان و پسپۆرانی بواری ریگاکانی

وانەوتنەوە و پەروەردەی و دەروونناسی (پاشکۆ ٧) لە ئەنجامدا سەرجەم چالاکییەکان هەڵبژیردران، بە ئامادە کردنی چەند شیعرێک کە (١٢) شیعری لە نوسینی توێژەرە، چەندین گۆرانی منداڵان ، چەند چیرۆکێک کە (٣٢) چیرۆک لە نوسینی توێژەرە ،وە (٣٤)ڤیدۆی فێرکاری کە سەرجەمیان لە لە لایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە، (٣٤) یاری منداڵان کە (٣٠) یاری لەلایەن توێژەرەوە نوسراوە، چەندین وێنەی جۆراوجۆر کە چەندین وێنەیان لە لایەن توێژەرەوە دیزاینی بۆ کێشراوەو دروست کراوە ، شانۆی منداڵان کە ڕینمای مامۆستا کراوە چیرۆکەکان بکرێتە شانۆی منداڵان ،گەشتی زانستی ،چارەسەری کێشە ،سروود کە ڕینمای مامۆستا کراوە شیعرەکان بکریتە سروود ، وە پرسیار و وەڵامی جۆراوجۆر بە پێی بوار و وانەکان ، بەکار هینانی بوکەڵە ، بۆ زانینی ڕادەی شیاویان لە ریگەی ڕاپرسییەکی داخراوەوە (پاشکۆی ١٥-١٦-١٧-١٨-٢٠،١٩) نمایشی کرد، لە خشتەی ژمارە (١٨) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (١٨)**

**دیاریکردنی چالاکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە لە لایەن پسپۆڕان**

| ژ | چالاکییەکان | ڕادەی شیاوی % |
|---|---|---|
| ١ | چالاکی لە ڕێگەی شیعر | 100% |
| ٢ | چالاکی لە ڕێگەی سروود | 100% |
| ٣ | نمایش کردنی گۆرانی منداڵان | 100% |
| ٤ | چالاکی لە ڕێگەی چیرۆک | 100% |
| ٥ | چالاکی لە ڕێگەی گەیاندنی وێنەی ژمارە،خاڵ و هێڵ | 100% |
| ٦ | چالاکی لە ڕێگەی ڕەنگ کردنی وێنەی ئامادەکراو | 100% |
| ٧ | چالاکی لە ڕێگەی نیشاندانی وێنەی فلاش کارت | 100% |
| **ژ** | **چالاکییەکان** | **ڕادەی شیاوی %** |
| 8 | چالاکی لە ڕێگەی دروست کردنی وێنە | 100% |
| 9 | چالاکی لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لەسەر وێنە | 100% |
| 10 | چالاکی لە ڕێگەی پرسیار وەڵام | 100% |
| 11 | چالاکی لە ڕێگەی شانۆی منداڵ | 100% |

| | | |
|---|---|---|
| 12 | چالاکی له ڕێگەی ڤیدۆی فێرکاری | 100% |
| ١٣ | چالاکی له ڕێگەی یاری منداڵان | 100% |
| ١٤ | چالاکی له ڕێگەی گەشتی زانستی | 100% |
| ١٥ | چالاکی له ڕێگەی چارسەری کێشه | 100% |
| ١٦ | چالاکی له ڕێگەی بوکەڵه | 100% |

**9: دیاریکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن له بابەتەکانی پرۆگرامەکه :**

دیاریکردنی شێوازی هەسەڵگاندنی تێۆری و پراکتیکی به پێی ئامانجەکانی نێو پرۆگرامەکه ، بەو پێیەی که منداڵ له باخچەدا ناتوانیت تاقیکردنەوەی خودی ئەنجام بدات و ئاستی خۆی و هەڵەکانی دیاریبکات ، دیاریکردنی (٥) شێوازی هەڵسەنگاندنی تێۆری ،وە (٥) شێوازی هەڵسەنگاندنی پراکتیکی ،له ریگەی ڕاپرسیەکی داخراوەوە پێشنیاز کرا (پاشکۆ: ٢٠)خستیه بەردەم ژمارەیەک له شارەزایان و پسپۆڕانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن و دەروونناسی (پاشکۆ:٧) له ئەنجامدا سەرجەمیان پەسەند کران و هەڵبژێردران، لەخشتەی ژمارە (١٩) ڕوونکراوەتەوە :

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**دیاریکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن**

| ژ | شێوازەکانی هەڵسەنگاندن | ڕادەی شیاوی % |
|---|---|---|
| ژ | **جۆری پرسیار له هەڵسەنگاندنی تێۆری** | |
| ١ | هەڵسەنگاندنی زارەکی | 100% |
| ٢ | هەڵسەنگاندی ڕاست و هەڵه به وێنه | 100% |
| ٣ | هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی وێنه | 100% |
| ٤ | هەڵسەنگاندنی به یەک گەیاندن | 100% |
| ٥ | پرسیاری تەواو کاری | 100% |
| ژ | **جۆری پرسیار له هەڵسەنگاندنی پراکتیکی** | |
| ١ | هەڵسەنگاندنی نواندن (اداء) | 100% |
| ٢ | هەڵسەنگاندنی تێبینی کردن (املاحظة ) | 100% |
| ٣ | هەڵسەنگاندنی لیستی وردبینی ( Chek List ) | 100% |
| ٤ | هەڵسەنگاندن له ریگەی هەڵبژاردنی وێنه | 100% |
| ٥ | هەڵسەنگاندن له ڕادەی بەشداری کاری له چالاکییەکان | 100% |

**١٠: دیزاینکردنی بابەتەکانی پرۆگرامەکه به شێوەی سەرەتایی:**

دیزاینکردنی بابەتەکانی نێوپرۆگرامەکە بەشێوازێکی سەرەتایی ، بۆ هەر یەک لە بابەتەکانی لێهاتوویيە کۆمەلایەتییەکان ( مێژوو ،جوگرافیا ، پەروەردەی نیشتیمانی ) ، کۆمەڵێک رێکاری و هەنگاوی رێکخراوی وردی زانستی یەک لە دوای یەکن لە پرۆگرامە فێرکارییەکەدا بە لەبەر چاو گرتنی سروشت و ژینگە و پێداویستییەکانی منداڵ و گونجاندنی کەشێکی لەبار بۆ ئەنجامدانی جوڵەو چالاکییە جۆراوجۆرەکان گەشەپێدانی لایەنە جیاوازەکانی منداڵانی باخچە کە توێژەر هەستا بە دیزاینکردنی بابەتەکانی نێو پرۆگرامەکە بۆ هەر یەک لە بابەتەکانی لێهاتوویيە کۆمەلایەتییەکان ( مێژوو ،جوگرافیا ، پەروەردەی نیشتیمانی ) تەواوی ناوەڕۆکی بابەتەکانی بۆ منداڵ و مامۆستایانی باخچەی منداڵان، پرۆگرام ئامادە کرا بۆ ئەمەبەستەش ڕاپرسیەکی داخراو پاشکۆی ژمارە(٢٢) نمایشکرا بەسەر پسپۆڕانی بواری پەروەردەی و دەروونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی و زانستی و پێشنیاز و شێوازی دیزاینکردنی پرۆگرامەکە، لە ڕۆشنایی بۆچوون و پێشنیازەکانیان چەند گۆڕانکارییەک ئەنجامدرا .

**١١: دیزانکردنی بابەتەکانی پرۆگرامەکە بە شێوەی کۆتایی:**

دیزانکردنی بابەتەکانی پرۆگرامەکە بە شێوەی کۆتایی لە ڕۆشنای دید و بۆچوونی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ڕیگاکانی وانەتنەوەو دەروونناسی و پەروەردەی و ڕیگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن بابەتەکانی نێو پرۆگرامەکە ئامادە کرا ، لەخشتەی ژمارە (٢٠)تێروانینی پسپۆڕان بۆ بابەتەکانی پرۆگرامەکە ڕونکراوەتەوە :

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**دیزانکردنی بابەتەکانی پرۆگرامەکە بە شێوەی کۆتایی:**

| ژ | برگە | ڕادەی شیاوی % |
|---|---|---|
| 1 | ئایا ناونیشانی ناو بابەتەکانی پرۆگرامەکە ڕوونە ؟ | 100% |
| ٢ | ئایا لاپەڕەی سەرەکی بابەتەکانی پرۆگرامەکە بەباشی دیزاین کراوە ؟ | 100% |
| ٣ | ئایا پێشەکی بەرنامەکە سود بەخشە بۆ مامۆستایان؟ | 100% |
| ٤ | ئایا ئامانجە گشتییەکان بە وورردی داڕێژراون ؟ | 100% |
| ٥ | ئایا ئامانجە گشتییەکان پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی بابەتەکوە هەیە ؟ | 100% |
| ٦ | ئایا ئامانجە رەفتارییەکان ڕوونن ؟ | 100% |
| ٧ | گرنگ و سود بەخشن ؟ | 100% |
| ٨ | هەمەلایەنەو هەمەڕەنگن ؟ | 100% |
| ٩ | سەرەنج ڕاکێش و چێژبەخشن ؟ | 100% |
| ١٠ | پەیوەندیان بە وانەی بابەتی پرۆگرامەکەوە هەیە ؟ | 100% |
| ١١ | گونجاوە لەگەڵ ئاستی منداڵدا؟ | 100% |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | ئایا ڕێکخستنی ناوەڕۆکی وانەی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە ئەم لایەنانەی خوارەوەی لە خۆ گرتوە ؟ | 100% |
| ١٣ | ناوەڕۆکی وانەکان لەگشتەوە بۆبەش ڕێکخراون ؟ | 100% |
| ١٤ | ناوەڕۆکی وانەکان هاوتای ئامانجەگشتی و ڕەفتارییەکانە ؟ | 100% |
| ١٥ | ناوەڕۆکی وانەکان بەردەوامی و یەکگرتوو تەواوکەری یەکترن ؟ | 100% |
| **ژ** | **بڕگە** | **ڕادەی شیاوی %** |
| ١٦ | لەسەر بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمی لایەنی مەعریفی و جێبەجیکردن داڕێژراوە؟ | 100% |
| ١٧ | گرنگی بە زانیاری سەردەمیانە داوە ؟ | 92.30% |
| ١٨ | لەگەل ئارەزو و شیوازی فێربوونی منداڵدا دەگونجیت ؟ | 100% |
| ١٩ | گرنگی بە فێربوونی منداڵ داوە لایەنی تیۆری و پراکتیکی ؟ | 100% |
| ٢٠ | هاوکاری بیرکردنەوەی چێژبەخشینی منداڵ دەدات؟ | 100% |
| ٢١ | بابەتەکان گرنگیانداوە بە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی منداڵان ؟ | 100% |
| ٢٢ | گونجاون لەگەڵ تەمەن و تایبەتمەندی و پێداویستی منداڵانی باخچەی منداڵان ؟ | 100% |
| ٢٣ | لەئاسانەوە بۆ گران و لەساکارەوە بۆ ئاڵۆز ڕیزبەند کراون ؟ | 100% |
| ٢٤ | نموونە و رهێنانەکان بە شێوازێکی زانستی بۆ هەر وانەیەک ئامادە کراون ؟ | 100% |
| ٢٥ | ڕونکردنەوەی پێویست لە وانەکاندا دراوە ؟ | 100% |
| ٢٦ | ئایا ڕێکخستنی ناوەڕۆکی بابەتەکان بە شێوەی زنجیرەی تەواوکەری ،بەهەر دوو ئاڕاستەی ئاسۆی و ستونی ، بەپێی تایبەنمەندییەکانی پڕۆگرامی تەواوکاری (التكاملی )بنیاتراوە ؟ | 100% |
| ٢٧ | پاڵنەرە بۆ وروژاندن و قوڵبونەوە لە بابەتەکاندا ؟ | 100% |
| ٢٨ | ئایا ڕێگاو شێواز و ستراتیجیەکانی وانەوتنەوە لە بارەتەکانی پڕۆگرامەکە | 100% |
| ٢٩ | لەگەیاندنی زانیارییەکان بۆ مندال گونجاوە ؟ | 100% |
| ٣٠ | لەگەل تایبەتمەندنی ناوەڕۆکی بابەتەکان یەکدەگرنەوە ؟ | 100% |
| ٣١ | بۆ هەر وانەیەک بەپێی تایبەتمەندی ناوەڕۆکەکەی ڕێگای گونجاو ئاڕاستەی مامۆستا کراوە ؟ | 100% |
| ٣٢ | ئایا ئەنجامدانی چالاکی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە لە لایەن مامۆستاوە لە میانەی وانەوتنەوەدا برەو بە ئاستی تێگەیشتنی منداڵ دەدات ؟ | 100% |
| ٣٣ | ئایا ئەنجامدانی چالاکی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە بۆ منداڵ ئامادەکراوە ڕۆڵی هەیە لە فێربوون و بەخشینی چیژ پێیان ؟ | 100% |
| ٣٤ | ئایا چاڵاکییەکانی مامۆستا و منداڵ بۆ هەر وانەیەک دیاریکراوە ؟ | 100% |
| ٣٥ | ئایا چالاکی بۆ هەر وانەیەک لە ناو باخچە و ماڵەوە دیاریکراوە ؟ | 100% |
| ٣٦ | ئایا هۆکارەکانی فێرکردن (سەرچاوەکانی فێربوون ) لە بابەتەکانی پڕۆگرامەکە ڕۆلیان هەیە لەسەر بەرەو پێشچونی ئاستی منداڵ ؟ | 100% |
| ٣٧ | ئایا هۆکارەکانی فێرکردن به باشی ئامادەکراون ؟ | 100% |
| ٣٨ | ئایا هۆکارەکانی فێرکردن لەگەل ئاست و تەمەنی منداڵدا گونجاون ؟ | 100% |
| ٣٩ | ئایا هۆکارەکانی فێرکردن لەگەل ناو و ناوەڕۆکی بابەتەکان گونجاون ؟ | 100% |
| ٤٠ | ئایا هۆکارەکانی فێرکردن بەسود و چێژ بەخشن ؟ | 100% |
| ٤١ | ئایا خزمەتگوزاری یارمەتیدەر (ئامرازەکانی فێرکردن ) بە باشی ئامادە کراون ؟ | 100% |
| ٤٢ | ئایا خزمەتگوزاری یارمەتیدەر (ئامرازەکانی فێرکردن ) لەگەل ئاست و تەمەنی مندال گونجاون؟ | 100% |
| ٤٣ | ئایا (ئامرازەکانی فێرکردن ) لەگەل ناوەڕۆکی بابەت گونجاون ؟ | 100% |
| **ژ** | **بڕگە** | **ڕادەی شیاوی %** |
| 44 | ئایا شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەکانی پڕۆگرامەکە گونجاون ؟ | 100% |
| 45 | ئایا بۆ هەر وانەیەک هەڵسەنگاندن کراوە ؟ | 100% |
| 46 | ئایا لەهەڵسەنگاندنەکاندا ڕەچاوی جۆری پرسیار کراوە ؟ | 100% |
| 47 | ئایا پرسیارەکان هەمەڕەنگن لە ڕووی ئاسانی و گرانی ؟ | 100% |

| | | |
|---|---|---|
| 48 | ئایا ڕەچاوی لایەنی دەروونی منداڵ کراوە ؟ | 100% |
| 49 | ئایا مامۆستا دەتوانێت لەکاتی وانەوتنەوەی بابەتەکە بەکار بهێنێت ؟ | 100% |
| 50 | ئایا (ڕێبەرىمامۆستا) سوود بەخشە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە باخچە وانە دەڵێنەوە ؟ | 100% |
| 51 | ئایا ئامادەکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان بە شێوازی پەرتووک سودی هەیە بۆ منداڵان ؟ | 100% |
| 52 | ئایا جۆری نوسین و پیتەکان بە ڕرونی بەدیدەکریت؟ | 100% |
| 53 | گونجاندن لە نیوان ڕەنگی نوسینەکان و باکگراوندی لاپەرەکان هەیە ؟ | 100% |
| 54 | ئایا ماوەی دێڕەکان گونجاون ؟ | 100% |
| 55 | ئایا قەبارەی وێنە و هێڵکارییەکان لەگەڵ پانتای دەقەکان دەگونجێن ؟ | 100% |
| 56 | ئایا هەڵەی زمانەوانیان تێدایە ؟ | 92.30% |
| 57 | ئایا هەڵەی زانستی تێدایە ؟ | 100% |
| ٥٨ | ئایا پلانی وانەوتنەوەی ڕۆژانە بۆ وتنەوەی یەکەو وانەکان گونجاوە؟ | 100% |
| ٥٩ | تکایە هەر خاڵیکی دیکە یاخوود تێبینیەکت هەیە ، لەخوارەوە بینوسە ؟ | |

**٣-٥: (پڕۆگرامی پێشنیارکراو):**

**(پاشکۆ:٢٢) ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:**

١-کۆرس بووک : کەتێدا پێرستی ناوەڕۆکی وانەکان و ژمارەی هەفتەکانی تێدا دیاریکراوە.

٢-دیاریکردنی ئامانجەکان (ئامانجی گشتی – ئامانجی ڕەفتاری )بۆ هەر وانەیەک .

٣-تایبەتمەندی بابەت.

٤- شیکردنەوەی ناوەڕۆک و ڕێکخستنی ناوەڕۆکی فێرکاری بابەتەکانی پڕۆگرامەکە

٥- چالاکییەکانی فێرکردن ( ڕێگاکانی وانەوتنەوە )

٦- سەرچاوەکانی فێربوون ( هۆکارەکانی فێرکردن )

٧- ئامڕازی یارمەتیدەر ( ئامڕازەکانی فێرکردن )

٨- دیاریکردنی چالاکی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە

٩- دیاریکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەکانی پڕۆگرامەکە

١٠- هەڵسەنگاندنی دیزانکردنی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە بە شێوازی کۆتایی

١١-پلانی وانەوتنەوە

١٢- هاوپێچ سیدی بۆ ڤیدۆ فێرکارییەکان

١٣- هاوپێچ سیدی بۆ گۆرانی منداڵان

**٣-٦: ئامڕازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە:**

ئامرازە ئامارییەکان بەکارهاتوون بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئامار و شیکردنەوەی زانیارییە کۆکراوەکان

بە پێی پێویستی توێژینەوەکە هاوکێشەی ئاماری بەکاردەهێنرێت و پشت ئەبەستێت بە پاکێجی ئاماری زانستەکۆمەڵایەتیەکان (SPSS v20).

1- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن: بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکە .

$$\frac{\text{مج س ص} - \frac{(\text{مج س})(\text{مج ص})}{\text{ن}}}{\sqrt{\left[\text{مج س}^{2} - \frac{(\text{مج س})^{2}}{\text{ن}}\right] + \left[\text{مج ص}^{2} - \frac{(\text{مج ص})^{2}}{\text{ن}}\right]}}$$

2- تاقیکردنەوەی تائی یەك نموونە (one sample T-Test): تی تێستی یەک نموونەی بۆ دۆزینەوەی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای باخچەی وناحکومی بە شێوەی گشتی

$$\frac{\bar{\text{س}} - \text{م}}{\frac{\text{ع}}{\sqrt{\text{ن}}}}$$

3- تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونمونەی سەربەست (Independent Sample T-Test): بۆ

زانینی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان

$$\text{ت} = \frac{\bar{\text{س}}_{1} - \bar{\text{س}}_{2}}{\sqrt{\frac{(\text{ن}_{1}-1)\,\text{ع}_{1}^{2} + (\text{ن}_{2}-1)\,\text{ع}_{2}^{2}}{\text{ن}_{1}+\text{ن}_{2}-2} * \left(\frac{1}{\text{ن}_{1}} + \frac{1}{\text{ن}_{2}}\right)}}$$

# بەشی چوارەم

# خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

## 4-١: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

## 4-٢: ڕاسپاردەکان

## 4-٣: پێشنیازەکان

## بەشی چوارەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

### ٤-١: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

**ئامانجی یەکەم :** ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دانانی پێوەرێک بۆ دیاریکردنی لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری ( مێژوو ، جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی ) بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچەی منداڵان.

أ-زانینی ئاستی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە بەگشتی حکومی و ناحکومییەکان:

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS)و ئامرازی ئاماری( One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی لەئەنجامدا دەرکەوت،ناوەندی ژمێرەیی(٨٢،٥) بوو بەرزترە لەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە کە بریتی بوو لە(68) بە لادانی پێوەری(10.97)، هەروەها ئەنجامەکان دەریانخست

کەبەهای تائی هەژمارکراو بریتیە لە(25.305)لەئاستی بەڵگەداری(0.05) هەروەک لەخشتەی

ژمارە(٢٤) ڕوونکراوەتەوە،واتە جیاوازی بەلگەداری ئاماری بەدیدەکرێت و ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەرزترە لەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە ئەمەش بەو واتایە دێت کە لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە بوونی هەیە. لەخشتەی ژمارە (٢١) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە(٢١)**

**ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە بە گشتی حکومی و ناحکومییەکان**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 366 | 82.5 | 10.97 | 68 | 25.305 | 1.645 | بەڵگەدارە |

بەرزی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومیەکان ،دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی دروست و هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری خێزان لە هاوکاری کردنی منداڵ و ڕۆڵی باخچەکانی منداڵان لە گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی منداڵ بە شێوازێکی گشتی ،هەروەها گرنگیدانی مامۆستا بە لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە ، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵایەتییە ، بوونی کتێب و گۆرڤاری چیرۆک و شیعری منداڵان کە لە ئێستادا کە گرنگی زۆری پێدەدرێت و بوونی گۆرانی منداڵان لەسەر بابەتە جیاوازەکان و فیلم کارتۆن و ئەنیمیشن بە زمانی کوردی هەموو ئەوانە کاریگەریان هەیە لەسەر بوونی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵ توێژینەوەی(السيد،٢٠٠٤) و (رضوان،2012).

**ب-** زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە حکومیەکان:

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)و ئامرازی ئاماری ( One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی لەئەنجامدا دەرکەوت،ناوەندی ژمێرەیی(82.73) بوو بەرزترە لەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە کە بریتی بوو لە (68) بە لادانی پێوەری (10.56)، هەروەها ئەنجامەکان دەریانخست کەبەهای تائی هەژمارکراو بریتیە لە(23.53) لە ئاستی بەڵگەداری (0،05) هەروەک لەخشتەی ژمارە (٢٥) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەلگەداری ئاماری بەدیدەکرێت و ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەرزترە لەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە ئەمەش بەو

واتایە دێت کە لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە بوونی هەیە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە حکومیەکان. لەخشتەی ژمارە (٢٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٢٢)

**زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی | | ئاستی بەلگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 284 | 82.73 | 10.56 | 68 | 23.53 | 1.645 | بەلگەدارە |

**باخچە حکومیەکان:**

بوونی لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە حکومییەکان ،دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی دروستی و هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری خێزان لە هاوکاری کردنی منداڵ و ڕۆڵی باخچەکانی منداڵان لە گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی منداڵ بە شێوازێکی گشتی ،هەروەها گرنگیدانی مامۆستا بە لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە ، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، بوونی کتێب و گۆڤاری چیرۆک و شیعری منداڵان کە لە ئێستادا کە گرنگی زۆری پێدەدرێت و بوونی گۆرانی منداڵان لەسەر بابەتە جیاوازەکان و فیلم کارتۆن و ئەنیمیشن بە زمانی کوردی هەموو ئەوانە کاریگەریان هەیە لەسەر بوونی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵ.

**ت**-زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە ناحکومییەکان:

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS)و ئامرازی ئاماری( One Sample T-Test)بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی لەئەنجامدا دەرکەوت، ناوەندی ژمێرەیی (81.68) بوو بەرزترە لەناوەندی

گریمانەیی پێوانەکە کەبریتی بوو لە (68) بە لادانی پێوەری (12.25)، هەروەها ئەنجامەکان

دەریانخست کە بەهای تائی هەژمارکراو بریتیە لە (10.133) لە ئاستی بەڵگەداری (0،05)

هەروەک لەخشتەی ژمارە (٢٦) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەلگەداری ئاماری بەدیدەکرێت و ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە ئەمەش بەو واتایە دێت کە لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە بوونی هەیە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە ئەهلیەکان. لەخشتەی ژمارە (٢٣) ڕوونکراوەتەوە

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

**زانینی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە ناحکومییەکان:**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 82 | 81.68 | 12.25 | 68 | 10.133 | 1.657 | بەڵگەدارە |

بەرزی ئاستی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومیەکان ،دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی دروستی و هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری خێزان لە هاوکاری کردنی منداڵ و ڕۆڵی باخچەکانی منداڵان لە گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی منداڵ بە شێوازێکی گشتی ،هەروەها گرنگیدانی مامۆستا بە لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە ، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵایەتییە ، بوونی کتێب و گۆرڤاری چیرۆک و شیعری منداڵان کە لە

ئێستادا کە گرنگی زۆری پێدەدرێت و بوونی گۆرانی منداڵان لەسەر بابەتە جیاوازەکان و فیلم کارتۆن و ئەنیمیشن بە زمانی کوردی هەموو ئەوانە کاریگەریان هەیە لەسەر بوونی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵ.

**ث-**زانینی ئاستی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچەی (حکومی و ناحکومی)

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری ( Independent Sample T.Test) لەئەنجامدا دەرکەوت کەناوەندی ژمێرەیی لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە حکومیەکان بریتییە لە (82.73) بە لادانی پێوەری (10.56) بەڵام لای ناوەندی ژمێرەیی لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچە ناحکومی گەیشتە (81.68) بە لادانی پێوەری (12.25) هەروەها دەرکەوت بەهای تائی هەژمارکراو بریتییە لە (0.772) لەئاستی بەڵگەداری (0.772) بەنمرەی ئازادی (364) هەروەک لەخشتەی ژمارە (٢٤) ڕونکراوەتەوە، لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بوونی نیە.

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

**زانینی ئاستی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچەی (حکومی و ناحکومی)**

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | 284 | 82.73 | 10.56 | 364 | 0.772 | 1.96 | بەڵگەدار نیە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناحکومی | 82 | 81.68 | 12.25 | | | | |

له ئەنجامدا دەرکەوتوو بەڵگەداری ئاماری بوونی نیە له لای منداڵانی باخچه به پێی گۆڕاوی حکومی و ناحکومی ئەمەش بەو واتایە دیت که لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی هەر دوو جۆری باخچەکه هەیه ، توێژەر پێی وایەدەگەڕیتەوه بۆ ئەوەی که هەر دوو جۆری باخچەکه گرنگی به لیهاتووی کۆمەڵایەتی دەدەن و تا ڕادەیەک پرۆگرامەکانیان له زۆر ڕووەوه هاوشیوەیه.

**ج-**زانینی ئاستی لێهاتوویيه کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچه لەڕوانگەی مامۆستایانەوه بەپێی گۆڕاوی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

دوای شیکردنەوەی داتاکان به بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری( Independent Sample T.Test) لەئەنجامدا دەرکەوت کەناوەندی ژمێرەیی لای منداڵانی باخچه لەڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات بریتییه له (81.99) به لادانی پێوەری (11.50) بەڵام ناوەندی ژمێرەیی لای منداڵانی باخچه لەڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی ڕۆژئاوا گەیشته (82.86) بەلادانی پێوەری (10.55) هەروەها دەرکەوت بەهای تائی هەژمارکراو بریتییه له (0.75) لەئاستی بەڵگەداری (0،05) بەنمرەی ئازادی (364) هەروەک لەخشتەی ژماره (٢٨) ڕونکراوەتەوه لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی پەروەردەی(ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بوونی نیە. لەخشتەی ژماره (٢٥) ڕوونکراوەتەوه

**خشتەی ژماره (٢٥)**

**زانینی ئاستی لێهاتوویيه کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچه لەڕوانگەی مامۆستایانەوه بەپێی گۆڕاوی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)**

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژهەڵات | 154 | 81.99 | 11.50 | 364 | 0.75 | 1.96 | بەڵگەدار نیە |
| ڕۆژئاوا | 212 | 82.86 | 10.55 | | | | |

لە ئەنجامدا دەرکەوتوو بەڵگەداری ئاماری بوونی نیە لە لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەمەش بەو واتایە دیت کە لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی هەر دوو جۆری پەروەردەکە هەیە ، توێژەر پێی وایەدەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە هەر دوو جۆری باخچەکە گرنگی بە لیهاتووی کۆمەڵایەتی دەدەن و تا ڕادەیەک پرۆگرامەکانیان وەک یەکە و لە ژێر سەرپەرشتی یەک وەزرات و ڕێنمایەدان .

**ح-**زانینی ئاستی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری( Independent Sample T.Test) لەئەنجامدا دەرکەوت کەناوەندی ژمێرەیی لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی ڕەگەزی نێر بریتییە لە (81.28) بە لادانی پێوەری (13.79) بەڵام لای ناوەندی ژمێرەیی لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانی ڕەگەزی مێ گەیشتە (82.57) بەلادانی پێوەری (10.77) هەروەها دەرکەوت بەهای تائی هەژمارکراو بریتییە لە (0.524) لەئاستی بەڵگەداری (0،05) بەنمرەی ئازادی (364) هەروەک لەخشتەی ژمارە (٢٩) ڕونکراوەتەوە لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ) جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بوونی نیە. لەخشتەی ژمارە (٢٦) ڕوونکراوەتەوە.

### خشتەی ژمارە(٢٦)

### زانینی ئاستی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 21 | 81.28 | 13.79 | 364 | 0.524 | 1.96 | بەڵگەدار نیە |
| مێ | 345 | 82.57 | 10.77 | | | | |

لە ئەنجامدا دەرکەوتوو بەڵگەداری ئاماری بوونی نیە لە لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ ئەمەش بەو واتایە دیت کە لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی هەر دوو جۆری رەگەزەکە هەیە ، کە دەگەریتەوە بۆ ئەوەی هەر دوو جۆری ڕەگەزەکە گرنگی بە لیهاتووی کۆمەڵایەتی دەدەن و پرۆگرامەکانیان وەک یەکە و لە ژێر سەرپەرشتی یەک وەزرات و ڕێنمایەدان هەردوو کی لەسەر هەمان ئامانج کار دەکەن. لەخشتەی ژمارە (٢٧) ڕوونکراوەتەوە.

## خشتەی ژمارە(٢٧)

**ناوەندی شیاو و کێشی سەدیی بواری مێژوو**

| پلە | ژ. بڕگە | بڕگەکانی بواری مێژوو | نەخێر (١) | هەندێک جار (٢) | بەڵێ (٣) | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 7 | منداڵ رۆژەکانی هەفتە دەزانیت. | 14 | 84 | 268 | 2.69 | 89.79 |
| 2 | 9 | منداڵ قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ؛ وەک: (منداڵی، گەنج و پیر) دەزانێت. | 23 | 108 | 235 | 2.58 | 85.97 |
| 3 | 5 | منداڵ تایبەتمەندییەکانی خۆی دەزانێت. | 9 | 139 | 218 | 2.57 | 85.70 |
| 4 | 1 | منداڵ کاتەکانی وەک : (خەوتن ، لە خەو هەستان و ژەمە سەرەکییەکان) دەزانێت. | 16 | 148 | 202 | 2.51 | 83.60 |
| 5 | 10 | منداڵ جیاوازی نێوان کاتەکان (تێپەڕبوونی کات )دەزانێت . | 38 | 188 | 140 | 2.28 | 75.95 |
| 6 | 2 | منداڵ ئاشنایە بە هۆیەکانی گواستنەوەی کۆن و نوێ؛ وەک: (ئاژەل ، گالیسکە ، ئۆتۆمۆبێل ، فرۆکە ، شەمەندەفەر و کەشتی). | 46 | 175 | 145 | 2.27 | 75.68 |
| 7 | 6 | منداڵ ئاشنایە بە جەژنە نەتەوەییەکان و ئاینییەکانی؛ وەک: (جەژنی سەری ساڵی کوردی، جەژنی نەورۆز ، جەژنی سەری ساڵی کۆچی ، جەژنی سەری ساڵی زاینی ، | 47 | 190 | 129 | 2.22 | 74.13 |

| | | جەژنی قوربان ، جەژنی ڕەمەزان و جەژنی ئێزیدی). | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **پلە** | **ژ. بڕگە** | **بڕگەکانی بواری مێژوو** | **نەخێر (١)** | **هەندێک جار (٢)** | **بەڵێ (٣)** | **ناوەندی شیاو** | **کێشی سەدی** |
| **8** | **4** | منداڵ ئاشنایە بە بۆنەکانی؛ وەک: (ڕۆژی لە دایک بوون، ڕۆژی مامۆستا و ڕۆژی دایک). | 70 | 190 | 106 | 2.10 | 69.94 |
| **9** | **8** | منداڵ جل و بەرگی ڕەسەنی نەتەوەکانی؛ وەک: (کورد ، عەرب و تورکمان) دەناسێتەوە. | 75 | 190 | 101 | 2.07 | 69.03 |
| **10** | **3** | منداڵ ئاشنایە بە شوێنەوارە ناسراوەکانی کوردستان؛ وەک: (قەڵای هەولێر ، سەرای سلێمانی ، پردی دلال لە زاخۆ ، قەڵای کەرکوک ، قەڵای شیروانە ، ئەشکەوتی هەزار مێرد و ئەشکەوتی شانەدەر). | 184 | 151 | 31 | 1.58 | 52.73 |
| **تێکڕا** | | | | | | 2.29 | 76.25 |

دوای زانینی ناوەندی شیاوی سەرجەم بڕگەکان، بەبەراوردکردن بەناوەندی شیاوی بڕگە مێژووییەکان تەنها ئەو بڕگانەی وەرگیراوە بۆ شیکردنەوە کە گەورەترن لە تێکڕای ناوەندی شیاوی بڕگە مێژوویەکان کەبریتیە لە (٢,٢٩) ئەوانیش بریتی بوون لە بڕگەکانی(١،٥،٩،٧) بەم شێوەیە:

بڕگەی ژمارە (٧) کە بریتیە لە (منداڵ ڕۆژەکانی هەفتە دەزانێت) ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەشتە (2.69) پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە بڕگە مێژوویەکان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژەکانی هەفتە ڕۆژانە دوبارە دەبێتەوەو منداڵ گوێ بیستی دەبن.

بڕگەی ژمارە (9) کە بریتیە لە (منداڵ قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ؛ وەک: (منداڵی، گەنج و پیر) دەزانێت.)، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەشتە (2.58) پلەی دووەمی وەرگرتووە لە بڕگە مێژوویەکان توێژەر پێی وایەئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە منداڵ لە خێزاندا گەورە دەبێت

ڕۆژانە لە ناو خێزانەکەی و کۆمەڵگەدا مرۆڤی تەمەن جیاواز دەبنێتو ئەمەش وای کردووە کە هەست بە جیاوازی قۆناغەکانی تەمەن بکات .

بڕگەی ژمارە (٥) کە بریتیە لە (منداڵ تایبەتمەندییەکانی خۆی دەزانێت) ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەشتە (2.57) پلەی سێیەمی وەرگرتووە لە بڕگە مێژووییەکان، ئەوش دەگەڕێتەوە

بۆ ئەوەی کە لە ئێستادا ساڵانە ڕۆژی لە دایک بوونی منداڵ دەکرێتەوەو ئەندامەکانی خێزان وگەڕەک و شار و زمان ئایین و نیشتیمانەکەی دەبیستێت و دەبینێت و لەگەڵی دەژیت ئەمەش وادەکات منداڵ ئاشنای پێی هەبێت و بیزانێت .

بڕگەی ژمارە(1) کە بریتیە لە (منداڵ کاتەکانی وەک : (خەوتن ، لە خەو هەستان و ژەمە سەرەکییەکان) دەزانێت.) ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەشتە (2.51) پلەی چوارەم وەرگرتووە لە

بڕگە مێژووییەکان ، ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی منداڵ ڕۆژانە خۆی بەشداری ئەو چالاکی و کارانە دەکات ، دوبارە دەبێتەوە .

**خشتەی ژمارە(٢٨)**

**ناوەندی شیاو و کێشی سەدیی بواری جوگرافیا**

| پلە | ژ. بڕگە | بڕگەکانی بواری جوگرافیا | نەخێر (١) | هەندێک جار (٢) | بەڵێ (٣) | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 91.53 | 2.75 | 285 | 69 | 12 | منداڵ ئاڵای وڵاتەکەی دەناسێتەوە. | **7** | **1** |
| 89.70 | 2.69 | 272 | 75 | 19 | منداڵ زانیاری لەسەر ( شەو و ڕۆژ) هەیە. | **1** | **2** |
| 89.70 | 2.69 | 270 | 79 | 17 | منداڵ ناوی وەرزەکان دەزانێت. | **3** | **3** |
| 85.24 | 2.56 | 231 | 108 | 27 | منداڵ ژینگەی ژیانی زیندەوەران ؛ وەک: (شێر لە دارستان ، ماسی لە دەریا) دەزانێت. | **10** | **4** |
| 84.88 | 2.55 | 235 | 96 | 35 | منداڵ ڕێگای (ئاسمانی ، وشکایی و دەریایی) لە یەکتری جیا دەکاتەوە. | **8** | **5** |
| 78.96 | 2.37 | 175 | 151 | 40 | منداڵ سەرچاوەکانی ئاو؛ وەک: (باران ، بەفر ، بیر ، ڕووبار ، تاڤگە و دەریا ) دەزانێت. | **4** | **6** |
| 75.68 | 2.27 | 168 | 129 | 69 | منداڵ ناوی هەرێمەکەی و پارێزگاکانی دەزانێت دەزانێت. | **9** | **7** |
| 65.75 | 1.97 | 76 | 204 | 86 | منداڵ سروشتی هەرێمەکەی؛ وەک: (چیا ، گرد دۆڵ ، دەشت ، کێڵگە ، ڕووبار ، دارستان و دەریاچە) دەناسێتەوە. | **6** | **8** |
| 65.48 | 1.96 | 84 | 185 | 97 | منداڵ ئاڕاستەکان دەزانێت . | **2** | **9** |
| 52.73 | 1.58 | 38 | 137 | 191 | منداڵ نەخشەی هەرێمی کوردستان لە ناو نەخشەی چەند وڵاتێکی تر دەناسێتەوە. | **5** | **10** |
| **77.07** | **2.34** | **تێکڕا** | | | | | |

دوای زانینی ناوەندی شیاوی سەرجەم بڕگەکان بەبەراوردکردن بەناوەندی شیاوی بڕگە جوگرافیەکان تەنها ئەو بڕگانەی وەرگیراوە بۆ شیکردنەوە کە گەورەترن لە تێکڕای ناوەندی شیاوی بڕگە جوگرافیەکان کەبریتیە لە (2.34) ئەوانیش بریتی بوون لە بڕگەکانی (٧،١،٣،١٠،٨،٤) بەم شێوەیە:

بڕگەی ژمارە(7) کە بریتیە لە (منداڵ ئاڵای وڵاتەکەی دەناسێتەوەو ڕەنگەکانی دەزانێت) ، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەشتە (2.75) پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە بڕگە جوگرافییەکان

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاڵای وڵاتەکەی بەردەوام لە گۆرانی منداڵانەو لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە دەبینێت و لەسەر دام ز دەزگاکان دەبینرێت، هەروەها ساڵانە یادی ڕۆژی ئاڵای کوردستان دەکرێتەوەو منداڵ بەشداری دەکات .

هەر دوو بڕگەی ژمارە(1) و بڕگەی ژمارە (3) ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەیان گەیشتە (2.69) بە مەش پلەی دووەمیان وەرگرتووە.

بڕگەی ژمارە (1) کە بریتیە لە (منداڵ زانیاری لەسەر ( شەو و ڕۆژ) هەیە، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.69) پلەی دووەمی وەرگرتووە لە بڕگە جوگرافییەکان، ئەوەش

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شەو و ڕۆژ دیاردەیەکی ڕۆژانەیەو بەردەوام دوبارە دەبێتەوە .

بڕگەی ژمارە (3) کە بریتیە لە (منداڵ ناوی وەرزەکان دەزانێت)، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.69) پلەی دووەمی وەرگرتووە لە بڕگە جوگرافییەکان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ

ئەوەی کە شەو و ڕۆژ دیاردەیەکی سروشتییە و ساڵانە دوبارە دەبێتەوەو لە ڕێگەی گەشت و سەیرانەوە منداڵ بە کرداری ئاشنای بە وەرزەکان پەیدا دەکات هەروەرها رۆڵی تەکنەلۆجیا و گۆڤار و کتێبی منداڵان سەبارەت بە ناساندنی وەرزەکان بە منداڵ .

بڕگەی ژمارە (10) کە بریتیە لە (منداڵ ژینگەی ژیانی زیندەوەران ؛ وەک: (شێر لە دارستان ، ماسی لە دەریا) دەزانیت، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەشتە (2.56) پلەی سێیەمی

وەرگرتووە لە بڕگە جوگرافییەکان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە منداڵ حەزی بە ژیانی زیندەوەران هەیەو هەروەها لە ڕێگەی فیلم کارتۆن و ئینمیشن و گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای

پەیدا دەکات ، هەروەها ڕۆڵی گۆڤار و کتێب و چیرۆک و شیعری منداڵان لەم بوارەدا سەرەڕای ڕۆڵی باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن .

بڕگەی ژمارە (8) کەبریتیە لە (منداڵ ڕێگای (ئاسمانی ، وشکایی و دەریایی) لە یەکتری جیا دەکاتەوە.)،ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەشتە (2.55) پلەی چوارەمی وەرگرتووە لە بڕگە

جوگرافییەکان، ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە منداڵ ڕۆژانە بە ڕیگای وشکانیدا هاتوچۆ دەکات و ڕێگای ئاسمانیش دەبینێت لە کاتی گەشتی فڕۆکە بە ئاسمانی شارەکەیدا و لە کاتی گەشت و سەیرانەکاندا ریگای ئاوی دەبینێت و هەروەها لە ڕێگەی فیلم کارتۆن و ئینمیشن و گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای پەیدا دەکات ، هەروەها ڕۆڵی گۆڤار و کتێب و چیرۆک و شیعری منداڵان لەم بوارەدا سەرەڕای ڕۆڵی باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن .

بڕگەی ژمارە(4) کە بریتیە لە (منداڵ سەرچاوەکانی ئاو؛ وەک: (باران ، بەفر ، بیر ، ڕوبار ، تاڤگە و دەریا ) دەزانێت لە یەکتری جیا دەکاتەوە، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.37) پلەی پێنجەمی وەرگرتووە لە بڕگە جوگرافییەکان توێژەر پێی وایەئەوەش دەگەڕێتەوە

بۆ ئەوەی کە منداڵ ڕۆژانە بە ڕیگای وشکانیدا هاتوچۆ دەکات و ڕێگای ئاسمانیش دەبینێت لە کاتی گەشتی فڕۆکە بە ئاسمانی شارەکەیدا و لە کاتی گەشت و سەیرانەکاندا ریگای ئاوی دەبینێت و هەروەها لە ڕێگەی فیلم کارتۆن و ئینمیشن و گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای پەیدا دەکات ، هەروەها ڕۆڵی گۆڤار و کتێب و چیرۆک و شیعری منداڵان لەم بوارەدا سەرەڕای ڕۆڵی باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن . لەخشتەی ژمارە (٢٩) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە(٢٩)**

**ناوەندی شیاو و کێشی سەدیی بواری پەروەردەی نیشتیمانی**

| پلە | ژ.بڕگە | بڕگەکانی بواری پەروەردەی نیشتیمانی | نەخێر (١) | هەندێ ک جار | بەڵێ (٣) | ناوەند ی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | ناوەندی شیاو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەندێک جار (٢) | | شیاو | |
| 1 | 1 | منداڵ پەیوەستە بە خێزانەوە . | 0 | 27 | 339 | 2.93 | 97.54 |
| 2 | 13 | منداڵ گرنگی بە(هونەری کوردی ) مۆسیقا و گۆرانی منداڵانەی کوردی دەدات. | 4 | 55 | 307 | 2.83 | 94.26 |
| 3 | 8 | ( هاوکاری )منداڵ لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان بەشداری دەکات و هاوکار دەبێت لە کاروباری رۆژی ئاڵا. | 9 | 57 | 300 | 2.80 | 93.16 |
| 4 | 4 | منداڵ حەز بە جل و بەرگی ڕەسەنی کوردی دەکات و ڕۆژی جل و بەرگی کوردی بەلاوە گرنگە. | 8 | 91 | 267 | 2.71 | 90.25 |
| 5 | 7 | منداڵ گرنگی بە زمانی دایک دەدات و لە زمانەکانی تر جیای دەکاتەوە. | 23 | 70 | 273 | 2.68 | 89.43 |
| 6 | 14 | مندال حەزی بە سەردانی مۆزەخانەی نیشتیمانی هەیە. | 16 | 91 | 259 | 2.66 | 88.79 |
| 7 | 10 | منداڵ ڕێز لە یاساکانی باخچە دەگرێت و پابەند دەبێت. | 1 | 131 | 234 | 2.64 | 87.88 |
| **پلە** | **ژ.برگە** | **برگەکانی بواری پەروەردەی نیشتیمانی** | **نەخێر (١)** | **هەندێک جار (٢)** | **بەڵێ (٣)** | **ناوەندی شیاو** | **كێشی سەدی** |
| 8 | 11 | منداڵ پابەندە با یاساکانی هاتووچۆو ئەرکەکانی کارمەندانی پۆلیسی هاتوچۆ بەرز دەنرخێنێت. | 16 | 126 | 224 | 2.57 | 85.61 |
| 9 | 2 | منداڵ پاک و خاوێنی خۆیی و باخچەکەی وژینگە دەپارێزێت. | 3 | 153 | 210 | 2.57 | 85.51 |
| 10 | 6 | منداڵ خۆشەویستی بۆ شار و وڵاتەکەی هەیە. | 24 | 114 | 228 | 2.56 | 85.24 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **11** | **3** | (بەرپرسیارێتی )منداڵ پارێزگاری لە کەلوپەل و ژینگەی باخچەکەی دەکات. | 6 | 168 | 192 | 2.51 | 83.60 |
| **12** | **9** | منداڵ ئاشنای بە پیشەکان هەیە. | 40 | 126 | 200 | 2.44 | 81.23 |
| **13** | **5** | منداڵ لە ناو چەند سروودێکی نیشتیمانی سروودی نیشتیمانی وڵاتەکەی دەناسێتەوە. | 41 | 154 | 171 | 2.36 | 78.50 |
| **14** | **12** | منداڵ لە هەڵمەتی خێرخوازی وخۆبەخشی باخچەکەی بەشدار دەبێت؛ وەک: کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ هەژاران و کەم توانایان. | 83 | 200 | 83 | 2.00 | 66.66 |
| | | **تێکڕا** | | | | **2.59** | **80.64** |

دوای زانینی ناوەندی شیاوی سەرجەم بڕگەکان بەبەراوردکردن بەناوەندی شیاوی بڕگەکانی پەروەردەی نیشتیمانی تەنها ئەو بڕگانەی وەرگیرا بۆ شیکردنەوە کە گەورەترن لە تێکڕای ناوەندی شیاوی بڕگەکانی پەروەردەی نیشتیمانی کە بریتیە لە (2.59) ئەوانیش بریتی بوون لە بڕگەکانی (١،١٣،٨،٤،٧،١٤،١٠) بەم شێوەیە:

بڕگەی ژمارە (1) کە بریتیە لە (منداڵ پەیوەستە بە خێزانەوە)، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.93) پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە بڕگەی پەروەردەی نیشتیمانی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری خێزان کە منداڵ لە لایەن خێزانەوە گرنگی پێدەدرێت و هاوکاری منداڵ دەکرێت، هەروەها لە ڕێگەی فیلم کارتۆن و ئینمیشن و گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای پەیدا دەکات بە گرنگی و پەیوەست بوون بە خێزان، هەروەها ڕۆڵی گۆڤار و کتێب و چیرۆک و شیعری منداڵان لەم بوارەدا سەرەڕای ڕۆڵی باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن .

بڕگەی ژمارە (١٣) کە بریتیە لە (منداڵ گرنگی بە مۆسیقا و گۆرانی منداڵانەی کوردی دەدات.)، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.83) دووەمی وەرگرتووە لە بڕگەی

پەروەردەی نیشتیمانی، دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری خێزان  کە منداڵ  لە لایەن خێزانەوە گرنگی پێدەدرێت و بەشداری لە ئاهەنگی منداڵان دەکەن ، هەروەها ڕۆڵی تەکنەلۆجیا لە ڕێگەی فیلم کارتۆن  و ئینمیشن و گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای پەیدا دەکات  گرنگیدان بە مۆسیقا و گۆرانی منداڵان ، باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن .

بڕگەی ژمارە (٨) کە بریتیە لە ( هاوکاری ) منداڵ لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان بەشداری دەکات و هاوکار دەبێت لە کاروباری رۆژی ئاڵا.)، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.80

پلەی سێیەمی وەرگرتووە لە بڕگەی پەروەردەی نیشتیمانی، ئەوەش  دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری خێزان  کە منداڵ  لە لایەن خێزانەوە گرنگی پێدەدرێت و  کاری هاوکاری کردن و بەشداری کردنی پێدەسپیردریت ، هەروەها ڕۆڵی تەکنەلۆجیا لە ڕێگەی فیلم کارتۆن  و ئینمیشن و گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای پەیدا دەکات  و ڕۆڵی کتێب و گۆڤار وچیرۆک و شیعری منداڵان لە گەشەپێدانی هاوکاری لای منداڵ، باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن .

بڕگەی ژمارە (٨) کەبریتیە لە(منداڵ حەز بە جل و بەرگی ڕەسەنی کوردی دەکات و ڕۆژی جل و بەرگی کوردی بەلاوە گرنگە)،ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.71) پلەی چوارەمی

وەرگرتووە لە بڕگەی  پەروەردەی نیشتیمانی، ئەوەش  دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ساڵانە یادی جل و بەرگی کوردی دەکرێتەوەو منداڵ و بەشداری دەکات ،هەروەها لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا وەک نەورزدا جلو بەرگی کوردی گرنگی پێدەدرێت  هەروەها ڕۆڵی تەکنەلۆجیا لە ڕێگەی گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای پەیدا دەکات  ، باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن .

بڕگەی ژمارە (7)  کە بریتیە لە منداڵ گرنگی بە زمانی دایک دەدات و لە زمانەکانی تر جیای دەکاتەوە)، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.68) پلەی پێنجەمی وەرگرتووە لە

بڕگەی  پەروەردەی نیشتیمانی، ئەوەش  دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری خێزان گرنگی بی زمانی دایک لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەدرێت لە پاڵ زمانەکای تر، هەروەها ڕۆڵی تەکنەلۆجیا لە ڕێگەی فیلم کارتۆن  و ئینمیشن و گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای پەیدا دەکات  بە زمانی دایک و ڕۆڵی کتێب و گۆڤار وچیرۆک و  شیعری منداڵان لە گەشەپێدانی زمانی منداڵ ، باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن .

برگەی ژمارە (١٤) بریتیە لە (منداڵ حەزی بە سەردانی مۆزەخانەی نیشتیمانی هەیە)،ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.66) پلەی شەشەمی وەرگرتووە لە برگەی

پەروەردەی نیشتیمانی، ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی رۆشنبیری خێزان کە گرنگی بە سەردانی کردنی شوێنە گشتییەکان ئەدەن، هەروەها ڕۆڵی تەکنەلۆجیا لە ڕێگەی فیلم کارتۆن و ئینمیشن و گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای پەیدا دەکات بە شوینی گشتی و ڕۆڵی کتێب و گۆڤار وچیرۆک و شیعری منداڵان لە ناساندنی منداڵ بە شوێنی گشتی و مۆزەخانەی نیشتیمانی ، باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن .

برگەی ژمارە (10) بریتیە لە ( (ڕێز) منداڵ ڕێز لە یاساکانی باخچە دەگرێت و پابەند دەبێت)، ڕێژەی ناوەندی شیاوەکەی گەیشتە (2.64) پلەی حەوتەم وەرگرتووە لە برگەی

پەروەردەی نیشتیمانی، دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی رۆشنبیری خێزان کە گرنگی بە داب و نەریتی کوردەواری و ریزگرتن دەدەن، هەروەها ڕۆڵی تەکنەلۆجیا لە ڕێگەی فیلم کارتۆن و ئینمیشن و گۆرانی منداڵانەوە ئاشنای پەیدا دەکات بە ریزگرتن و ڕۆڵی کتێب و گۆڤار وچیرۆک و شیعری منداڵان لە ناساندنی منداڵ بە ڕێز و ئادابە جوانەکان، باخچەکان لە ئاستی یەکەمدا کە گرنگی بەم بوارە دەدەن. وەک لە خشتەی ژمارە(٣٠) ڕونکراوەتەوە

**خشتەی ژمارە(٣٠)**

**تێکڕاو ناوەندی شیاو و کێشی سەدیی بوارەکان**

| ڕ | بوارەکان | ناوەندی شیاو | کێشی سەدیی |
|---|---|---|---|
| ١ | مێژوو | 2.29 | 76.25 |
| ٢ | جوگرافیا | 2.34 | 77.07 |
| ٣ | پەروەردەی نیشتیمانی | 2.59 | 80.64 |

هەروەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

**هێڵکاری ژمارە (٤)**




بەو پێیەی که ئامانجی توێژینەوه کە بریتیی بوو لە دانانی پرۆگرامێکی پێشنیارکراوە بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکانی ( مێژوو،جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی ) بۆ منداڵانی تەمەن (٥) ساڵ ،ئاستی دووەم ، لە باخچەی منداڵان، ئامانجەکانی خۆی بە دەستهێنا لە ئامادەکردنی ( پێوەرێک بۆ لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان و پەرتووکی پرۆگرامێکی پێشنیارکراوە بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان) لە پاشکۆکانی ( ٢٣ )دا هاتووە هاوپێچ لەگەڵ سیدی پرۆگرامە پێشنیارکراوەکە .

**دەرئەنجامی توێژینەوی ئێستا بە توێژینەوەکانی پێشوو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

توێژینەوەی السید (٢٠٠٤، بەئەنجام گەیاندنی پرۆگرامێکی چالاک بۆ هاوجوڵەیی لە گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە. الصایغ (2010، بریتیيە لە:ئامادەکردنی پرۆگرامێک لەسەر ڕۆڵ بینین لە یارییەکان بۆ گەشەپێدانی زیرەکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچەو بەدەستهێنانی توانا لەلای منداڵان لەسەر درککردنی فکرەو کارلێکبوون لەگەڵ ئەوانی تردوا توانای چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵایەتی لەمیانەی پرۆگرامی پێشنیارکراودا. محمود زادە (٢٠١٢، ئەنجامی توێژینەوەیەکە بۆ ناسینی یارییە جۆر بەجۆرەکان لە لای منداڵانی باخچە و

هەنگاونان بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ گەورە ساڵان لە باخچەی منداڵان و دیاری کردنی نموونە زاڵ و باوەکان لە یاری نێوان منداڵی کوڕ و کچ ودیاریکردنی جۆری لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لە لای منداڵی کوڕ و کچ لە کاتی یاریدا. رضوان،2012، ئەنجامی توێژینەوەکەی دانانی بەرنامەیە بۆ بایەخدان بە ( شوێنی خۆراک - ناوەندی پاکوخاوێنی - جل و بەرگ و - ناوەندی سیستەم ) و لێهاتوویی کارلێکی کۆمەڵایەتی ( شارەزایی هاوڕێیەتی - هاوبەشی کردنی لێهاتووییەکان - بەرپرسیارێتی – شارەزایی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان) لە ڕووی تەمەن و زیرەکییەوە لای منداڵانی باخچەی منداڵان .الصوفیە(2015،دانانی بەرنامەیە بۆ(گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتییە بۆ منداڵانی باخچە)،گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی (هاوسۆزی) لەگەڵ کەسانی تر، گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی (درووستکردنی پەیوەندی) لەگەڵ کەسانی تر،گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی (هاوکاری) لەگەڵ کەسانی تر.

بەڵام ئەنجامی تویژینەوی ئێستا بریتییە لە دانانی پڕۆگرامێکی پێشنیارکراو بۆ لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری ( مێژوو ،جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی ) ئاستی دووەم ،تەمەن پێنج ساڵان ( پەرتووکێکی پڕۆگرامێکی پێشنیارکراو ) خراوەتە ڕوو هاوکاری و ڕینمای مامۆستا دەکات بۆ بە شێوازێکی ورد وزانستی و سەرەنجراکیش بۆ وتنەوەی وانەکان کە چەندین بواری گرنگی لە خۆ گرتووە وەک : کۆرس بووک : کەتێدا پێرستی ناوەڕۆکی وانەکان و ژمارەی هەفتەکانی تێدا دیاریکراوە پلانی وانەوتنەوە ،دیاریکردنی ئامانجەکان (ئامانجی گشتی – ئامانجی ڕەفتاری )بۆ هەر وانەیەک، تایبەتمەندی بابەت ،شیکردنەوەی ناوەڕۆک و ڕێکخستنی ناوەڕۆکی فێرکاری بابەتەکانی پڕۆگرامەکە، ( ڕێگاکانی وانەوتنەوە )، ( هۆکارەکانی فێرکردن )،( ئامرازەکانی فێرکردن )،دیاریکردنی چالاکی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە،دیاریکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەکانی پڕۆگرامەکە وسیدی ڤیدو گۆرانی فێرکاری منداڵان کە مامۆستا وەک سەرچاوەیەکی زانستی سوودی لێ وەربگرێت.

### 2-4: ڕاسپاردەکان:

لەژێر ڕۆشنای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١-ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی وەزارەتی پەروەردە بۆ چاپ کردنی پڕۆگرامەکە بە مەبەستی ئاشنا بوونی زیاتر بە مامۆستایانی باخچە بە لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان و شێواز و ڕیگاکانی باخچەی منداڵان .

٢- گۆڕانگاری لە پڕۆگرامی باخچەی منداڵاندا بکریت بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە لە ئاستی جیهان ڕوودەدات و کاریگەری هەیە لەسەر منداڵان و ڕاگرتنی هاوسەنگی و دانەبڕان لە سەردەم.

٣-ڕاسپاردنی وەزراەتی پەروەردە بۆ دانانی پڕۆگرامێک بۆ لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان ( مێژوو،جوگرافیا پەروەردەی نیشتیمانی )، بە سود وەرگرتن لە پڕۆگرامی ئێستا .

٤-ڕاسپاردنی بەشی باخچەی منداڵان بۆ دانانی وانەیەک بۆ لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان( مێژوو،جوگرافیا پەروەردەی نیشتیمانی ) .

٥-ڕەچاوکردنی پسپۆڕی و دامەزراندنی دەرچووانی بەشی باخچە لە باخچەی منداڵان کە لەماوەی چوار ساڵی خوێندنی زانکۆ بە وردی ئاشنا بوون بە وتنەوەی وانە لە باخچەکاندا و کردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی ناپسپۆڕ لە باخچەی منداڵان کە لە ئیستادا لە باخچەکان دامەزراون .

## 3-4: پیشنیازەکان:

بە گوێرەی ئەنجامەکانی تویژینەوەکە، توێژەر پێشنیازی ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەک دەختە ڕوو :

١-ئەنجامدانی توێژینەوەیکی هاوشیوەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر دانانی پڕۆگرامێک بۆ گەشەپیدانی لێهاتووی وانەوتنەوە بۆ مامۆستایانی ناپسپۆڕ لە باخچەی منداڵان .

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەگەڵ فراوانکردنی نموونە و سنورەی توژینەوەکە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

٣-پڕۆگرامێکی پیشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتووی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە ریگەی چیرۆکەوە .

٤- پڕۆگرامێکی پیشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی گەشەی بیری داهینەرنە لای منداڵانی باخچە.

٥- پڕۆگرامێکی پیشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی گەشەی زمانەوانی  لای منداڵانی باخچە.

٦-ئەنجامدانی تویژینەوەی هاوشێوە هاندانی خوینکارانی خوێندنی باڵا، بۆ ئەنجامدانی تویێژینەوە بۆ گەشەپێدانی لایەنەکانی تری منداڵانی باخچە .

# لیستی سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم. سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

### أ. کتێب.


**1.** اسماعیل، مظفرمصطفی(٢٠١١)، **ڕوخسارو ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

2. ئەحمەد، کەیفی(٢٠١٨)، **شانۆ و شانۆی منداڵان**، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاڵای ڕووناکی، کۆیە.

3. ئەفلاتون(٢٠٠٩)، **کۆماری ئەفلاتون**، کمال محمد (وەرگێڕ)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

4. بابان، ئەحمد عەلی حمەو ئەوانی تر(٢٠١٦). **گوڵبژێریک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە**، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران، سلێمانی .

5. بابان، ئەحمەد عەلی ومحمدە، نازەنین(٢٠١٩)، **ڕێنامەی پەروەردە و فێرکردنی سەرەتای منداڵی**، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران ، سلێمانی .

6. برهوم، محمد(٢٠٠٦)، **بانکی زانیاری**، چاپخانەی چورچرا، سلێمانی .

7. بۆکانی، سابیر (٢٠١٦)، **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

8. ڕێکخراوی کۆمەک(٢٠٠٩)، **پلانی هاوچەرخ بۆ زارۆخانە** ،هەولێر.

9. ژاژڵەیی، جەلال خەڵەف (١٩٨٣)، **منداڵ لە قۆناغی دوا منداڵی و هەرزەکاریدا**، چاپخانەی حسام، شوێن (؟).

10. سەعاتچی، عبدالرحیم محمد (٢٠١٩)، **پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوام** ،چ١،چاپخانەی کارۆ ،سلێمانی .

11. صایغ، لیلی(2006)، **ڕابەری مامۆستایانی باخچەی ساوایان**، وەزارەتی پەروەردە.

12. عبداللە، سندس حامد (٢٠١٤)، **ڕەوشی پرۆسەی پەروەردەی منداڵ لە باخچەی ساوایانی حکومی و ئەهلی لە شاری سلێمانی** ،چ١، چاپخانەی چوارچرا ،سلێمانی .

13. عەلی، کاروان(٢٠١٦)، **منداڵێک لە باوەشی دایکیدا ون بوو** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ،سلێمانی .

14. عزیز، کریم احمد (٢٠١٩)، **پرۆگرامی پەروەردەیی (دەروازەیەک بۆ ناسینی پرۆگرام و شیکردنەوەی کتێب )**، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
15. فەرهادی، حەمە ساڵح (٢٠١٣)، **پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد**، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
16. قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین(٢٠١٨)، **ڕێگاکانی وانەوتنەوە (( شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکان ))**، چاپی دوەم، بڵاوکراوەکانی سۆفیا، کۆیە.
17. قەرەداغی، بورهان(٢٠١١) **شانۆی منداڵ-مێژوو، بیبلۆگرافیا، تیۆر، پراکتیک**، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
18. قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠١٠)، **نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان**، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
19. ........................ (2013)، **سایکۆلۆژیاو ڕێگاکانی وانەوتنەوە**، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
20. ........................ (٢٠٠٠)، **ڕێنیشاندەری مامۆستای باخچەی ساوایان (ڕێنمایی و پرۆگرام )**، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.
21. کۆی ،کازم (٢٠٠٧)، **نەوەکانی چیرکەی دواڕۆژ** ، چاپی دووەم ،لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ،ژمارە ٤٤، هەولێر.
22. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٨)، **شارەزای و چالاکییەکان بۆ منداڵانی باخچە (ئاستی دووەم )**، چاپی یەکەم ، بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان ، هەولێر .
23. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٨ )، **بەڵگەنامەی پرۆگرامەکانی باخچەی منداڵان** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان ، هەولێر .
24. موفتی، نازدار ساڵح (٢٠١٠) **باخچەی ساوایان پەروەردە کردنی منداڵ**، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزراەتی پەروەردە ، سلێمانی .
25. محمد، عبدالرحیم (٢٠٠٤)، **هونەری وانەوتنەوە** ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی تیشک ،سلێمانی.
26. هەورامی، حەمە کەریم ( ٢٠٠٥)، **ئەدەبی منداڵانی کورد**، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.
27. وشیار، هاوار( ٢٠٢٠ )، **چۆن ببینە پەروەردەکارێکی سەرکەوتوو ؟**، چاپی یەکەم ، ناوەندی سارا، سلێمانی.

**ب. نامەی ئەکادیمی.**

28. احمد، دارا عبدالرحمن (٢٠١٥)، **کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیارکراو لەسەر گەشەکردنی لیهاتووی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە بابەتی رەخنە و چێژی هونەریدا و ئاراستەکانیان لە بەرامبەریدا** ، فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی،سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی ،بەشی پەروەردەی هونەری ، زانکۆی سلێمانی، سلیمانی

29. ئەحمەد، سۆران حەمە ئەمین (٢٠١٦)، **ئاستی لێهاتوییەکانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی بابەتی مێژوو کە دەرچووی کۆلێژە پەروەردەییەکان نین و پێشنیازکردنی بەرنامەیەک بۆ گەشەپێدانیان**، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت ،بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی، سلیمانی.

30. ئەحمەد، خەرمان عوسمان (٢٠٢١)، **ڕۆڵی فلیمی فێرکاری لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵی باخچە** ، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت ،بەشی باخچەی منداڵان ، زانکۆی سلێمانی، سلیمانی.

31. ئەمین، یادگار محمد (٢٠١٦)، **بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیارکراو دەربارەی هونەری پاش تازەگەری و کاریگەریەکانی لەسەر گەشەی لیهاتووی شێوەپێدانی پەیکەر لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری** ، فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی ،سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی ،بەشی پەروەردەی هونەری ، زانکۆی سلێمانی، سلیمانی.

32. محمود، تۆلە ئومێد(٢٠٢١)، **پرۆگرامێکی پێشنیارکراو بۆ بابەتی موزیک لە بەشی پەروەردەی هونەری - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی** ،بەشی پەروەردەی هونەری ، زانکۆی سلێمانی، سلیمانی.

33.منسور، ئارەزو ئیسماعیل (٢٠١٦)، **پرۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو بۆ وانە پسپۆرییە بڕیاردراوەکانی بەشی موزیک لە پەیمانگەکانی هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستان،** فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتیبەشی پەروەردەی هونەر، زانکۆی سلێمانی، سلیمانی.

**دووەم. سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

**أ.الكتب.**

1. ابو حويج، مروان (٢٠٠٠)، **المناهج التربوية المعاصرة**، الطبعة الأولى، دار العلمية الولية ودار الثقافة للنشر والتوزيع، الأردن.

2. الأنصاري، حمد(٢٠٠٠)، **الانتماء" الهيئة العامة لقصور الثقافة** ، القاهرة .

3. باوزير، سلوى أبو بكر، نادية، عبدالعزيز قربان (2011)،**تنمية الفاهيم التاريخية والجغرافية لطفل الروضة**، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطاعة، عمان- الأردن.

4. البدر، سهام محمد(٢٠٠٧)، **مدخل الى رياض الاطفال،** الطبعة الاولى، دار الميسره، عمان.

5. جاد ، منى محمد على ( ٢٠٠٤)، **مناهج الرياض الاطفال** ، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ، الاردن .

6. الجقندي، عبد السلام عبد الله(2008)، **دليل المعلم العصري في التربية وطرق التدريس،** دار قتيبة للطباعة والنشر، المدن (؟).

7. الجلبى ،سوسن شاكره(٢٠٠٥)، **اساسيات بناء و المقايس النفسية و التربوية** ، الطبعة الأولى ،دار رسلان للنشر والتوزيع ،دمشق.

8. جمال ،رانيا عبدالعزيز (٢٠١٣)، **مدخل الى الرياض الاطفال** ، دار الكتاب الجامعى ، الحين ، الامالات العربية المتحدة .

9. جميل، ابو ميزو و اخرون (1993)،**النمو الطفولة قى الرياض الاطفال** ،دار المجد لاووى النشر و التوزيع ،الاردن .

10. الجندى، رشا(٢٠١٠). **تنمية المهارات الحياتية لطفل الروضة**، دار الجامعة الجديد، الاسكندرية.

11. الجوهري، محمد(1982) **علم الأجنماع وقضايا التنمية في العالم الثالث**، الطبعة الثالثة، دار المعارف، القاهرة.

12. حامد، زهران (1990)، **علم انفس النمو و الطفوله**، دارللنشر (؟) ،القاهرة .

13. حسن، عبد علي محمد ( ١٩٩٣ ) **المنهج الدراسي ، الطبعة الأولى ، المنامة ، دار الثقافة**، المكان (؟).

14. حسونة، أمل محمد(2007)، **المهارات الأجتماعية لطفل الروضة، الطبعة الأولى**، الجيزة. الدار العالمية للنشر والتوزيع، المكان (؟).

15. خضر، فخري رشيد(2006)، **طرائق تدريس الدراسات الأجتماعية**، دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان.

16. الخليفة، حسن جعفر ( 2003)، **المنهج المدرسي المفهوم الأسس المكونات التنظيمات**، مكتبة الرشد ناشرون، الرياض.

17. خميس، محمد عطية(2003)، **تطور تكنولوجيا التعليم، دار قباء للنشر والتوزيع**، القاهرة.

18. داود، عبد الباري محمد(٢٠٠٥)**التنشئة السياسية للطفل، مطبعة الجلاء**، الإسكندرية.

19. الدليمي، خلف حسن (2007)، **الأتجاهات الحديثة في البحث العلمي الجغرافي،** دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

20. الديب، فتحى و اخرون (١٩٧٧)، **تدريس العلوم والتربية العلمية**، دار المعارف للنشر والتوزيع، القاهرة.

21. راشد، عهلى(٢٠٠١)، **تنميه قدرات الابتكار لدى الاطفال** ، بلا ( العدد)، دارالفكر العربى، القاهرة.

22. رمزى، احمد عبدالحى (٢٠٠٦)، **التخطيط التربوي ماهيته ومبرراتة وأسسه،** دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الأولى، الأسكندريه.

23. الروسان،فاروق(١٩٩٩ )، **اساليب القياس و التشخيص في التربية الخاصة** ، دار الفكر للطباعة ،عمان.

24. الزيادات، ماهر و اخرون(2010)، **الدراسات الاجتماعية طبيعتها وطرائق تعليمها و تعلمها**، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان.

25. زيتون، حسن حسين( ٢٠٠١ )، **تصميم التدريس رؤية مية** ، الطبعة الثانية ، القاهرة.

26. سرايا، عادل(2007)، **التصميم التعليمى والتعليم ذو المعنى،** دار وائل للطباعة والنشر والتوزيع، المكان (؟).

27. السروجى، طلعت مصطفى و اخرون. (2001)، **التنمية الأجتماعية المثال والواقع، نشر وتوزيع الكتاب الجامعة**، جامعة حلوان. المكان (؟).

28. سلامة، شاش سهير محمد(2015) **تنمية المهارات الحياتية والأجتماعية لذوي إحتياجات الخاصة**، الطبعة الأولى، مكتبة زهراء الشرق، القاهرة.

29. سمارة ،عزيز و اخرون(١٩٨٩)، **مبادى القياس والتقويم فى التربية** ،دار الفكر للنشر والتوزيع ،عمان.

30. السميرى، لطيفة صالح (1997)، **النماذج في بناء المناهج**، الطبعة الأولى، دار عالم الكتب للنشر والتوزيع، الرياض.

31. سيد عبد الله، معتز(2000)، **علم النفس الاجتماعي**، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

32. السيد، عبدالحليم و محمود و اخرون (٢٠٠٤)، **علم النفس الأجتماعى المعاصر**، ايتراك للطباعة والنشر، الطبعه الثانيه، القاهره.

33. شاهين، عبد الحميد حسن (٢٠١٠)، **تصميم المناهج**، كلية التربية بدمنهور ، جامعة الإسكندرية.

34. شحاتة، حسن و اخرون (2003). **معجم التربوية والنفسية**، الطبعة الأولى، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.

35. صالح، أحمد زكى (١٩٧٢)، **علم النفس التربوى**، مكتبه النهضة المصرية، القاهرة.

36. الصالح، ندى بنت جهاد(2020)، **أهمية التدرب على مهارات التصميم التعليمي في تعزيز الكفايات التعليمية من وجهة نظر الطالبات المعلمات، الجامعة الأردنية** - عمادة البحث العلمي، الأردن.

37. عامر، طارق عبدالروف(2008)، **معلمة رياض الاطفال اعدادها –ادوارها – مهارتها، الطبعة الأولى**، موسسة للنش رو التوزيع، عمان .

38. عبدالحميد، محمد ابراهيم و اخرون ( ؟). **الأنشطة الفنية كمدخل لتنمية بعض المهارات الجغرافية لدى طفل الروضة**، جامعة بور سعيد، المكان (؟).

39. عبدالرحيم، جوزال(1981)، **نحو اسلوك الشخصى الاجتماعى الطفل الروضة فى ضوع الانشطة التضفة بخطة العمل بوزراة اتربية و التعليم**، جامعة العين الشمس، رسالة ماستر غير منشورة .

40. عبدالله الحاورى، محمد و اخرون(2016)، **مقدمة في علم المناهج التربوية**، الطبعة الأولى، الجمهورية اليمنية صنعاء، يمن.

41. عبدالله، سامي محمود و اخرون ( ٢٠٠٣ )، **المناهج الدراسية أسس بنائها وتطويرها** ، كلية التربية و جامعة الأزهر.

42. عزيز، خيرى (1983)، **قضايا التنمية والتحديث في الوطن العربي**، دار الأفاق الجديدة، بيروت.

43. غالب، حنا(١٩٧٠)، **مواد وطرائق التعليم**، دار الكتاب اللبنانى، بيروت.

44. فارس ،عصام(2006)، **رياض الاطفال،**الطبعة الأولى، دار اسامة للنشر و التوزيع .

45. قطامى، يوسف محمود(٢٠١٤)، **النمو الانفعالى والجتماعى لطفل الروضه**، دار المسيره للنشر والتوزيع، الأردن.

46. الكردى، محمود(1977)،**التخطيط للتنمية الأجتماعية دراسة التجربة التخطيط الإقليمي في أسوان**، دار المعارف، القاهرة.

47. كوجك، كوثر حسين (2006)، **اتجاهات حديثة فى المناهج و طرق التدريس،** الطبعة الثالثة، عالم الكتب، القاهرة.

48. الكبيسى ،مجيد (٢٠٠٨)،**علم نفس عام ، الطبعة الأولى**،دار السكندى، المكان (؟).

49. القانى، أحمد حسين (2002) **المناهج بين النظرية والتطبيق**، الطبعة الرابعة، علم الكتب، المكان (؟).

50. محجوب، عباس (1987)، **أصول الفكر التربوى في الإسلام**، الطبعة الأولى، المكان (؟).

51. محمد الطيب، أحمد (١٩٩٩)، **التخطيط التربوى، المكتب الجامعى الحديث،** الطبعة الأولى، الأسكندرية.

52. محمد، الموجود محمد (1981)، **أساسيات المنهج وتنظيماته**، دار لثقافة للطباعة والنشر، القاهرة.

53. محمد، جاسم محمد(2004)، **نمو الطفولة فى رياض الاطفال**، الطبعة الأولى، مكتبة دار الثقافة و التوزيع، عمان- الاردن .

54. محمد، عادل عبدالله(2003)، **تعديل السلوك للأطفال المتخلفين عقليا باستخدام جداولالنشاط الصورة (دراسة تطبيقية)،** دار الرشاد، القاهرة.

55. محمد، محمد و اخرون (١٩٩١)،**الطرائق التدريس العامة**، الطبعة الأولى، جامعة موصل.

56. محمود، على عبدالحليم(1322هـ)، **التربية الأجتماعية في الإسلامية**، دار التوزيع والنشر الإسلامية، القاهرة- مصر.

57. مدكور، على أحمد (2001)، **مناهج التربية أسسها وتطبيقها**، دار الفكر العربى، القاهرة.

58. مرسى، محمد عبدالحليم (1985)، **المعلم والمناهج وطرق التدريس**، عالم الكتب، الرياض.

59. مرسي، سعد (1985)، **تطور الفكر التربوي**، عالم الكتب، القاهرة.

60. مرعى، توفيق أحمد و اخرون (٢٠٠١)، **المناهج التربوية الحديثة (مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها)،** الطبعة الثانية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

61. معتوف، محمد عبدالقادر ( ١٩٨٦ )، **النمو و الطفولة فى رياض الاطفال**، الطبعة الأولى، دار الكتب الوطنية، بنغازى .

62. موسى، سعدي لفتة (2001)، **طرائق وتقنيات تدريس الفنون**، مطبعة السعدون، بغداد.

63. ناشف، هدى (٢٠٠١)، **الأسرة وتربية الطفل**، الطبعة الأولى ، دار الفكر، دمشق

64. النبهان، موسي(٢٠٠٤)، **اساسيات القياس في العلوم السلوكية** ، الطبعة الأولى ،دار الشروق للنشر والتوزيع ،عمان.

65. هندام، يحيى حداد و اخرون (١٩٧٨)، **المناهج، أسسها، تخطيطها، تقويمها،** الطبعة الأولى، دار النهضة العربيه، القاهره.

66. والي، عبدالهادي(1982)، **التنمية الأجتماعية مدخل لدراسة المفهومات الساسية**، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية.

67. يوسف، سليمان عبدالواحد(٢٠١٠)، **الذكاءات المتعددة، المكتبة العصرية**، المنصورة.

**ب. فەرهەنگ**

68. شحاتة، حسن و اخرون (2003)، **معجم التربوية والنفسية**، الطبعة الأولى، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.

**ب. نامەی ئەکادیمی.**

69. الحميضى، أحمد بن على بن عبدالله(2004)، **فعالية برنامج سلوكى لتنمية بعض المهارات الأجتماعية لدى لمينة من الأطفال المختلفين عقليا القابلين للتعلم،** رسالة ماجستير، جامعة تايف العربية للعلوم الأمنية.

70. خضر، أبو منصور حنان(2011)، **الحاسية الإنفعالية وعلاقتها بالمهارات الإجتماعية لدى المعاقين سمعا في محافظات غزة،** رسالة ماجستيرغير منشورة، كلية التربية، الجامعة الإسلامية، غزة

